# سیاسەتی جینۆساید و کورد قڕان



نوسینی : ڕەشید کەرکوکی

٢٠٢٣

سیاسەتی جینۆساید و کورد قڕان ڕەشید کەرکوکی ٢٠٢٣

# سیاسەتی جینۆساید

# وکورد قڕان

نوسینی

ڕەشید کەرکوکی

کەرکوک ..................... ٢٠٢٣

ناوی کتێب : سیاسەتی جینۆساید وکورد قڕان

بابەت : لێکۆڵینەوە
نووسەر : ڕەشید کەرکووکی
پیتچنین : نووسەر
دیزاین : ئەحمەد عومەر خۆشناوەتی
پێداچوونەوە و هەڵەچنین : عەلی شێخ عومەر
چاپخانە : چاپخانەی ئاڤێستا – کەرکوک
نۆبەتی چاپ : چاپی یەکەم
ساڵی چاپ : ٢٠٢٣
شوێنی چاپ : کەرکوک
ژمارەی سپاردنی ( ٧٨٤ ) خانەی کتێب و بەڵگەنامەکان لە بەغدا بۆ ساڵی ٢٠٢٣ پێدراوە

# پێشکەشە

بەهەموو ئەو کەسانەی لەپێناوی مرۆڤایەتی تێدەکۆشن

بەهەموو قوربانیانی سیاسەتی جینۆساید

# پێش چاو

کردەی نووسین، کۆکردنەوەی بەڵگەنامەی مێژوویی، کارێکی سانا نییە، بەتایبەت گەر لەسەر بابەتێك بێت، کە لە مێژووی کۆن و تازەدا، بە جیاوازی سەردەمە جیاوازەکاندا، هەر جارەو بە جۆرێك،

بە شێوازێکی نەرێنی قێزەوەن باڵدەکێشێتە سەر ئایندەو خەونی مرۆڤایەتی، لەهەر قۆناغێکدا جێکەوتی دۆزەخێ لە بەهەشتی ژیانی گەلانی بندەستدا، فەراهەمدەکات، لە لێکچواندنێکدا، بەهەشت بە دۆزەخ دەچوێنێ، ژیان بەمەرگ، زۆردار ژیان وەك مەرگ تەماشا دەکات، کۆتاو مەرگ بە سەرەتای ژیانی خۆی دەبینێ، ژیانی ئەوی دی بە هەڕەشە دەزانێ، مانەوەو بەرگری ئەوی بەرامبەر، بە لەنێوچوونی خۆی دەزانێ، لە دەروازە ڕەشەکەی مێژووەوە، جەلاد، قوربانی بە گەمەیەکی خۆی دەزانێ، لەزەت وشانازی بە لەنێوچوونیان دەکات، کاتێ مرۆڤ چاوپۆشی لە فەرهەنگی کۆمەڵکوژی دەکات، خۆی لە کردەی جینۆساید و ئەنفالی گەلی کورد، کەڕدەکات، ئیترچیتر لەتەك دنیای مرۆییدا یەکنایەتەوە، وەك مرۆڤ لە نامۆبوونێکدا بەهای خۆی دەدۆڕێنێ، سیاسەت و مەرگ دەکاتە دوو دیوی یەك بابەت و سەرچاوە، بێدەنگبوون لە ئەنفال و جینۆساید، فاکتەرێکە، هەموو مانایەك بەهای مرۆڤ بپارێزی، پابەندبێ بە جوانی ژیانی خەڵکەوە، هەر هەمووی بەتاڵدەکات، کورد کە لە کردەی ئەنفال بێدەنگ و بێ هەڵوێست بێت، ئیتر بە چ بەهانەیەك، بە چ تێزو ڕێسایەك داوای مافی ڕوای نەتەوەیی خۆیدەکات، گووتاری دەسەلأتی سیاسی کورد، چەند لە دواخستنی ماف و داوا ڕەواکانی خەمساردبێت، ناتوانێت تابلۆی تراژیدیا داپۆشێت، یادکردنەوەی ئەنفال و جینۆسایدی بەردەوام، لە هەر چوارپارچەی گەلی کوردستان دا، ڕابردوویەك نییە، بەڵکو لە ناسنامەو کەسایەتی کورد دا، بووەتە بەشێکی دانەبڕاو، جێکەوتێکە لەنێو هەر تاکێکی کورد دا ڕەنگیداوەتەوە،

بارێكی دەروونی ئاڵۆزی خوڵقاندووە، لە بەرامبەر ژیان دا پاشەكشێكە، مەرگی ئاوێتەی ویژدانكردووە، ئەنفال كەرەستەیەك نییە، بۆ دەسكەوتی سیاسی خۆی دەسەلاٚت، دروشم داتاشێ، تەنیا لە ڕاگەیاند دا بانگەشەی بۆ بكات، كاری دروست و ڕەهەندی یاسایی بەهێزی دەوێت، هەر میللەتێك وەك كوردو ئێزیدیەكان، كارەساتی ترسناك و كۆمەڵكوژی چەند بارەی بەسەردا بێت، بۆ گەشبینی، هیچ هاندەرێكی ڕاستەقینەی نامێنێ بۆ سەقامگیریی و دڵنەوایی، ئەركی دەسەلاٚتی كوردی، دەبێ دوور لە دەروشانەوەی سۆز دەبێت شتێكی ئەقلاٚنی گەورەتر بكات، تێڕوانینمان بۆ ژیان بگۆڕێت، دەبێت تاكی كورد پشت بە پێگەی خۆی ببەستێ، لە چاویلكەی ڕابردووەوە ئاگاداری ڕەنگی ئێستا بێت، ئەم كتێبە بچووكەی بەردەستان، پردێكە، دەتوانێ بە چڕی و كورتبڕی هەنگاوی بنێت، لە شەش پاژدا دەستو پەنجە لەتەك بنەماكانی مێژووی جینۆسایدا نەرمبكات، هەر لە سەردەمی ئاشوورییەكانەوە مێژوویەك دەگێڕێتەوە، ئینجا ئاماژە بە ئەڵمانییەكان دەكات، ڕۆڵی نەرێنی زانستیش ڕەچاودەكات، چۆن خزمەتی چەكی كۆمەڵكوژیانكردووە، لە شوێنێكی تردا، بە بەڵگەی دیكۆمنتاری، باسی داگیركردنی كوردستان و جینۆسایدەكات، قڕكردنی ئێزیدیەكانیش لە بیرناكات، لە كۆتا تۆژینەوەكەیدا، ئاماژە بە حیزبی بەعسدەكات، چۆن بە پلانێكی تۆكمەو داڕێژراو دا، بە بەرنامە پڕۆسەی ئەنفال و كوردقڕانیان ئەنجامدا، ئەم نووسینە كورتەیەكی مێژووە، خۆی لە قەرەی ڕاڤەو بە دواچوونی چەمكە فەلسەفییەكان بەدوور گرتووە، دەرخەی ڕاساندنێكە، شایستەی

خوێندنەوەیەکە، وەرگر دەتوانێ لەنێویدا جێنشینبێت، کاریگەری و تێڕوانینی خۆی تێدا ڕەتووشبکات، لە چوارچێوەیەکدا سنووری پرسیارێ دروستبکات، وەلاّمێکی نارەزایی بشکێنێت، تاکەی بەمجۆرە، دەبینە پڕۆژەی کوشتن وبڕین، لەژێر ناوو دڕوشمی جیاوازدا پێشبڕکێ لەنێوچوون، بە ڕوونی، لەنێو بێدەنگی گێتیی و جیهان دا ،دەنگمان کپدەکرێت، ڕەنگمان، سیماو و ڕووخسارمان لێڵ دەکرێ.

**عەلی شێخ عومەر**

**کەرکووك نەورۆزی ٢٠٢٣**

# سیاسەتی جینۆساید وکورد قڕان

## بەشی یەکەم

### باس کردنێکی مێژوویی

دەڵـێن ڕۆژێکیـان گیانلەبـەرانی سـەرزەوی کەلەخـەو هەسـتان وچـاویان کـردەوە. گیـان لەبـەرێکی سـەیری تازەیـان بینیـەوە. بەلایانـەوە نـامۆبوو. ویسـتیان ئاشـنابن. تالەگەڵیـدا ژیـان بەسـەربەرن. بـەڵام مخـابن ئـەو گیانلەبـەرە نوێیـە نیـازی خراپبـوو . کەوتـە ناویـان وبەڕاسـت وچـەپدا دەسـتی لێنەدەپاراسـتن ولێیدەکوشـتن.ئەوانیش ناچـاربوون ، بڕیاریـان دا لەدەسـتی هـەڵبێن ولێیدووربکەونـەوە. کـاتێکیش ئەمـە ڕوویـدا ئـەو گیانلەبـەرە بەتـەنها مایـەوە. دواتـر چـی ڕوویـدا؟ ئـەو بوونـەوەرە بەکوشـتن و ڕاونـان کەوتـە گیـانی هاوڕەگـەزەکانی خـۆی. ئـەو گیانلەبەرەش مرۆڤە.

کەچـی مـرۆڤ عـاقڵترین گیانلەبـەری سـەر زەوییـە . هـیچ گیانلەبـەرێك هێنـدەی مـرۆڤ هاوڕەگـەزەکانی خـۆی نەکوشـتووە. دەگـەڵ ئـەوەی عـەقڵی گەشە دەکات ، بەڵام ویژدانی لەجێ ی خۆی ماوەتەوە.

بەدرێـژایی مێـژوو لـەترس و دڵەڕاوکێـدا ژیـاوە. چـەند ئـەو ترسـانە دەرهاویشتـەی دیـاردە سروشـتییەکانن، ئەوەنـدە زیـاتر دەرهاویشـتەی ڕەفتاروهەڵسـەکەوتەکانی خـودی مرۆڤـە. بۆیـە دەبیـنین بـەردەوام لەشـەڕێکی درێژخایـەن دان . تـا ئێسـتاش بەردەوامە.تـەنها خۆپەرسـتی هـۆی سـەرهەڵدانی ئـەم تـرس ودڵـەڕاوکێ وجـەنگ وکوشـتارانەیە. ئـەم خۆپەرسـتییە لـەناخی مرۆڤـدا هـەوێنی هەیـە وهەمیشـەتازە دەبێتـەوە. ئەمـەش مـرۆڤ دەخاتـە خولیـای پـەلاماردان وپێشـێلکردنی مـافی خـەڵکانی تـر ، بەتایبـەتی کاتێـك هەسـت بـەلاوازی وبێدەسـەڵاتی بەرامبەرەکـەی دەکـات. ئـەم هەڵوێسـتە لـەپێناوی بەدەسـتهێنانی چـەند دەسـکەوتێکی مـادی ومەعنەویـە. ئاسـتی دڕنـدەیی مـرۆڤ دەکەوێتـە سـەر ڕادەی ئـەو

خۆپەرستیەی لەناخیدا تەشەنەدەکات. ڕادەستی دەبێت. لەسەر حسابی بەرامبەر، ئارەزو و ویستە تایبەتیەکانی خۆی دەخاتە گەڕ ، کەزۆر جار نەك هەر شتەکان زەوت دەکات ، بەڵکو خاوەن شتەکانیش دەکوژێت. دەترسێ لەدەرفەتێکدا لێی بسەنێتەوە. تۆڵەی خۆی بکاتەوە.

ئەم ڕەفتارە خۆپەرستییە دەکرێ لەخانەی عاقڵانەی مرۆڤانە دەربچێت و بچێتە خانەی ناعاقڵانەی دڕندانەوە. ئەم خۆپەرستی یە ئاکامێك بۆ زەوتکردن وقۆرخ وکۆنترۆڵ کردن، دەخاتەڕوو، کەوا هیچ سۆز وبەزەیی لەدەرونی مرۆڤدا ناهێڵێت ، خۆی لەواتەی بەرامبەر زۆر بەگرنگتر دادەنێت . بوار بە ڕەخنەو ڕاوێژ و بەرگری کردنیش نادات. هەموو دیکتاتۆرەکان لەم کەسایەتیە ترسنۆك و خۆپەرستانەن. گەلێك جار ، دیکتاتۆرەکان لەناو خێزانەکانی خۆشیاندا ، هێندە خۆپەرستن دەبنە پێکهاتەیەکی دڵڕەق . تەنانەت بەخوێنی کوڕو نەوەکانی خۆیان دەستیان سوور دەبێت. کورسی دەسەڵات تەنها بەخۆیان ڕەوا دەبینن . کاتێك هەست وگومان دەکەن کوڕەکانیان ، نەوەکانیان، ململانێیان دەکەن وبەنیازن دۆست ولایەنگر بۆ خۆیان زیاد بکەن. دەیانەوێت لەبەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا ئەسپی خۆیان تاوبدەن. ئەم کردەیەش بەزەنگی خەتەری دادەنێن . بێ سڵەمینەوەوبێ بەزەییانە هەڵدەستن بەکوشتنیان. لەو خۆپەرستانە( قوستەنتین ، ئیڤانی تۆقێنەر، سلێمانی قانونی، فیلیپی دووهەم، بوترسی گەورەوسەرجان پاشا)

ئەم جۆرە کەسایەتیانە، جاری واهەبووەبەپێی تەفسیری خەونێك کەکوڕەکەی تەختی پاشایی لێداگیر دەکات ، کوڕەکەی خۆی کوشتووە

ولـەناوی بـردووە. تەنانـەت هەنـدێ سەرچـاوە دەڵێـت ( یـەزدگورد) خـەوی دی بـوو. بۆیـان لێکداوەتـەوە نەوەیـەکی خـۆ ی دەیکوژێـت وولآتەکـەی داگـیر دەکـات . بـووکی خـۆی هەریـەکێکیان نیشـانەی سـکپڕی هـەبوو ، کوشتوویەتی.

هـەر خۆپەرسـتییە دەگاتـە ڕادەی دڕندایـەتی ، هەوڵـەکانی مـرۆڤ ئەگـە تـەنها بـۆ خـودی خـۆی بێـت مەترسـی گـەورە دێنێتـە ئـاراوە. بـەلآم گـەورەیی مـرۆڤ لەوەدایـە کـە هەوڵـدەدات ژیـانی خـۆی چـاکبکات وژیـانی نـەوەکانی دوای خـۆی لـە ژیـانی خـۆی چـاکتربکات. ئەمەیـە مرۆڤایـەتی . زۆرن ئەوانـەی هـەوڵیان داوەهـەموو جیهـان بۆخۆیـان بێـت .دەسـەلآتیان ڕەهـا وبێسـنوور بـێ . گشـت شـوێنێك بگرێتـەوە. لـەم پێنـاوەدا، هـەوڵ و مەبەسـت وئامـانجی جۆراوجۆریـان داوە گەیشـتوەتە ڕادەی جـەنگی گـەورە گـەورە و درێـژخایان. لەوانـە بانگـەواز بەشـێوازی جـۆراو جـۆرو هەمەچەشـنە سـەریان هەڵـداوە. وەکـو ئەسـکەندەری مەکـەدۆنی، ئـەتێلا و هۆلاکۆ وهتد.

کاتێـك خۆویسـتی وخۆپەرسـتی ڕۆدەچـێتە نێونـاخی نەتـەوە، چـین ، کۆمـەڵ و گروپێکـەوە، لەشـێوەی بیروباوەڕوئایـدیۆلۆژیا و ئـاین و فەلسـەفەی نەتەوایـەتی بەرجەسـتە دەبێـت . ئەوکاتـە ئەودەسـتەو تاقمـە، ئـەو چـین وکۆمەڵـە ، ئـەو گـەل ونەتەوەیـە، بـواری بەرامبـەر نـادەن، دەبـن بـەهێزێکی هەماهـەنگ بەڕەفتاروهەڵوێسـتی دوژمنکارانـە. هەرهـەوڵی داسـەپاندنی بیروبۆچـونەکانی خۆیـان دەدەن. ئـەوانی تـر بەپلـە دوو دادەنـێن. مـاف بـەخۆیان دەدەن بیانتوێننـەوە . هـەر بەرپەرچـدانەوەو بـەرگری لـەخۆ کردنێـك بەلەیاسـا دەرچـوون هـەژماری دەکـەن. ئـەم

تێڕوانینــه ، پــەیڕەو کردنـــی لەســەردەمی ئاینــەکان وئایدیۆلۆژیەکانــدا ، بەئاشـــکرا دەردەکـــەوێت. چــونکە هەرپەیامبـــەرەو هـــەر ئاینێـــك خـــۆی بەڕاستتر دەزانێت . دەڵێت ، تەنها من نوێنەری ئاسمانم .

لەتەوراتـــدا گـــەلی ئیســـرائیل دەســـتەبژێری خوایـــە. کەواتـــە ڕەخنـــە لەهەڵبژاردەی خوا ناگیرێت ودەبێت هەمووان بچنە ژێر سایەیەوە.

لەقورئانیشـــدا، ئـــاینی ئیســـلام دوائـــاینی هـــەموو مرۆڤەکانـــە. دەبـــێ ئاینــەکانی تــریش بچــنە ژێــر چــەتری ئــەوەوە. ئــەگینا کــافرو هەڵگــەڕاوە، کوشـــتنیان بـــەڕەوا دەبینرێـــت. مارکســـیەکان تـــەنها چـــینی کرێکـــار بەســـەروەری گشـــت کۆمـــەڵ دەزانـــن .وەدەبێـــت هـــەموو کۆمـــەڵ بچـــنەژێر سایەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاوە.

لــەو قۆناغــەی پێشــکەوتنی کۆمەلأیــەتی دا، ڕەگــەز پەرســتی زۆر تەشــەنەی کــردووە. وەك دیاردەیـــەك کۆمـــەڵی مرۆڤایـــەتی ، جیهـــانی گرتوەتـــەوە. کوشــتاری زۆر وجــەنگی گــەورەی خســتەوە. بەهــەزاران مرۆڤــی بــێ تــاوان تیایدا ڕووبەڕووی مەرگ ولەناچوون بوونەوە.

چــەندین ســەرکردەی بــێ بــەزەیی ، دڕنــدە پەیــدابوون ، کــە هــەڵگری یــەك لــەو بیروبــاوەڕە فاشیســتیانە بــوون. هــیچ مــافێکی بەرامبــەرەکانیان بــەڕەوا نەدەبینی .

چــی وا لــە ســپی پێســتێك دەکــات کــە لــەقۆناغێکی مرۆڤایــەتی دا لــە هــەر شــوێنێك مرۆڤێکــی ڕەش پێســتی تــوش هــات یەکســەر بیکــات بەکۆیلــەی خــۆی ، یـــان بیرفـــێنێ ، یـــان بیـــدزێ ویـــان بیکـــڕێ. ئـــەو مافـــەی پێدراوە.چـــونکە ئـــەوە کۆمەڵگایـــە ئەگـــەر ئـــەو مرۆڤـــە بەســـتەزمانە

بەربـەرەکانی کـرد بیکوژێـت . کەسـێك نیـە، یاسـایەك نیـە سـزای بـدات. ئـەو بیروبـاوەڕەی بـۆ جـۆش داوە، وهـەلی بـۆ ڕەخساندوە.پشتیوانیشـی لـێ کـردووە ئـەو کۆمەڵـەی ئـەم تیایـدا دەژی، بـەم جـۆرە بیردەکاتـەوە. بـەم جـۆرەش ئـەم تێیـدا پـەروەردە بـووە. درێـژە بـەم بـیرو بـاوەڕە دەدات. بۆیـە دەتـوانین یلـێین هـیچ جـەنگێك ڕوونـادات ، هـیچ کوشـتارو تالآنیـەك ناکرێـت ، ئەگـەر سـەرکردەکان لـە خولگـەی خۆپەرسـتی وگروپـەکان لـە خولگـەی ڕەگەزپەرسـتی نەخولێنـەوە. هـەرکاتێك ئـەو خولگانـە بـۆ مرۆڤایـەتی یـەکیان لـەباوەش گـرت ئـەوا هـەموو کێشـەو ململانێکـان خـاو دەبنـەوە. بەدایـەلۆگی شارسـتانیانە چارەسـەر دەکـرێن. دەستکەوتەکانیش بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی دەبێت.

مـرۆڤ لەسـەرەتای ژیانیـدا ، هـەوڵ دەدات خـواردنی ئـەو ڕۆژە مسـۆگەربکات کـە تیایـدا دەژی. پاشـتر بـۆ دابـین کردنـی خـواردنی داهـاتووی کەوتـە بیرکردنـەوە، لـەوەش تێپـەڕی ، لـەم پێنـاوەدا هاوڕەگەزەکانی خۆیشی داگیر کرد. وەکردنی بەکۆیلە.

لـەم قۆناخـەدا بـۆ داگیرکردنـی دەورووپشـتی بـازی دوورتـری دا. بگـرە هـەموو زەوی بـە دانیشـتوانیەوە داگـیر بکـات. بـەم هۆکـارەش بـەدەیان هـەزارو بـەملیۆن مرۆڤـی سـەربڕی . هێنـدەی تریشـی ئـاوارەی کـەژو کێـو ودەشـت ودەر کـرد. چـەندین نەتـەوە نـەیانتوانی بـەهۆی ئـەو هێـرش وپەلامارانـەی کەبەسـەریاندا سـەپێندرا، لەبـەر زۆری ئـەو کوشـت وبڕانـەی کـەلێیان کـرا ، درێـژە بەشارسـتنانیەتی خۆیـان بـدەن . لەمێـژوودا تـەنها ناوەکانیان وهەندێك شوێنەواریان ماوەتەوە. ئەودوایان لەناوچوون.

ئەوانــەی  لەترســی لەنێوچــوون ،  توانیــان بــەرەنگاری هێــرش وپــەلاماری درِندانـــــەی دەوروپشـــــتیان ببنـــــەوە. چـــــەندین رِێگایـــــان گرتەبـــــەر. لەدەرئەنجامــدا توانیــان بــوونی خۆیــان بپــارێزن. وپەرەبــە درێژەپێــدانی کۆمەلأیەتی بدەن وسەری خۆیان ونەوەکانی دوای خۆیان بکرِنەوە.

لەبەرەبـــەیانی مێـــژووەوە کەجـــەنگ لـــەنێوان گەلـــەجیاوازەکان ســـەری هەلّـــداوە ، لـــــەپێناوی فراوانخـــوازی وکۆیلـــەکردن وبەدەســـــتهێنانی دەستکەوت وبەرژەوەندی زۆر و دەولّەمەندبوون ودەسەلأتدا بووە.

جـــەنگ لـــەم ســـەردەمانەدا، ســـنوری گۆرِەپـــانی جـــەنگی دەبەزانـــد ، دەپەرِیــەوە بــۆ ناوشــارومالّ و خێزانــەکان. هــیچ یاســایەك نــەبووە رِێگربێــت ودەســەلأتی هــەبێت لەنەهێشــتنی دەســت درێــژی  بۆســەر خــەلّکی بــێ چــەك وبەشدارنەبوو لەشەرِ.

کــاتی شکســت بــۆ تۆلّەســەندنەوە، ئۆبالّیــان دەخســتە ســەر خــەلّکی بــێ تـــاوان  .  خـــەلّکی ناوچـــەکە دەکەوتنـــە بـــەر هەرِەشـــەی  کوشـــتن ولەناوچـــوون. وەنـــەبێ تـــەنها جـــەنگاوەرە بـــەزیوەکان  کەبەشـــدارییان کــردووە مەترســی کوشــتنیان لەســەر بووبێــت . بــەلّکو لەهــەمان کاتیشــدا خــەلّکی بــێ چــەك هــەمان هەرِەشــەیان لەســەر بــووە. بــە ژن ومنــدالّ و پەککەوتەشەوە.

لەچـــاخە کۆنەکانـــدا  سیســـــتەمی کۆیلایـــەتی  بـــاوبووە، دەولّـــەت وئیمپراتۆریـــەتی زەبـــەلاحی کۆیلـــەداری پەیـــدابووە.  لـــەبواری ســـەربازیدا زیــاتر پــەرە   بەشارســتانیەتیان دەدا.  لــەپالّ بوارەکــانی تــردا . ئەمــە بــەو پێیـــەی کـــەهێزی ســـەربازی دەتوانێـــت گـــرەنتی مانـــەوەو پێشـــکەوتنی بوارەکـــانی تـــری شارســـتانیەت بپارێزێـــت . وەفەراهـــەمیبکات. بـــواری

بيناسازی لەپاڵ هونەری شەڕدا ، هەوڵی زۆری بۆ تەرخان کرا. چونكمه لەڕووی هێرش وبەرگریەوە مانەوەی گەلەکان بەند بوو بەتوانای سەربازیەوە. پاشان بوارەکانی ئابوری وپزیشکی وهونەری وفەرهەنگی وئەوانی تردەگرێتەوە . قەلا سەخت وقایمەکان ، شورای بەرزو بڵندەکان ، منارەکانی پاسەوانی گەواهی ئەو ڕاستییانەن.لەبەر ئەوەی کۆمەڵگا هەمیشە لەمەترسی وپەلاماردانەدا بووە. ناچاربووە پێشتر ڕێگاو جێگای باش دابین بکات.

گەشەنەکردنی چەمکی مافی مرۆڤ ودڕندەیی قۆناغەکە، لەئاستێك دا بووە کەمرۆڤ وەك کالآیەك تەماشاکراوەولەبازاڕەکاندا نمایش کراوەوکڕین و فرۆشتنی پێوەکراوە. بۆ بەدەستهێنانی کۆیلەی زیاتر لەپێناوی فرۆشتنی، یاخود کارپێ کردنی گەلەکان . جەنگی گەورە گەورەیان لەنێواندا بەرپابووە. لەو جەنگانەدا دەستیان لەکەس نەپاراستووە. هەرشارێك داگیربکرایە، بەشی زۆری پیاوان جەنگاوەر بوون دەکوژران ، یان بەدیل دەگیران . ژن ومنداڵەکانیشیان بەپلەی یەکەم دەڕفێنران ودەکران بەکۆیلەوبازرگانیان پێوە دەکرا.

هەر گەلێك لەکاتی شەڕدا دوو ڕێگای لەپێش دا بووە، جەنگین لەپێناوی مانەوە، یاخود شکست وخۆبەدەستەوەدان. ئەمەشیان واتە بەکۆیلەبوون و توانەوەولەناوچوون.

هەربۆیە دەبینین جەنگەکان هێندە دڕندانە بوون ، وەهێندە بێ بەزەییانە بەڕێوەدەچوون. بستێ خاکی گۆڕەپانی جەنگ نەدەما کەلەخوێندا سوور نەبێت. هەموو تواناکان لەو جەنگانەدا بەکار دەهێنران، لەپێناوی مانەوەدا شەڕەکان شەڕی مان ونەمان بوون.

لەهـــەموو جەنگەکانـــدا تۆڵـــە ســـەندنەوەزۆر توندوتیـــژبووە. زامـــەکان زۆر قـــوڵ بـــوون. درِنـــدەیی ودەســـت نەپاراســـتن ، وەك هێمایـــەکی ئازایـــەتی تەماشـا کـراوە. تەنانـەت ئەگـەر لەگـەڵ خـەڵکی بـێ چـەك وژن ومنـداڵیش پـــەیڕەو بکرایـــە ، شـــەرمەزاری تێـــدا بـــووە. لەبـــەر ئـــەوەی جـــەنگ یاســـای نـــەبووە تـــا پیادەبکرێـــت. وەخـــەڵکی بێتـــاوان بپارێزرێـــت. زۆرجـــار تـــەواوی دانیشـــتوانی شـــارێك ســـەربڕاون وســـوتێراون. لـــەو جەنگانـــەدا هـــەوڵی لـــەناوبردنی یـــەکجارەکی ولەڕیشـــە دەرهێنـــانی گـــەلانی جـــەنگاوەر دراوە. کـاربۆ ئـەوە کـراوە ، نـاوی ئـەو گەلـە کوێربکەنـەوە . جگـە لـەداگیرکردنی ناوچـەکەیان وکوشـتنی نێرینـەو بـەدیل گـرتنی ئـەوانی تـر لـەژن ومنـداڵ، بـــەجۆرێك پەرتـــەوازە کـــراون وەك ئـــاردی نـــاو دڕکیـــان لـــێ کـــردوون. فەرهـــەنگ وشارســـتانیەتیان لـــەنێو بـــراوە. لـــەناو چـــەند کۆمەڵێکـــدا بزریـــان کـردوون نەیانهێشـتووە. هـەر بابـەت وکەرەسـتەیەك بوونیـان بسـەلمێنێت . تابـەپێی ڕۆژگـار لەبیرنـەماون و لەبیرچـونەتەوە گـەلێك لـەو شـوێنە ژیـاوە. ئەگـــەر وەك نمونەیـــەك لەشـــەڕی تـــەروادە ورد بینـــەوە ، لەســـەرەتادا ، دەبیـــنین بـــۆ مـــاوەی ١٠ســـاڵ ئـــەو شـــارە لەلایـــەن دوژمنەکانیـــەوە ئابلۆقـــە درا. ڕێگـــای هـــات وچـــۆو پەیوەنـــدی کردنیـــان لـــێ گـــیرا. تـــا نـــەتوانن پێداویســـتی یـــەکانیان دابـــین بکـــەن. ناچـــاربن خۆیـــان بەدەســـتەوەبدەن. بـــەلام دانیشـــتوانی شـــارەکە لـــەوە گەیشـــتبوون خۆبەدەســـتەوەدان واتەکۆیلـەبوون ولەنێوچـوونە. هەرلەبـەر ئـەو ئاکامـە گرنگـە درێـژەیان بەبەرگریکردنـدا، بـەلام کاتێـك بـەپیلانێك تـوانرا بەپەسـپە بەناوبانگەکـەی تـــەروادە بچـــنە نـــاو شـــارەکەوە ، دەروازەی قـــەلا بـــۆ جـــەنگاوەرەکان کرایـــەوە . پیاوەکـــانی شـــارەکە ،جـــەنگاوەر بـــوون کـــوژران، ژن ومنداڵەکانیشیان دەستیان بەسەردا گیرا.

هەڵبەتـــە کوشـــتنی پیـــاوان، گـــەنج وبـــەتواناکان، هـــەرە زۆرینـــەی جـــەنگاوەرەکانن، لەلایـــەك وبـــردن وڕفانـــدنی ژن ومنداڵـــەکانیان، لەلایـــەکی تـرەوە، پاشـتر لـەناو کۆمـەڵێکی تـردا پەرتـەوازە دەکـرێن ، دەبێتـە هـۆی توانـــەوەیان ولەنێوچـــوونی ســـیمای کۆمەڵایـــەتیان. کەنـــەتوانن جـــارێکی تـــر وەك یەکەیـــەکی کۆمەڵایـــەتی ســـەربەخۆ ســـەرهەڵبدەنەوە و پەیـــدا ببنـــەوە. ئەم کارە خۆی لەخۆیدا دەچێتە خانەی قەڵاچۆکردن وڕەشە کوژییەوە.

پێویســـتە ئامـــاژە بەوەبکـــەین کەکۆمـــەڵگاکانی ئـــەو ســـەردەمە ، بـــەپێی سیســـتەمی کۆیلایـــەتی بـــەڕێوە دەچـــوو. کۆیلـــەداری بـــرەوی هـــەبووە و قەدەغـــە نـــەبووە. شـــانازی پێـــوەکراوە. شەڕوکوشـــتاری نێـــوان ئیمپراتۆریەتـــە زەبەلاحـــەکانی ڕۆمـــانی وئاشـــوری ومیـــدی وفارســـی، کوشـتارگەلێکی بـەرفراوانیان دروسـت کردبـوو . خـوێنی هـەزاران مرۆڤیـان بـەبێ تـاوان ڕشـتبوو. دەسـتیان لـەژن ومنـداڵ نەدەپاراسـت ، سـوکایەتیان پێ دەکردن ودەیان کوشتن وکۆیلە نێرینەکانیان دەخەساند.

مامەڵـــەی ئاشـــوریەکان لەگـــەڵ گـــەلانی ژێردەســـت وچەوســـاوەدا بەدڕنـــدە ناســـرابوون. لەســـاڵی ٧٠١ پ ز وەلەســـاڵی ٥٨٦پ زدوو جـــار شـــاری یـەهودایان کوشـت وبـڕ کـرد، ئـەم شـارەیان لەسـەر زەوی سـڕیەوە، کەچـی لەگـەڵ ئەوەشـدا نـەیانتوانی وەك گـەلێك بمێننـەوەو لەبۆتـەی ڕەشـەکوژیدا قەڵاچـۆ کـران. کەئێسـتا ژمارەیـەکی کـەمی ئاشـوری ، وەك کەمینەیـەك مـــاون. هەرچـــەندە لەســـەردەمێکدا خـــاوەنی ئیمپراتۆریـــەتی زل وزەبـــەلاح بـــوون . گـــەورەترین کتێبخانـــەی ئـــەو ســـەردەمە لـــەلای ئـــەوان بـــووە. کەکتێبخانەکەی ( ئاشور پانیپاڵ) بووەوتالأن کراوە.

یۆنانیـــەکان کەقرتاجـــەیان داگیرکـــرد( تونســـی ئێستا)سیاســـەتی زەوی ســـوتاویان بـــەکارهێنا . ئـــەو شـــارە بـــەجۆرێك ژێروژوورکـــرا وخەڵکەکـــەی قەلاچۆکرا، کەجارێکی تر ژیانی لەسەر دروست نەبێت .

ســـەر هەڵـــدانی ئاینـــە ئاسمانیـــەکان، مەســـیحی وئیســـلام . توانیـــان وەك پـــەیامێکی نـــوێی مرۆڤایـــەتی، کـــەمێك شـــێوازی دڕنـــدەیی جەنگـــەکان کـــەم بکەنـــەوە. ڕێـــز بـــۆ دیلـــەکان وژن ومنـــداڵ دابنـــێن، مـــافی مـــرۆڤ لەهەنـــدێ ڕووەوە گەشـــەی کـــرد. کۆیلـــەکان ئازادیـــان دەســـت کـــەوت، ســـنورێك بـــۆ پاراســـتنی بـــێ تاوانـــەکان دانـــرا. لـــەڕووی یەکســـانی کۆیلـــەکانی خـــواوە ومرۆڤـــی بەیـــەکتر یەکســـان کـــرد. لـــەڕووی مەعنەویـــەوە کاریگـــەری هەبووەلەســـەر دیـــوە مادیەکـــەی کۆمـــەڵ، بـــەلاَم دیســـانەوە قەلاچـــۆکردن وکوشـــتنی بەکۆمـــەڵ کۆتـــایی پـــێ نـــەهات. چـــونکە جەنگـــەکان کـــە لـــە قـــاڵبی ئاینیـــدا گـــەرم دەبـــوون . وەك پـــەیامێکی خـــوایی ، کوشـــتنی نـــەیارانی ئـــاینی خوا، ڕەوا دەکرا.

بـــەلاَم ئایـــا لەسیســـتەمی ئیمپراتۆریـــەتی ( مەســـیحی وئیسلام)قەشـــەو پاپاومـــەلاو خەلیفـــەکان ، توانیویانـــە چـــاودێرێکی ســـزادەر بـــبن؟ بـــۆ هـــەر پێشـــێلکاریەك کـــەدەکرادژی مـــرۆڤ وگـــەلانی ژێردەســـت وچەوســـاوە. بێگومـــان نـــەیانتوانیوەهیچ پاشـــاو میروســـەرکردەیەك ســـزا بـــدەن. کەدەســـتیان بەکوشـــتاری بەکۆمـــەڵی گـــەلان کـــردووە. تەنانـــەت لەدژیشـــیان قســـەیان نـــەکردووە. چـــونکە لەپـــەنای ئـــاین ولـــەژێر پـــەردەی بڵاوکردنـــەوەی ئـــاین ووەســـتانەوە لـــەدژی دوژمنـــانی خـــوا جـــێ بـــەجێکراوە. زۆر جـــاریش ئـــەو کۆمەڵکوژیانـــە لەســـەر بڕیـــارو فـــەتوای ئەوانـــدا جـــێ بـــەجێکراوە. وەك

کۆمـــەڵ کــوڕی پرۆســـتانتەکان لەســـەدەکانی ناوەڕاســـتدا. وەکۆمـــەڵ کــوڕی ئەرمەنەکان لەسەردەمی خەلافەتی عوسمانیەکان دا.

لەســـاڵی ١٤٩٢ز کاتێـــك کریســـتۆفەر کۆڵـــۆمبس کیشـــوەری ئـــەمریکای دۆزیـــەوە، لەخۆشـــیاندا وایزانـــی بـــووە بەفـــەرمانڕەوای هـــەموو جیهـــان. بـــەلاَم ئـــەم دۆزینەوەیـــە بۆهـــەر دوو گـــەلی ڕەســـەنی ئـــەمریکا وئـــەفریقیا ســـەرەتای دەســـت پێکردنـــی قـــەلاَ چـــۆکردنێکی ســـەخت ودوورمـــەودابوو، بەدەستی ئەوروپیەکان ئەنجامدرا.

ئەوروپیـــەکان بەتایبـــەتی بـــورژواو ســـەرمایەدارەکانی ئینگلتـــەرا وئیســـپانیا، لـــەپێناوی بەدەســـت هێنـــانی کەرەســـتەی خـــاو وزەوی کشـــت وکـــاڵی وســـەرمایە، بـــۆ ئـــەو دەڤـــەرە کۆچـیان کـــرد . دەســـتیان بەنیشـــتەجێ بـــوون کـــرد ، بـــەهۆی توانـــای پیشەســـازیەوە، کەوتنـــە دەرهێنـــانی کـــانزای خـــاکی ئـــەمریکا. بەتایبـــەتی خـــەڵوزی بـــەردین وئاســـن وزێـــڕ. وەزەویـــە بـــەپیت وکشـــت وکاڵیـــەکانیان داگـــیر کردودەســـتیان گـــرت بەســـەر دارســـتانەکاندا. لەوەڕگاودەشـــتایی وکـــەناراوەکان بـــوون بەکێڵگـــەی بـــەخێوکردنی ئەســـپ ومەڕومالاَت.

لـــەم کارانەیانـــدا ڕووبـــەڕووی هندیـــە ســـوورەکان بوونـــەوە کەدانیشـــتوانی ڕەســـەنی ناوچـــەکە بـــوون کەزێـــدو نیشـــتمانی خۆیـــان بـــوو. خێڵـــە گـــەورەکانی جـــیرۆك وئەپاچـــی ، لـــە ژیـــانێکی ســـادەی کۆچـــەری وگونـــدی ســـەرەتایی دەژیـــان. ئەوروپیەســـپی پێســـتەکان بـــۆ دەرکردنییـــان کەوتنـــە کوشـــتنی ژن ومنـــداڵ و پیاوەکانیـــان . بەشـــێوەیەکی زۆر بـــێ بەزەییانـــە لەگونـد وناوچـەکانی خۆیـان دەریـان دەکـردن . گونـدەکانیان دەسـوتاند، دەیـــان کوشـــتن. تەنانـــەت منـــداڵی ســـاوای شیرەخۆرەیشـــیان دەکوشـــت.

بەچـــاوێکی هێنـــدە ســـوك تەماشـــایان دەکـــردن، بواریـــان نـــەدان بچـــنە شـــارەکانەوە. بەدرێـــژایی ٢٠٠ســـاڵ ئـــەم کوشـــت وبـــڕە درێـــژەی کێشـــا. لـــەپێناوی بنبڕکردنـــی ئـــەو گەلـــە هـــەموو چـــەکێکی ئـــەو ســـەردەمەیان بـــەکارهێنا. هەڵبـــەت لـــەڕووی پیشەســـازی جەنگییـــەوە ئەوروپیـــەکان زۆر پێشـــــکەوتووبوون. چـــــونکە لەمێـــــژ بـــــوو باروتیـــــان بـــــەکار دەهێنـــــا. لەجەنگیشـــدا بەڕادەیـــەکی زۆر لەگـــەل خۆیانـــدا تـــۆپ وتفـــەنگیان دەهێنـــاو لەگـــەڵ هندیـــە ســـوورەکان دەجـــەنگین ، کەچـــەکەکانیان تـــەنها تـــیر وکـــەوان وشـــیر ورم بـــوو. ئـــەم نابەرامبەرییـــە لـــەڕووی تفـــاقی جەنگییـــەوە ، هندیـــە ســـورەکانی ڕووبـــەڕووی قەلاچـــۆکردن کـــردەوە، بەڕادەیـــەك بەشـــێکی کەمیان ماونەتەوە کەبەپێی یاسایەك لەکوشتن دەپارێزرێن.

کەنـــەدا لـــە لـــەناو ولاتـــی خۆیـــدا لەســـاڵی ١٩٨٨بـــەدواوە ڕەوشـــێکی کلتـــوری تایبـــەتی ســـەلماند بـــۆ هندیـــە ســـورەکان کـــە (٨٥٠) هەزارکەســـن وبەســـەر (٦٠٠)تیرەدا دابەش بوون .

جگـــە لەمانـــە دانیشـــتوانی ڕەش پێســـتی ئـــەفریقیا کـــە لەلایـــەن ئینگلیـــز وئیســـــپانیەکانەوە داگیرکرابـــــوون، مرۆڤـــــەکانیان بەمنـــــداڵی وهـــــەرزەکاری دەدزران و دەڕفێنـــران وبەکۆیلـــە دەکـــران. دەیانگواســـتنەوە بـــۆ ئـــەمریکا ، بـــێ ئـــەوەی خۆیـــان حـــەزیان بـــەو کارەبێـــت. ئـــەم دزیـــن وڕفاندنـــە گەیشـــتە ڕادەیـــەك کـــە بانـــدی گـــەورە کـــەورە پەیـــدا ببێـــت . بـــەپاپۆڕی گـــەورە ژن ومنـــداڵ وپیـــاوی ڕەش پێســـت بـــەرن بـــۆ ئـــەمریکا وبیانکـــەن بەکۆیلـــە تـــاکو لەیـــەکێك لەکێڵگـــەو کانەکانـــدا کاریـــان پـــێ بکـــەن . مافەکانیشـــیان تـــەنها خواردنی ڕۆژانەبوو.

شـایانی باسـه، ڕەش پێسـتەکان زۆر کەوتبوونـە بـەر مەترسـی لەناوچـوون ، ئینگلیزەکـان هێنـدە ژیانیـان بـۆ دەویسـتن بتـوانن خزمـەت بکـەن. خوێنـدن بۆیـان قەدەغـەبوو، نەدەچـونە شـوێنە گشـتییەکان، ئینگلیسـێك بـەئارەزووی بـەخۆڕایی دەبکوشـت. منـداڵ وخێزانـەکانیان پەرتـەوازە بـوون. بـەجۆرێك یلاّوبوونـەوە ، منـداڵ تـا گـەورە دەبـوو بـاوك ودایـك وکـەس وکـاری خـۆی نەدەدیتـەوە تـا سـەری دەنایـەوە. ئەوانـە نـەوە لـەدوای نـەوە مـۆرکی نەتـەوەییان نـەماو لـەدوایش هەربەئینگلیسـی دەدوان وزمانی خۆیان لەبیر چوەوە.

## نمونەیەك لەجۆرێکی ترو لەڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست

ژەنـەڕاڵ نـاپلیۆن لـەدوای داگیرکردنـی میسـر بـەرەو شـام کەوتـە ڕێ، شـاری یافـای گـەمارۆدا . حامیـەی یافـا تێکەڵەیـەك بـوو لـەتورك وکـورد وڕۆژئاواییـەکان ( ئەرنەئوت)سـەرکردەی سـوپاکەی نـاپلیۆن پـەیمانی پێیانـدا ژیـانی بپارێیزێـت. بەومەرجـەی خۆیـان بەدەسـتەوەبدەن. ئـەوانیش بـەگوێرەی ئـەو پەیمانـە، خۆیـان بەدەسـتەوەدا. ژمارەیـان سـێ هـەزار کـەس بـوون. ئـەو ژمـارە زۆرەی دیلـە و هێنـانی بـۆ سـەربازگەیەکی فەرەنسـی، بـاوەڕی پێیـان نـەبوو، بیاننێرێتـەوە بـۆ میسـر ، لەترسـی هەڵگەڕانـەوەیان ، چـونکەجارێکی تـر شـەڕ لـەدژی ئەکـەن، نەشیدەویسـت ئازادیـان بکـات ، لەسـەر نـەبوونی ئازوقـە فـەرمانی کـرد بەکوشـتنیان. لـە ١٠-٣-١٧٩٩بەدەسـت بەسـتراوی بردیـانن بـۆ بیابـان ، لـەدەرەوی یافـا، هەموویان بەرگولە دران.

هەرچـەندە ئـەم تاوانانـەدەکران لەناوچـەکانی دەوروبـەردا ، دەنگیـان دەدایـەوە. ترسـی دەخسـتە نێـو دڵـی خـەڵکی دەوروپشـتەوە. لەگـەڵ

ئەوەشـدا کۆمـەڵگا هـەوڵی داوە، سـنورێك بـۆ ئـەم کارەسـاتانە . یاسـایەك بـۆ جـەنگ و پاراسـتنی دیـل وخـەڵکی بـێ تـاوان دابنرێـت. تـاکو لەپـەنای ئەو یاسایەدا چینر مرۆڤ قڕنەکرێت . بەژیان بەردەوامی بدات.

بـەلاّم تواناکـانی جـێ بـەجێ کردنـی ئەویاسـایانە هێنـدە بەرتەسـك بووە،لـەناو خـودی دەوڵـەت وئیمپراتۆریـەت تێنەپـەڕیوە. لەنمونـەی یاسـاکانی حـامورابی وسـۆڵۆن ، کـە هـەوڵیان داوە لـەکاتی خۆیـدا، دەسـت درێژی نەکرێتە سەر مرۆڤی لاواز و توشی کوشت وبڕ نەبێت.

لەسـەردەمی نوێشـدا کاتێـك ئایـدیۆلۆژیاو بـیری تەسـکی نەتەوەپەرسـتی وئەپارتایـد برەویـان سـەند. چـەمکی شـەڕ لـەپێناوی سـەروەری پاشـاو ئیمپراتۆریەت گۆڕدرا بۆ دەوڵەت ونەتەوەوچینی چەوساوەی کۆمەڵ.

مارکسـیەکان کەهـەڵگری ئایدیۆلۆژیایـەکی ڕادیکـاڵی بـوون، بۆسەرخسـتنی شۆڕشـی پرۆلیتاریالەجیهانـدا ودروسـت کردنـی حکومـەتی کرێکـاری یـەك چـین کـە دیکتاتۆریـەتی پرۆلیتاریـا بـەڕێوەی دەبـات، جڵـەوی دەسـەلاّت بگرنـە دەسـت. کەوتنـە کوشـت وبـڕی هـەموو ئەوانـەی کەئایـدیۆلۆژیای مارکسـیزمیان قبـوڵ نـەدەکرد. ئـەوانیان بـەبورژوازی وسـەرمایەدار لەقەڵەم دەدا.

مێـژوو نوسـە فەرەنسـیەکان سـەرجەمی کوشـتاری کۆمۆنیسـتەکان لەجیهانـدا بـە( گەلـەکوژی سـوور) ناویـان هێنـاوە ، دەبەنەوەسـەر 100 ملیـۆن کـوژراو. (شـتیڤانی کۆرتـۆبیس) پسـپۆرو شـارەزای کۆمـۆنیزم ویـەکێك لەنوسـەرانی کتـێبی ڕەش ، کەخۆیشـی لەهـەمان کاتـدا بیرکردنەوەی چەپە، بەپێشەکیەك ئەمە دەنوسێت :

کۆمۆنیستەکان لەجیهاندا سەد ملیۆن ژن ومندالٚ وپیاویان کوشتوە، بەهۆی گولەنان بەپشتی ملیانەوە یان بەهۆی گازی جەنگی یەوە. یان بەهۆی هەلٚواسین ولەئاودا خنکاندن. هەروەها بەهۆی ئیشی زۆرە ملیٚ وتۆپزیەوە، یان بەهۆی بارگرانی ئیشەوە، بەهۆی فەوتاندن ولەناوبردنی ئەنقەست وبرسی کردن ، یان بەنەخۆشی بلأوکردنەوە تیایاندا. یان لەکاتی گواستنەوەیاندا ، بەمارش وڕیٚکردنی دریٚژ وزۆر تاکو مردن.

سەد ملیۆن قوربانی بەدەستی کۆمۆنیستەکان ژمارەیەکی سەرسوڕ هیٚنەروبیٚ بەزەییانەیە. ئەم تاوانە بیٚ ویژدانیە سەرنجی ڕاستڕەویٚکی نەتەوەیی پەرلەمانی ئەوروپی(بیٚرنارد ئەنتۆن)ڕادەکیٚشیٚت ودەلٚیٚت( هیتلەر لەبەرامبەر ئەم کۆمۆنیستانە بیٚ تاوانە)

چەند نمونەیەکی تری ڕەشەکوژی

فرانکۆ نیرۆی دیکتاتۆری ئیسپانیا لەماوەی سالأنی1936 – 1939 زیاتر لەسەد هەزار کەسی ئەو ولأتەی لەناوبرد

قەلأچۆکردنی خەلٚکی هیرۆشیماوناکازاکی ژاپۆن بەچەکی ئەتۆمی لەلایەن ئەمریکاوە لەسالٚی 1945

کوشتنی نزیکەی یەك ملیۆن کومبۆدی بەدەستی (پۆل پۆت) لەسالٚی1973

بیٚ سەروشویٚن کردنی سەدوهەشتاودووهەزارهاولأتی کورد بەدەستی ڕژیٚمی سەدام حوسیٚن لەپرۆسەی ئەنفالدا. لەسالٚی 1988

کیمیا باران کردنی شاری هەڵەبجە بەفەرمانی دیکتاتۆری بەغداد وشەهیدکردنی پێنج هەزار کەس بەگازی ژەهراوی لە16–3–1988

لەناوبردنی هەزاران موسڵمانی بۆسنیا بەدەستی سربەکان لەدوای هەڵوەشانەوەی یۆگسلافیای جاران لەساڵی 1999

لەژمارە37 مایسی سالی 2002 گۆڤاری ڕێبەری پێشمەرگە بلاّوکراوەتەوە.

## بەشی دووهەم

## چەمکی جینۆساید

هـەتاکو چـارەکی یەکـەمی سـەدەی بیسـت، وشـەی جینـۆ سـاید لـەنێوان زاراوە سیاســـیەکاندا شـــوێنی نـــەبووە. بەوشـــێوەیە و بـــەو مانایـــەی کەئێستا هەیەتی بەکار نەهێنراوە.

لەسـەدەکانی پێشـوودا قڕکـردن وقەلاَچـۆکردنی خـەڵکی ، بـەزۆر شـێوەی جۆراوجـۆر هــەبووە. کــەزەقترینیان کوشــتنی ڕاســتەوخۆی فیزیکییــە لەمەیـدانی جـەنگ. یـاخود گواسـتنەوەی مەیـدانی جەنگـە بـۆ ناومـاڵ و منداڵ وشوێنی نیشتەجێبوون وشاروگوندەکان.

وشــەی جینۆسـاید، لەبنەڕەتـدا وشـەیەکی لاتـینی لێکـدراوە لـەدوو وشــەی (جینۆ)کەبـەزمانی لاتـینی بـەمانای ڕەگـەز ووشـەی (سـاید)بەمانای کوشـتن ، پێــك دێــت. بەلێکــدانی هــەردوو وشـــەکە، بـــەمانای کۆمـــەڵ کـــوژی ولـەناوبردنی بەکۆمـەڵ دێـت. واتــە فـەوتانی بنەچـەکەلەفەرهەنگی کوردیـدا تازەیـە. لـەزمانی کوردیـدا قـڕ ، قڕکـردن، قـڕ تێخسـتن، بـەکارهێنراوە. بـەلاَم مانـای جینۆسـاید لەمانـە فـراوانترە ، بۆیـە ئێمـەش لەمـەولا هـەر جینۆساید بەکاردێنین.

جینۆسـاید تـاوانێکی ئاسـایی نیـە، بـەڵکو تـاوانێکی نێونەتەوەییـە. بـەپێی دەســتوری یاســای ( نۆرینبێرگ)لــە٣٠ بەنــد پێکهــاتووە، تــاوانی نێــو دەوڵەتی لەبەندی شەشەمدا بەمجۆرە دیاری دەکات:

تاوان لەدژی ئاشتی، کەبریتیتن لەم کارانە:

– نەخشـە کێشـان ، دابـین کردنـی کەرەسـتەی شـەڕ، خۆئامـادەکردن یـان دەسـت پێکردنـی شـەڕ، کەپەیماننامــەو ڕێکەوتننامــەو ڕاگەیاندنــەکانی

نێــوان دەوڵــەتان بشــکێنێت. یــاخود بەشــداربوون لەونەخشــەو پلانانــەی کەمەبەستی ئەنجامدانی ئەوکارانەیە.

تاوان لەدژی مرۆڤایەتی، کەئەم کارانە دەگرێتەوە:

-کوشــتن ، کۆمــەڵ کــوژی، ئــازاردان، ڕاگواســتن، دوورخســتنەوە، کۆیلــەکردن، تــیرۆر وتۆقانــدن، گــرتن وچەوســاندنەوەلەبەرهۆی سیاســی یان ئاینی یان ڕەگەز. چ بەشێوەی کۆمەڵ یان بەشێوەی تاك بێت.

تاوانەکانی جەنگ، بریتین لەم کارانە:

شــکاندنی یاســاکانی جــەنگ، تــاوان لــەدژی خــەڵکانی ســڤیل( مەدەنی)لــەکاتی شــەڕدا، بەتایبــەتی ئەوتاوانانــەی لەڕێکەوتننامــە نێــو دەوڵەتیەکانــدا دیــاری کــراون. وەکــو ڕێکەوتننامــەی لاهــای ۱۸۹۹ وڕێکەوتننامــەی ژنــێڤ ۱۹٤۹ وەهــەردوو پرۆتۆکــۆلی پــاش بەنــدی ۱۹۷۷هێــرش کردنــە ســەر شــاروگوند ودامــەزراوە مەدەنیــەکان ، وەبــەکارهێنانی مــرۆڤ وەك کاڵایــەك لەتاقیگــەداو بەمەســتی ســەربازی وبــەکارهێنانی گــازی خنکێنــەر و مــرۆڤ کــوژ، بــەکارهێنانی شــێوازی سەربازیی نادروست وقەدەغەکراو.....(۱)

کەواتــە دەرکــەوت، جینۆســاید یەکێکــە لەتاوانــە نێونەتەوەییەگــەورەکان. کــەهیچ پاســاوێکی بۆنییــە. وەزاراوەی جینۆســاید بۆیەکــەمجار لەلایــەن پرۆفیســۆر (ڕافائیــل لیمکن)هەڵبــژێردراوە. کەئــەم مرۆڤــە خــۆی مــاف پــەروەرێکی ناســراوە، وەلــەپۆڵۆنیا لــەدایك بــووە. دواتــر لــەوەزارەتی بەرگری ئەمریکا ڕاوێژکاری کاروباری دەرەوە بووە...(۲)

لەسـالّی ١٩٣٣ هیتلـەر هاتـە سـەرتەخت، دکتـۆر لـیمکن لەکۆنفۆانسـی نێودەوڵـەتی مـاف پەروەرانـدا کەبەچـاودێری کۆمەڵـەی گـەلان بەسـترا ، پێشـنیاریکرد، دووتـاوانی نـویٚ کـەبریتین لە(دڕنـدەیی) و(بەئەنقەسـت تێکدان)بخرێنـە نـاو یاسـای سـزادانی ولآتـانی ئەنـدام لەکۆمەڵـەی گەلانـدا. بـەلآم کـاتیٚ دکتـۆر لـیمکن چـاوەڕوانی خـەلآت کـردن بـوو بۆئـەم پێشنیارە، بانگ کرایەوە بۆ پۆلۆنیا وپەساپۆرتەکەی لیٚ سەندرایەوە.

هەڵبەتـە دەسـەلآتدارانی ولآتـەزلهێزەکانی ئەوکاتـە، هـەژمونیان بەسـەر کۆمەڵـەی گەلانـدا هـەبوو. پێیـان بـاش نـەبوو بڕیارێـك واژۆ بکـەن، لـەدژی کردەوەونیـازە خراپـەکانی خۆیـان. یـاخود هەڵوێسـت لـەدژی کردەوەکـانی خۆیـان وەربگـرن. چـونکە لـەو سـالآنەدا ئـەڵمانیاو بـەریتانیای مـەزن ، لەکێشمەکێشـی داگیرکردنـی گەلانـدا تێوەگلابـوون. هەڕەشەیان لەبەرژەوەندی یەکتری دەکرد.

ولآتـی پۆلۆنیـا بەمێشـکیاندا نـەدەهات کەئـەڵمانیا نیـازی خراپـی لـەدژی ئـەوان هەیـە. یەکـەم گـورزی گرانـی جینۆسـایدی نازیـەکانی سـەردەمی هیتلـەر ، ڕاسـتەخۆ بـەر ئـەمان دەکـەوێت. کۆسـتی گـەورەی خۆیـان بەشکسـتی دەبیـنن. چـونکە نازیـەکان ، زۆر دڕندانـە کەوتنـە قڕکـردن وقەلآچـۆکردنی گـەلانی دەوروپشـتی خۆیـان. بـەجۆرێك هـەوڵی سـڕینەوەی هـەموو ئەوانـەیان دەدا کـە دەهاتـە پێشـیان. بەتایبـەتی جولەکـەکان بەپلـەی یەکـەم، کـران بەنیشـانەی نازیـەکان ئەوکارەسـاتە دڵتەزێنانەیان لەپێشەوە بەسەرهات.

لـەئاکامی جـەنگی دووەمـی جیهـانی ، کەلـەنێوان هاوپـەیمانان ودەوڵـەتانی میحـوەر هەڵگیرسـا. بەسـەرکردایەتی بـەریتانیا وئـەڵمانیا. قـەلآ چـۆکردنی

گــــلان و بەکۆمــــەڵ کوشــــتن ، لــــەدەرەوەی گۆڕەپانــــەکانی جــــەنگ دەرکەوتن.

بەتایبــەتی بەدەســتی نازیــەکان هێنــدە ڕەگەزپەرســتانەهەڵس وکــەوتیان دەکــرد ویــژدانی مرۆڤــی دەهەژانــد. گەیشــتە دواترۆپکــی تــاوان. مرۆڤایەتی قێزی لەوکارانە دەکردەوە.

ئەگــەر ســەرنج بدەینــە ڕادەی کــوژراوە مەدەنیــەکان دەبیــنین(١٨) ملێــۆن خــەڵکی ســڤیل ، دوورلەشــەڕگەکان کــوژراون ولــەنێو بــراون. لەبەرامبــەر (12)ملیــۆن خــەڵکی ســەرباز. ئــەم جیاوازییــەش ســەختی شــەڕوڕق وکینــــەی ســــەرکردەکان دەردەخــــات. نازیــــەکان جینۆســــایدیان وەك دیاردەیــەکی شــەڕ دەرخســت. هیتلــەر زۆر دڵــڕەق وبــێ بەزەییانــە، بڕیــاری لــەنێوبردنی گــەلانی دەرکــرد. بــێ ســڵەمینەوە پــەیڕەو دەکــرا . ئــەوان یاســای دارســتان وجەنگــەڵیان پــەیڕەو دەکــرد ، بڕوایــان بــە ئاکــام وئەنجامــەکانی وبــە قســەی هیتلــەر هەبووکــە دەیگــوت: (دڕنــدە دەبێــت پیاوکوژ بێت) .

ئەڵمانیــە نازیــەکان ، جگــە لەگولــەباران کــردن ، لــەڕێگای دامــەزراوە بکوژەکانیانــەوە، ئــەم یاســایەیان پــەیڕەو دەکــرد. خــەڵکیان بــەگازی ژەهــــراوی لەژوورەکانــــدا دەتاســــاند ، وەبەگــــەلێك جــــۆری تــــر. جولەکــەکانیان بــەرەو ســوتاندن دەبــرد. بــە زۆر شــێوازی جــۆراو جــۆر دڕنــدەیی وکۆمــەڵ کوژییــان پــەیڕەو دەکــرد. لەوانــە ، لەکارخســتنی ژیــان ، وەك ئــــەوەی ژاپۆنیــــەکان پــــەیڕەویان دەکــــرد لــــە وڵاتــــی چــــیندا. بەبڵاوکردنــەوەی ئــەفیۆن ومــادە هۆشــبەرەکانی تــر. کــە لەســەرخر ئــەو کۆمەڵەیــە بــەرەو مــردن دەبــات. یــاخود بەڕێگــە گــرتن لــەزاوزێ وکــەم

کردنـــەوەی منــدالّ بــوون، بڕیــاری قــەلاّ چــۆکردنیان دراوە ، ســەرەتا لــەنێو هەنــدێك کۆمــەڵ ورەگــەزدا ، ئــەم سیاســەتەیان پــەیڕەو دەکــرد ئــەویش بەجیاکردنـــــەوەی ژن وپیـــــاو لەیـــــەکتر. پاشـــــان فریـــــودان وپاداشـــــت وبەخشیش پێدانی ئەو دایکانەی کەلەپیاوی ئەڵمانی منداڵیان دەبوو.

ئــەو نەهامەتییانــەی کەبەســەر گەلانــدا هــات ، لەســەر دەســتی نازیــەکان ودڕنـــــدەکانی تـــــر ، وای لەوڵاتـــــە ئەندامـــــەکانی کۆمەڵـــــەی گشـــــتی نەتەوەیـــەکگرتوەکان کـــرد ، هـــەوڵی ڕاگـــرتن وبنبڕکردنـــی کۆمـــەڵکوژی بــدەن. بــۆ ئــەوەی ئــەو کارەســاتە دڵتەزێنانــە دووبــارە نەبنــەوە. بــۆ ڕێگـرتن و ســزادانی تــاوانی جینۆســایدی ڕەگــەزی مرۆیــی وەلــەپێناوی پاراســتنی نەتــەوەو کەمینەکانــدا، ڕێکەوتننامــەی نێودەوڵــەتی لــە٩-١٢-١٩٤٨ئیمــزا کرا.

کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان لەبڕیاری ٩٦خۆیدا ڕایگەیاندکە:

کۆمـــەڵ کـــوژی تـــاوانێکی گـــەورەی مرۆییـــە دەربـــارەی مـــاف جیهـــانی و پێچـــەوانەی پرەنســـیپ وئامانجـــەکانی نەتەوەیەکگرتوەکانـــە. لەلایـــەن جیهانی پێشکەوتوەوە ئیدانەکراوە.

لــەوە بــەدواوە دەربــارەی کۆمــەڵکوژی ، کۆمیســیۆنێکی تایبــەتی بــۆ ئــەم ڕێکەوتننامــە نێودەوڵەتییــە ئامــادەکرا. ئــەوانیش بەلگــە نامــەکانیان خســتە بـــەرباس ولێکۆڵینـــەوە. کۆمیســـیۆنەکە پرۆژەیـــەکی بـــەناوی (کۆنشـــین ســـیون)بۆ ســـەرکوت کردنـــی تـــاوانی قـــڕان پێشـــکەش بەکۆمەڵـــەی گشـــتی نەتەوەیەکگرتوەکان کرد. بەتێکڕای دەنگ پرۆژەکە پەسەند کرا.

ئـــەم پرۆژەیـــە لـــە 12-1-1951کەوتـــەکار. هـــەموو ولاَتـــانی نـــاو ڕێکەوتننامەکـــە دانیـــان بـــەوەدانا کـــە (قرکـــردن) لەهـــەموو قۆناغـــەکانی مێـــژوو زیـــانێکی یـــەکجار گـــەورەی بەمرۆڤایـــەتی گەیانـــدوە. لەبـــەر ئـــەوە دوپاتیـــان کردەوەکـــەهاوکاری نێونەتـــەوەیی پێویســـتییەکی حەتمیـــە بـــۆ (ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لەو تاعونە کوشندەیە).

لـــەو ڕێکەوتننامـــە نێودەوڵەتیـــەدا کـــەدەربارەی تـــاوانی قرکردنـــە ، لەبەنـــدی یەکەمدا ، بەمجۆرە پێناسەی جینۆساید کرا:

**بەندی یەکەم**

لایەنـــە بەشـــداربووەکان دووپـــاتی دەکەنـــەوە، قرکـــردن چ لـــەکاتی جەنگـــدا ئـــەنجام بـــدرێت. چ لـــەکاتی ئاشـــتیدا ، بـــەتاوانێك دژی مـــاف جیهـــانی لەقەڵـــەم دەدرێـــت. لایەنـــە بەشـــداربووەکان پـــەیمان دەدەن ، ســـزای ئـــەو کەســـانە بدەن کەئەم تاوانە دەکەن.

**بەندی دووهەم**

بـــەپێی کۆمیســـیۆنەکە، قرکـــردن بـــریتی یـــە لەهەریـــەك لـــەو هـــەڵس وکەوتانـــەی خـــوارەوە کەبەئەنقەســـت بـــۆ لـــەناوبردنی گشـــت یـــان بەشـــێك لەگروپێکی نەتەوە، ڕەگەز، یان ئاین ئەنجام بدرێت.

أ–کوشتنی ئەندامانی گروپێك( نەتەوەیەك)

ب - زیـان گەیانـدن بەتـەواوی ئەنـدامانی گروپێـك چ لـەڕووی فیزیکیـەوە، چ لەڕووی عەقڵیەوە.

ج ـ دانـانی گروپەکـە لـەژێر بـارودۆخێکی ئـەوتۆ کەببێتـە هـۆی لەناوچـوونی گشت  یان بەشێك لەئەندامەکانی.

د ـ ڕێگە گرتن بەهەر شێوەیەك لەزاوزێ وگەشەکردن لەناو گروپەکەدا.

ه ـ بەزۆر منداڵ گواستنەوە لەگروپێکەوە بۆ گروپێکی تر.

شـایانی وتنـە،  تـاوانی جینۆسـاید مـەرج نیـە هـەر فەوتانـدنی فیزیکـی بێـت. واتـە جەسـتەیی ئـەو کۆمەڵەیـە بـێ  کەلـەدژی ئـەوان بـەرپا کـراوە وئـەنجام دراوە.  هەڵبەت خودی  جینۆساید  پۆلێن دەکرێت بۆ ئەم جۆرانە:

یەکـــەم   ـ جینۆســـایدی فیزیکـــی ( جەســـتەیی) . کەمەبەســـت کوشـــتنی ڕاســـتەوخۆیە . یـــاخود ناڕاســـتەوخۆ بەگولـــەباران کـــردن وســـێدارەدان ووزیندەبەچاڵ کردن وخنکاندن .....هتد

دووهـــەم  ـ جینۆسـایدی بـایۆلۆژی . ڕێگــە گــرتن لــەزیادبوونی کۆمــەڵێك ، لـــەبار بردنـــی منـــداڵ ولـــەدایك بـــوون، پـــەك خســـتنی ئەنـــدامانی زاوزێ وخەســـاندن. دابــڕینی ژن وپیـــاو لەیـــەکتر، بـــەکارهێنانی چـــەکی بـــایۆلۆژی وکیمیـایی. کەجگـە لەکوشـتن دەبێتـە هـۆی نـەزۆکی وشـێواندنی ئەنـدامانی لەش.

ســـێیەم      ـ جینۆســـایدی کلتـــوری. کەبریتیەلەقەدەغـــەکردنی زمـــان وشـــێواندنی تائاســـتی لەبیرچـــونەوە، مرانـــدنی زمـــان وشـــێواندنی مێـــژو وڕابـــوردوی هـــەر کۆمەڵـــە مرۆڤێـــك و وێـــران کردنـــی ژینگـــە، جێگـــا وڕێگـــا وشـــوێنەوارەکان ودێهاتـــەکان وخانووبـــەرە ووفەوتانـــدنی کلتـــور وفۆلکلـــۆری میلـــی.  ئـــەم جـــۆرە جینۆســـایدە لەپەیماننامـــەی ١٩٤٨دا دیـــاری نـــەکراوە

بـەلاّم زانایـان دەیسـەلمێنن  هەرکۆمەڵـە مرۆڤێـك بـەبێ بـوونی کلتورەکـەی بوونی نامێنێت.

چـوارەم  ـ  جینۆسـایدی ئـابوری. بریتیـە لەبرسـی کـردن و وێـران کردنـی سەرچـاوەکانی ژیـانی هـەر کۆمەڵـەمرۆڤێك ، سـەپاندنی گـەمارۆی ئـابوری، یـان ڕێگـە گـرتنی بەرهـەم هێنـان ، کـۆچ پێکـردن و دابـڕان لـەجێگای بەرهـەم هێنـان ودوورخسـتنەوەی لـەکارو بـێ کـارکردن دەبێتـە هـۆی فەوتاندن و لەناوچوونی خەڵك.

ئەنجامـدان وجێبـەجێ کردنـی هەریـەکێك لـەم جۆرانـەی جینۆسـاید، بـەتاوانێك دژی مرۆڤایـەتی  لەقەڵـەم ئـەدرێت فەوتانـدنی کۆمـەڵێك مـرۆڤ دەرئـەخات.  بـەپێی بەنـدی سـێهەمی ڕێکەوتننامـەی جینۆسـاید بـەم شێوەیە سزای لەسەرە:

أ ـجینۆساید

ب ـ هەوڵدان بۆ جێبەجێ کردنی جینۆساید.

ج ـ هاندانی ڕاستەوخۆ وئاشکرا بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

د ـ هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

هـ ـ بەشداری کردن لەجینۆساید.

گـەر بـە وردی سـەرنج بـدەین لـەدەقی ڕێکەوتننامەکـە،  زاراوەکـان شـی بکەینـەوە،  دەبینـین جینۆسـاید تاوانـە لەهـەرکات وشـوێنێك ئـەنجام بـدرێت. چ لـەکاتی شـەڕی نێـوان ولاّتـان، کەدەبنـە دووبـەرەی شـەڕ لـەدژی یـەکتر، زۆربـەی جـار ئـەم شـەڕانە درێـژە دەکێشـن ویـەك لایـی نابێتـەوە،

خـــەڵكی ســڤیل دەگرێتـــەوە. هـــەروەك چـــۆن لـــەئاكامی شـــەڕی دووهـــەمی جیهانیــدا لەبـــەرەكانی شـــەڕەوە كوشـــتن گواســـترایەوە بـــۆ نـــاو خـــەڵكی بـــێ چـــەك وبـــێ ئاگـــا ودوور لەشـــەڕ. وەك لێـــدانی بـــۆمبی ئـــەتۆمی لەخـــەڵكی بـــێ تـــاوانی هـــەردوو شـــاری هیرۆشـــیما وناكـــازاكی لەســـاڵی ١٩٤٥دا. چ لـــەكاتی ئاشـــتی ، ئەوكاتانەیـــە كـــەوڵات لـــەناوەوە توشـــی شـــەڕی نـــاوخۆ دەبێـــت لەگـــەڵ كەمینەكانـــدا، یـــاخود لـــەنێوان دووكەمینـــەی جیـــاوازدا. بـــۆ ئـــەوەی دەوڵـــەت لەگـــەڵ دەوڵـــەتێكی تـــردا لەشـــەڕدابێت. بەتایبـــەتی لـــە وڵاتـــانی فـــرە ڕەگـــــەز ونەتـــــەوەو گـــــروپ، كەبـــــەبێ ویســـــت وئـــــارەزووی خۆیـــــان لەجوگرافیایەكـــدا ولەدەوڵـــــەتێكی نادیموكراســـــیدا ، بـــــەزۆر كۆكرابنـــــەوە. وەبـــــەزۆرە ملـــــێ یـــــەكخرابن. چـــــونكە لـــــەوڵاتانی فـــــرە ڕەگـــــەز ،كـــــە بەفیدراســـــیۆنی دیموكراســـــیانە پێكـــــەوەدەژین ، هـــــەرگیز ئـــــەم كارانـــــە ڕونـــــادات. چـــــونكە ســـــەرجەم كێشـــــەكان لـــــەرێگای چارەســـــەری دیموكراســـیانەوە كۆتاییـــان دێـــت . بـــێ ئـــەوەی لایـــەنێك لایـــەنی دووهـــەم بچەوسێنێتەوە.

لەســـەردەمی نوێـــدا لـــەو وڵاتانـــەی دواكـــەوتوون ، وەسیســـتەمی ئەپارتایـــد پـــەیڕەو دەكـــەن ، كۆمـــەڵ كـــوژی وچەوساندنەوەوجینۆســـاید ڕوویـــداوە . وەلەنمونـــەی دووگروپـــی دواكـــەوتووی دوور لەئەپارتایـــد ودیموكراســـی ئـــەو جینۆ سایدوكۆمەڵ كوژییەیەكەلەڕواندا بەڕێوەچوو.

لـــەپاش مردنـــی ســـەرۆكی ڕوانـــدا(جۆفینالڵ هابیماریمانا)لـــە٦-٤-١٩٩٤ جینۆســـایدكردنی توتســـیەكانی ڕوانـــدا ئـــەنجام درا، ئەمـــەش لەلایـــەن میلیشـــیاكانی هۆتـــۆ، لقـــەكانی ئـــەو پارتانـــە بـــوو كـــەهاوكاری حكومـــەتی ڕوانـــدیان كردبـــوو. كوشـــتارێكی سیســـتماتیكی كەمایـــەتی توتســـیەكانیان

کــرد ، کەنزیکــەی ١٤٪دانیشــتوان پێــك دێــنن. وا خــەملێنراوە بەلایــەنی کەمەوە نیو ملیۆن توتسی لەماوەی ١٠ هەفتەدا کوژرابێت .......(٣)

هــەروەها پرۆســەی جینۆســاید کردنــی کــورد لەئەنفالــدا هــەمان خەســڵەتی هەیــە . کەبەدەســتی ڕژێمــی دەســەڵاتداری بــەعس بەڕێوەچــوو . تیایــدا جگەلــە بــێ سەروشــوێن کرردنــی زیــاتر لــە ١٨٢ هــەزار کــەس وکوشــتنی (٥٠٠٠)هــەزار کــەس بەچــەکی کیمیــایی لــە شــاری هەڵەبجــە. لەوپرۆســەیەدا زۆربــەی خــاکی کوردســتان ســوتماك کــرا، خەڵکەکــەی ڕاپێچــی ئوردوگــای زۆرەملێ کران .

بەنــدی ســێی هاوبەشــی هەرچــوار ڕێکەوتنامــەی ژنێفــی ســاڵی ١٩٤٨، تایبــەت کــراوە بەوشــەڕانەی کەشــەڕی نێودەوڵــەتی نــین . واتــە لایەنــە شــەڕکەرەکان دەوڵــەتان نــین . بــەڵکو دەوڵــەت لەلایــەك و بزوتنــەوەی چــەکداری ڕزگــاریخوازی لەلایــەکی تــرەوە. لەچوارچــێوەی ئــەو دەوڵەتــەدا کەشــەڕی لەگەڵــدا دەکــات. چــونکە بزوتنــەوەی ڕزگــاریخوازی گــروپ ونەتــەوەکان ، پەیوەنــدی نیــە بــە شــەڕی دەوڵەتــەوە. بــەڵکو دەوڵــەت لەگــەڵ دەوڵــەتانی تــر ، ڕەنگــە لەئاشــتیدا بێــت. وەلەناوەوەهــەرێمێکی ئــەو وڵاتە شەڕ وپێکدادانی لەگەڵ دەوڵەتدا تێدا بێت.

کەواتــە پاراســتنی خــەڵکی ســڤیل وڕێزگــرتنی مافــەکانیان ، لێــرەدا مــەرجی سەرەکیە. هەرچەندە ئەو شەڕەش لە

لایــەن دەوڵەتــەوە ڕانەگەبــەنرابێت. بــەلاَم كێشــەكە پەیوەنــدی بەیاســای نێــو دەوڵەتیــەوە هەیــە. ئەگــەر چــووەبواری جینۆســایدەوە، ئــەوا بــەتاوانی نێونەتــەوەیی هــەژماردەكرێت. لەبــەر ئــەوەی لەبەنــدی دووهەمــدا زاراوەی بەئەنقەســــت خراوەتــــە نــــاوەڕۆكی بەندەكــــەوە. چــــونكە نەخشــەدانان وبڕیــاردان وخۆئامــادەكردن بــۆ جینۆســاید، دەرخــەی نیــازە خراپەكانــە. لەئــەنجامی هەڵەوەڕووینــەداوە. چــونكە جیاوازیــەك هەیــە لــەنێوان كوشــتنی بەكۆمــەڵ وجینۆســاید. كەهەنــدێك جــار تاوانێــك لــەلاوە ئــەنجام ئــەدرێت ، كــەزۆر خراپــە لەچــاو ئــەوانی تــردا. وەك لــەكاتی بۆردومــان كردنــدا ڕوودەدات. بــەڵكو ئــەو مەبەســتە دەپێكێــت كەكۆمــەڵێك بــۆ مــردن هەڵبــژێردرێن. هــەروەك چــۆن جولەكــەو قەرەجــەكان ، لەلایــەن نازیەكانــــەوە دیــــاری كرابــــوون، بــــۆ مــــردن و لەناوچــــوون. ئــــەو ئامادەباشــیانەی كــەپێش وەخــت لەپرۆســەی قەلاَچــۆكردن وجینۆســاید ســازدەكرێت ، هــەروەك چــۆن ( بــڕاوڵ هێڵبــەرگ) لەجینۆســاید كردنــی جولەكــەكان ئامــاژەی پێكــردووە، كەئــەوەتاوانی جینۆســایدە ، بەســێ قۆناغ تێدەپەڕێت.

- دەست نیشان كردن( واتە كێن ئەوانەی دەبێت لەناو ببرێن)
- كۆكردنــەوە( جیاكردنــەوەی لەخــەڵكی تــر و یــەك خســتنیان بــۆ مردن)
- لــەناوبردن( جێبــەجێ كردنــی بڕیارەكــە بــەو كەرەســتانەی بــۆی ئامادەكراوە)

هەرلەبەنــدی دووهەمــدا دەری دەخــات جینۆســاید بریتیەلــە: لــەناوبردنی گروپێكــی - نەتــەوەیی، ڕەگــەزی، ئــاینی لێــرەدا دەردەكــەوێت

کەنەتەوەیــەکگرتوەکان ، مانایــەکی قــوڵ دەدات بەجینۆســاید. هــەروەك چــۆن لەپێناســەکەیدا دەرکــەوتوە جینۆســاید: بریتیــە لەوکارانــەی ئــەنجام دەدرێــت ، بەمەبەســتی لــەناوبردنی یــەکجارەکی یــان بەشــێکی گروپەکــە. لێــرەدا پێویســتە تێبــینی ئــەوەبکرێت کــەکاری لــەو جۆرانــە ، دژ بــە گروپــە سیاســـیەکان ڕاپـــەڕێنراون ، ناکەونـــە ژێـــر ناونیشـــانی جینۆســـاید. کەیــەکێتی ســۆڤیەتی جــاران وچــەند وڵاتێکــی تــر ، ڕای خۆیــان سەرخســت ، نەیانهێشــت پێناســـەکە لـــەناوبردن وقڕکردنـــی نـــەیارانی حزبـــی وگروپـــی سیاسی بگرێتەوە وفراوانتر بکرێت .

---

١-ئەنفال قۆناغێکە لەپراکتیك کردنی جینۆساید. دکتۆر مارف عومەر گوڵ لا٣٥

٢-گۆڤاری سیاسەتی دەولی. ژمارە ١٥ تاوانی جینۆساید

٣-کورتەیەك سەبارەت بەجینۆساید- کورستانی نوێ ژمارە ٢٢٦٩ لە ٥-١٠-٢٠٠٠

لەژمارە ٣٨ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٢ گۆڤاری ( ڕێیەری پێشمەرگە) بلأوکراوەتەوە

## بەشی سێهەم

## ڕۆڵی زانست وبەکارهێنانی بۆ جینۆساید

لەهەموو ڕوویەکەوە مرۆڤ هەردەم بێ وەستان لەپێشکەوتنێکی خێرادایە، توانیویەتی قولایی ئاسمان ودەریاکان بپشکنێت. سنورەکان ببەزێنێت، تاڕادەیەکی باش بەسەر سروشتدا زاڵ ببێت ، دیاردەکان دەستەمۆبکات، یاخود بۆسودی خۆی بەکاری بهێنێت . بەپلەی یەکەم سود لەکات ببینێت . کارەکانی بەخێراییەکی ئێجگار زۆر جێ بەجێ بکات. تەنانەت ئەم سەردەمە بە سەردەمی خێرایی ناسراوە.

مرۆڤ هێندە ترسی لەسروشت نەماوە ، ڕەشەبای بەهێز ونەخۆشی ولافاوی گەورە وئاگرو بورکان وبێ بارانی بەوێنەی سەردەمەکانی پێشوو هەڕەشەکانیان جێگای زۆر مەترسی نین. مرۆڤ لەڕووی زانستیەوە هەنگاوی خێرای ناوە، بەڵام مرۆڤایەتی شان بەشانی ئەو خێراییە گەشەی نەکردووە. کەزانست تەنها لەپێناوی مرۆڤایەتی بەکاربهێنێت. وەنەخرێتە قالبی نامرۆڤایەتی و دژ بەمرۆڤ بەکارناهێنرێت. ژیانی مرۆڤ ناخاتە مەترسی وقڕکردنەوە.

کاتێك مرۆڤ لەپێناوی یەکلایی کردنەوەی کێشەکانی دا، پەنای بۆ زمانی شەڕ برد( ئێستاش پەیڕەوی دەکات)کەوتنە هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی هەموو ئەو زانستەی کەپەیدای کردووە. مرۆڤ زۆرجار بۆ پێشگرتنی لەدوژمنەکەی، بۆ لەناو بردنی نەیارەکانی ، جەنگ بەرپا دەکات. هەردوولا بەهەموو توانایان بۆ لەناو بردنی نەیارەکانیان تێدەکۆشن. چونکە بەوەوە ناوەستن ، تەنها ڕێگری بکەن و خۆیان بپارێزن.

کاتێـــك جەنگـــەکان درێـــژە دەکێشـــن، بـــەخێرایی یـــەکلایی ناکرێتـــەوە، لەماوەیـــەکی کەمـــدا ســـەرکردەکانی بـــیر لەوەدەکەنـــەوە ، بـــۆ ترســـاندن ودەرکـــردن و لـــەناوبردنی دوژمـــن ، چـــەکێکی بـــەهێز پەیـــدا بکـــەن. بـــەو خێراییـــە لەئاکامێکـــدا چـــەکێکی کوشـــندەی ترســـناك بەدەســـت دەهێنێـــت. کەکاریگەری گەورە وگرانی لەسەر دوژمن وجەنگاوەرەکانی دەبێت.

لەســـەردەمە کۆنەکانـــدا ، چـــەکەکان چـــەکی ڕووبـــەڕوو بـــوون، دوو جـــەنگاوەر ئامبـــازی یـــەکتر دەبـــوون. بـــۆ ماوەیـــەکی زۆر بـــەرگری کـــردن درێـــژەی دەکێشـــا ، تابەســـەر یـــەکتردا زاڵ دەبـــوون. ئـــەو چـــەکانەش بـــریتی بـــوون لـــە شمشـــێر وڕم وتـــەور و بـــەرد وکەرەســـتەی ســـادەی تـــر. بۆیـــە ئەوانـــــەی کەتیادەچـــــوون زیـــــاتر جـــــەنگاوەرەکان بـــــوون. پێشـــکەوتنە زانســـتیەکانی مـــرۆڤ ، گواســـترانەوە بـــۆ نـــاو یەکـــەی ســـەربازی وخرانـــە خزمەتیـــەوە. بەکـــەڵك وەرگـــرتن لەهـــەموو ئـــەو زانســـتانەی کەســـــەردەم بەدەســـــتی هێناوە.بەرنامـــــەی دروســـــتکردنی چـــــەکی پێشکەوتوو دێتە بەردەست.

هەربۆیـــە دەتـــوانین بڵـــێین زانســـتیش دیـــوی نامرۆڤانـــەی هەیـــە، کاتێـــك مـــرۆڤ دژی مـــرۆڤ بـــەکاری دەهێنێـــت. لەســـەرەتای ســـەدەی ســـیانزەهەم لەلایـــەن چـــینیەکانەوە، بـــەتێکوڵ کردنـــی خـــوێی بـــەردین وڕوژووی ڕوەکـــی و گـــۆگرد باروت لەشەڕەکاندا بەکارهات...(١)

لـــەپاش پەیـــدابوونی بـــاروت ، دروســـت کردنـــی تـــۆپ هاوێـــژ هاتەکایـــەوە. گەشـــەپێدان وپێشخســـتنی ئـــەو چـــەکە لـــەپێش جـــەنگی یەکـــەمی جیهـــانی ، هەنـــدێ مـــــەوادی ســـــوتێنەر لەشـــــەڕەکاندا بـــــەکار هێنـــــران، لەوانـــــەوە شـــــەڕگەکان کوشـــــتاری زیاتریـــــان بـــــەخۆوە بـــــینی. گولـــــەتۆپی جۆراوجـــــۆر دروست کران.

لەسـالّی (٤٢٩ پ ن)ئەسـپارتینیەکان بـۆ سـوتاندنی شـارێك لەشـارەکان، تێکەڵەیەکیان لەقەتران وکبریت بەکار دەهێنا ....(٢)

لەسـالّی (٦٧٣ن) بێزەنتینیـەکان تێکەڵەیـەکیان لـەگۆگرد وکـەتیرەو ئەسـفلت ورۆنیـان سـوتاند، لەئەنجامـدا بـۆنێکی زۆر نـاخۆش وبێزارکـەری دروست دەکرد . لەشەڕەکاندا سەربازەکانی دوژمنیان پێ دەبەزاند.

ئەورووپیـەکانیش، لەسـەدەی سـیانزەهەمدا ، بەمەبەسـتی داگیرکردنـی هەرشـارێك، دوای گـەمارۆ وئابلّوقـەدان ، بـۆ چـۆك پێـدادانی خـەڵکی ناوچـەکە، مـادەی گـۆگرد وهەنـدێك ئاوێتـەکانی زەرنیخیـان ئەسـوتاند، لەگـەڵ ڕەوتـی پێشـکەوتن وزانسـتدا ، قوڵبونـەوەی کێشـەی دەوڵـەتان وپێشـکەوتنی پیشەسـازی، ئـەم داهێنانانەچـاکتر ئامـادەکران. لـەڕووی چـۆنایەتیەوە کاریگـەری زیاتریـان لەسـەر دوژمـن دروسـت کـرد، تـای تەرازووی شەڕ یان گۆڕی.

سـود وەرگـرتن لەزانسـتەکانی فیزیـاو کیمیـا، لەگـەڵ پێشخسـتنی خێـراو بـە تـەکانی پیشەسـازی وچـڕبوونەوەی سـەرمایە لەدەسـتی سـەرمایەدارە چاوچـنۆکەکان، وەسیاسـەتی داگیرکـردن وهـەڵ لوشـینی کـانزاو سـامانی سروشـتی ولأتـانی دواکـەوتوو لەلایـەك ، وە کـپ کردنـەوەی شـۆڕش و ڕاپەڕینـەکان، وەلـەناوبردنی ئـەو ڕێگریانـەی کەدێتـە سـەر ڕێگـای گەشـەکردنی سـەرمایەداری، وەپەیـدابوونی بـیری سۆشـیالیزم وکۆمـۆنیزم، وە بـەرپابوونی شۆڕشـی ئۆکتۆبـەر، هۆکـاری گـەورەبوون بـۆ گەشـەکردنی چـەکی کۆمـەڵ کـوژی وجینۆسـاید. چـونکە ڕەوتـی ڕەگەزپەرسـتی وکۆمۆنیسـتی ، زۆر پـەرەی سـەند. بەتایبـەتی لـەڕۆژە ڕەشـەکانی جـەنگی جیهـانی یەکـەم ودوهـەم دا. کەدەرهاویشـتەی کێشـەو ململانێـی ولأتـە زلهێزەسـەرمایەدارەکان بـوو. لـەڕووی پیشەسـازیەوە زۆر گەشـەیان کردبـوو. هێـزی سـەربازی زەبـەلاحیان لەپشـتەوە بـوو. بـۆ

بەدەستهێنانی سامانی سروشتی وزە و بازاڕ بۆ ساخکردنەوەی کالاّ، لەهەولّی داگیرکردنی بازاڕەکانی جیهاندا بوون.

سالآنی جەنگی یەکەمی جیهانی ، ١٩١٤ بۆ١٩١٨ مرۆڤ لەبەرەکانی جەنگدا وەك دڕندەیەك مامەڵەی دەکرد. هیچ جۆرە بەزەییەکیان نەبوو، پەنایان بۆ هەموو جۆرە ئامڕازێك دەبردکەزەبری کوشندە وجەرگ بڕ لەبەرامبەر بوەشێنێت.

لە پێناوئەمەدا سەرەتا بیر لەچەکی کیمیایی کرایەوە. کەگرنگی بدرێت بە پیشەسازی کیمیایی. سەرەتا ئەڵمانەکان وفەرەنسیەکان لەساڵی ١٩١٤دا چەند نمونەیەکیان بەکارهێنا، وەك کلۆر و ئەستۆفینۆن وبرۆمایت ئەسیل ئەستیت، کەزۆربەیان گازی فرمێسك ڕێژن.

فریبەرز هابەر کیمیا زانێکی جولەکەی ئەڵمانی بوو، سەرقاڵی دروست کردنی چەکی کیمیایی بوو. بەتایبەتی گازی کلۆر. هاوسەرەکەی ناوی( کلارا) بوو ، لەدژی مێردەکەی خۆی کوشت. لەگەڵ ئەمەشدا فریبەرز بەردەوام بوو ، تاگەیشت بەدروست کردنی چەکی کیمیایی. وەلە ٢٢ـ٤ـ١٩١٥ هێزەکانی ئەڵمان لەبەرەیەکی شەش کیلۆمەتریدا لەناوچەی ئەیبیر لە بەلجیکادا (١٨٠)کگم گازی کلۆریان ڕژاندە سەر هێزەکانی بەریتانیا وفەرەنسا، پازدە هەزار کەس پێوەبوو، دەست بەجێ (٥٠٠٠) کەس بوونە قوربانی . ئەمەش بە یەکەم بەکارهێنانی چەکی کیمیایی پێشکەوتوو دادەنرێت.

لەم بەروارەوە چەکی کوشندەی کیمیایی لەجینۆساید کردن بەکارهات. ئەوەبوو ڕژێمی ڕەگەز پەرستی عەرەبی عێراقیش، دژی دانیشتوانی مەدەنی لەڕۆژی ١٦ـ٣ـ١٩٨٨ لەشاری هەڵەبجە چەکی کیمیایی لەدژی گەلی کورد بەکارهێنا، وەبووە هۆی کوشتنی زیاتر لە(٥٠٠٠) هاوڵاتی. زۆربەیان ژن ومنداڵ وپەککەوتەبوون ، هیچ تاوانێکیان نەبوو.

ئــەم بەکارهێنانــە دەتــوانین بڵــێین یەکــەم بەکارهێنانــە، کــەولاتێك دژی گەلەکــەی خــۆی بــەکاری بهێنێــت . ئــەو مــادە کیمیاییەژەهراویانــە لەشــێوەی چــەکی کۆمــەڵکوژی بــەکاردێت زۆرن، ئەمانــەی خــوارەوە هەندێکیانن:

١- فۆسجین
٢- ســیانیدی هایــدرۆجین - بەتێکــەڵ کردنــی لەگــەڵ ( ســێیەم کلۆریدی زەرنیخ و چوارەم کلۆریدی کاربۆن وکلۆفۆرم)
٣- خەردەل کەبەشاگاز ناودەبرێت.

لــەپاش جــەنگی دووهــەمی جیهــانی ، گەشــە بەچــەکی کیمیــایی درا . مــادەی نــویێ دۆزرایــەوە. وەك: ( لویزایــت، ئــادەم ســاید، خــەردەلاتی ســۆدیۆم). لەســاڵی ١٩٣٤ـــ ١٩٤٤ چــەند مادەیــەکی تــری کیمیــایی ژەهــراوی دۆزرانــەوە. وەك ( زاریــن، زۆمــان، تــابۆن) کەزۆربــەیان فۆســفۆری ئەنــدامین وبــەکارهێنراون. لەپاشــتریش، سودلەفســفۆر وەرگــیرا کەلەهــەوادا دادەگیرســێت. بەرپێســت بکــەوێت دەیســوتێنێت و خــوێن ژەهــراوی دەکــات . لەهــەنگاوێکی گــەورەتردا لەمەگنیســیۆم وئەلــەمنیۆم . بەشــێوەیەکی تــۆزی نــەرم تێکــەڵ بەئۆکســیدی زینــك وئاســن بــۆمبی ئاگرینیــان بەرهــەم هێنــا. دواجــاریش بــۆمبی ناپــاڵم دروســت کــرا، مــەپێکهاتووە لەنــەوتی چــڕکراو بەســابونی ئــەلۆمین و ترشــی نــەفتالین وباڵماســیل. کــە خــراپترین چــەکی ســوتێنەرە، کاریگــەری زۆرە (لەلایــەن ڕژێمــی بەعســەوە لەکوردســتاندا زۆر بــەکارهێنراوە) . دەتــوانین بڵــێین پــاش دەرچــوونی چــەندین بڕیــار بــۆ قەدەغــەکردنی دروســت کــردن وبــەکارهێنانی چــەکی کیمیــایی، چــەندین ڕژێمــی بزێــو و سەرکێشــی وەك ڕژێمــی بەغــدا ، پــەرە بــە جۆرەکــانی چــەکی کیمیــایی دەدا.هاوکــات لــەدوای جــەنگی یەکــەمی جیهــانی ، بــۆ دروســت کردنــی جــۆرێکی تــر لەچــەکی کۆمــەڵکوژی ،لەگــەڵ پێشــکەوتنی چــەکی کیمیــایی کوشــندە، ســوود لــە

بوارەکـانی زانسـتی فیزیـاش وەرگـیر. چـەکی ئـەتۆمی دروسـت کـرا. ئـەم بیرۆکەیـە لـەلای زانـا وپسـپۆڕانی جـەنگ گەلاڵـەبوو. توانییـان جـۆرە چـەکێك بەرهـەم بهێـنن ، کەلەماوەیـەکی ئیجگـار کورتـدا مەبەسـت بهێنیتەدی.

پێشـتر لەسـاڵی (١٨٩٥) زانـای گـەورەی ئـەڵمانی ڕۆنـتگن، تیشـکی (X)دۆزیـەوە. ئەمـە یەکـەم هـەنگاوبوو کاریگـەری تیشـك لەسـەر مـرۆڤ دەربخـات. وەلەسـاڵی ١٨٩٨(ڕادیـۆم وپلۆتۆنیـۆم) لەلایـەن دووزانـای بـەناوبانگ ( مـاری کـۆری وپیرکـۆری) دۆزرایـەوە. وەدەرخسـتنی (فۆتـۆ ئـەلکتریك) لەلایـەن زانـای بـەناوبانگ( ئـەلبێرت ئەنیشـتاین)و توێژینـەوەکانی لەسـەر ( ئەلیکترۆموگناتیسـی)ودۆزینەوەی ( فۆتۆن)کەلەکۆتاییـدا بـوو بەمایـەی دۆزینـەوەی گـەورەتر، کەلەسـاڵی ١٩٣٢ بەلەت بوونی ناوکی ناسرا.

ئـەو زانایانەیەلـەدوای جـەنگی یەکـەم کۆچـیان کـرد بـۆ ئـەمریکا، وەلەتاقیگـەکانی ئـەمریکا توێژینـەوەیان ئـەنجام دا بـۆ دوو کـەس بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـەو پسـپۆڕانە کەلـەو کۆمەڵـە زانایانـە بـوون، بـەناوی ( یگنـەر) و ( زیلارد) ، گەیشتن بە ئەنجامی کەرت بوونی یۆرانیۆم.

لـەڕۆژی ١٦ـــ ٧ـــ ١٩٤٥ لەولاتـە یـەکگ رتوەکـانی ئـەمریکا . یەکـەم تاقیکردنەوە ئەنجام درا ، سیٚ بۆمبی ئەتۆمی بەرهەم هێنرا.

ئـەمریکا یەکـەم ولاتـی بەرهەمهێنـەری بـۆمبی ئـەتۆمی یـە. پـاش ئـەویش ڕوسـیا بەرهـەمی هێنـا لـە٦ــ٨ــ١٩٤٥. یەکـەم بـۆمبی ئـەتۆمی ناسـراو بـە( کـوڕە بچـکۆلەکە)لەلایەن کۆلۆنێـل ( پـۆلێ تیبیـتس) بەفڕۆکـەی ( بـــ ٢٩)لەشـاری هیرۆشـیمای ژاپـۆن درا. درێـژی ئـەو بۆمبـە ٣ مـەتر وکێشـەکەی ٤٠٠٠کگـم بـوو، توانـای تەقینـەوەی یەکسـان بـوو بـە(٢٠,٠٠٠) کیلـۆ تـەن تـی ئـێن تـی . دەسـەلاتدارانی هیرۆشـیما قوربانیـانی ئـەم ڕوداوە

بەنزیکـــەی (٢٢١٨٩٣) کـــەس لەقەڵـــەم دەدەن. دوهـــەم بـــۆمبیش بـــەناوی ( پیـــاوە قەڵەوەکـــە) لەهـــەمان وڵات درا ، کەدرێـــژی ئـــەو بۆمبـــە ٣.٦٣م وپانیەکەی ١.٥ م بوو.

ئـەمریکا هـەر بەمەشـەوە نەوەسـتا، هـەنگاوی نـا بـەرەو هـەورازتر ودروسـت کردنـی بـۆمبی هایـدرۆجینی. ئـەوەبوو لـە١ـــ١١ـــ١٩٥٢یەکـەمین بـۆمبی هایـدرۆجینی تـاقی کردەوەلـە ئۆقیانوسـی ئارامـدا. کـەهێزی تەقینەوەکـەی ٢٥٠ جـار لـەهێزی تەقینـەوەی ئـەو بۆمبـە ئەتۆمیـە بـەهێزتربوو کەبەشـاری هیرۆشیمادا درا. ٣٠٠٠

سـەرەڕای نـاڕەزایی ڕای گشـتی جیهـان و هەوڵدانـەکان بـۆ لـەناوبردنی چـەکی کۆمـەڵ کـوژی ئـەمریکا لـە ٦ـــ٨ـــ١٩٨١ بڕیـاری دەسـت پێکـردن وبەرهـەم هێنـانی بۆمبـای نـایترۆنی دەرکـرد. کەلـەبۆمبی ئـەتۆمی زۆر بەهێزتروکاریگـەرترە. ئـەو چـەکە کۆمـەڵ کوژییانـە، ئـەتۆمی وهایـدرۆجینی ونـایترۆنی. بەشـی ئەوەدەکـەن کەسـیمای مرۆڤایـەتی لەسـەر زەوی نـەهێڵن، لەگـەڵ ئەوەشـدا ناکرێـت ونـاتوانین بەزانایـەکی وەکو ئەنیشتاین بڵێین تاوانبارە.

چـونکە زانایـەکی وەکـو ئەنیشـتاین ، بەزانسـتەکەی چـەکی ئـەتۆمی دروسـت کـراو لەئاکامەکـەی زانـی، لەنامەیەگـدا کـەبۆ ڕۆزفلـتی نوسـیوە، دەڵێـت: گـەر دەمزانـی ئەمـە ڕوئـەدات دەبوومـە دروسـتکەری کاتـژمێر. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ نەهێشتنی جەنگ وازۆی خۆی کردووە.

ئێسـتا پێشـبڕکێی وڵاتـان بـۆ بەدەسـتهێنانی چـەکی ئـەتۆمی بەردەوامـە. وەك ئیسـرائیل وباشـوری ئـەفریقیاو کۆریـای بـاکورو بـەرازیل . هـەروەها وەکو ناوەندە ڕۆژئاواییەکان دەڵێن( ئێران عێراق، لیبیا وجەزائیر )یش.

چـین ئـەوەی ئێسـتا مەزەنـدە دەکرێـت، (١٦ تـا٢٠) کـلاوەی ئـەتۆمی وێرانکـەری هـەبێت. ئەگەرچـی ئـەم ژمارەیـە زۆر کەمـە، لەچـاو ئـەوەی ڕوسیا ئەمریکا هەیانە، کە شەش هەزار کلاوەی وێرانکەرە. .....(٤)

کاتێـــك پزیشـــکێك یـــاخود پســـپۆرێکی زینـــدەوەرزانی میکرۆبـــی نەخۆشـــییەك دەدۆزێتـــەوە، بـــەوکارەی خزمـــەتی گـــەورەی مرۆایـــەتی دەکـات. بـەلام مخـابن لەبەرامبـەر ئەویشـدا کەسـێك قیـت دەبێتـەوە، ئـەو میکرۆبـــە لەشـــێوەی چـــەکێکی کوشـــندە بـــۆ قڕکـــردن وقەلاچـــۆکردنی کۆمەلانی خەلك بەکاردەهێنێت.

لەگـەڵ ڕەوتـی گەشـەکردنی هـەردوو چـەکی ئـەتۆمی وکیمیـایی، زانسـتی پزیشـکیش تێکـەڵ بەپیشەسـازی جـەنگی کـراو جـۆرێکی تـر لەچـەکی کۆمـەڵ کـوژی داهێنـرا . ئـەویش چـەکی بایۆلۆژییـە. کەدەبێتـە هـۆی بلاوبونـەوەی نەخۆشـی ، یـاخود پەکخسـتنی چـالاکیە بایۆلۆژییـەکان و پاشتر دەبێتە هۆی مردنی مرۆڤەکان و بەبەربلاوی لەناوچوونیان .

لەچـەکی بایۆلۆژیـدا چـەندین جـۆر میکـرۆب وڤـایرۆس بـەکار دەهێنرێـت ، ئێمـە لێـرەدا هەنـدێ لـەو چـەکانە بـاس دەکـەین کـەعێراق بەرهـەمی هێناوە:

١ـــ بـــەتۆلنۆم(bayulinum) ئەمـــە دەبێتـــە هـــۆی پەکخســـتنی ماسولکەکان ومردن لەچەند ڕۆژێکدا.

٢ـــ ئـــەنتراکس(anthrax) جـــۆرە بەکتریایەکـــە دەچـــێتە لەشـــەوە لـەڕێگای هەناسـەدان یـان لـە ڕێگـای خـواردن وخواردنـەوە. لـەماوەی چـەند ڕۆژێکدا دەبێتە هۆی مردن.

٣ــ ئەفلاتۆکســین(aflatoxin) ئــەم مادەیــە بــەخێرایی مــرۆڤ لــەناونابات . بــەڵکو دەبێتــە هــۆی تــوش بــوونی شــێرپەنجەی جگــەر ، لــەپاش چــەند ساڵێك.

٤ــ گــازی گەنگــەرین(Gas gangrene ) دەبێتــە هــۆی داخــورانی پێســـت وگۆشـــت . کەئەمـــەش وادەکـــات هەنـــدێك لەبەشـــەکانی لـــەش ببڕدرێتەوە.

٥ــ ڕیســین(Risin) لــەڕوەکی گەنەگەرچــك دەردەهێنرێــت ، دەبێتــە هــۆی وەستانی سوڕی خوێن ومردن.

٦ـ گەنینی گەنم کەدەبێتە هۆی لەناوچونی گەنم ومردن لەبرسا....(٥)

ئــەوەی ئێســتا هەڕەشــە لەمرۆڤایــەتی دەکــات، ڤایرۆســی ئایــدزە. دەبێتــە هـــۆی گواســـتنەوەی نەخۆشـــی نـــەمانی بـــەرگری لـــەش ( المناعـــە). بەتایبــەتی لــەوڵاتانی ئــەفریقیادا بەڕێژەیــەکی زۆر بــەربڵاوە . بووەتــە هــۆی مردنــی هــەزاران کــەس . کــەگومان لــەوەدا دەکرێــت ، ناوچــەکە کرابێتــە تاقیگەیــەك ودانیشــتوانی ناوچــەکە تاقیکردنــەوەیان بەســەردا جــێ بــەجێ بکرێــت. لەســاڵی ٢٠٠٠ دا یونیســێف ڕاپــۆرتێکی لەســەر ئــەو نەخۆشــیە بڵاوکــردەوە، دەڵێــت: لــەبیابانی گــەورەی ئــەفریقیادا خــراپترین ناوچــەی تــوش بووەبەئایــدز، ئــەو منداڵانــەی دایکیــان یــان هــەردوو باوانیــان بــەجێیان هێشــوون پــێش تەمــەنی ١٥ ســاڵی ، زۆر جــار هــیچ کەســێکیان نیــە یارمــەتییان بــدات . لــەبواری سێکســیدا بــەکار دەهێنــرێن .ئەمــەش لــەو وڵاتانەی کە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی تیایدا ناتەوەاوە.

تائێســتا ئایــدز کۆتــایی بــەژیانی زیــاتر لــە١٦ملیــۆن کــەس هێنــاوە. زامبیــا بــەهۆی ئایــدزەوە بــەرزترین ڕێــژەی منــداڵانی هــەتیوی تێدایــە. کــەژمارەیان نزیکەی ٣٦٠.٠٠٠منداڵە.

جگــــه لەمانـــــەی ســــەرەوە كـــەباس كــــران، لەزانســــتە سیاسیەكانیشـــدا جیۆپۆلــەتیك .یەكێكــە لــەو زانســتانەی  لەڕێگــە خۆشــكردن بــۆ جینۆســاید شــــوێنی هەیـــــە   . هەنـــدێك كـــەس ولایـــەن جیۆپۆلــــەتیك بەزانســـتێكی ســەرمایەداری فراوانخــوازی لێــك دەدەنــەوە. كەلەئاكامــدا شــەڕو ململاننێــی سەخت بەرپا دەكات. ...(٦)

لەســاڵی ١٨٩٠ بــەدواوە تــاكو ســاڵی ١٩١٨ كــە ئیقلیمگــەری گەشــەی كــرد شــــتیكی ئاســــاییە ئەلمانــــە نەتەوەپەرســــتە چاوچــــنۆكەكان ، لەوانـــە جیۆپۆلەســـینەكانیان بانگـــەواز بۆئـــەوە بكـــەن،  هەنـــدیك شـــوین وناوچـــە هەیــە دەبێــت  كــۆنترۆل بكرێــت.  تـــین وتــاوی ولاّتــە نائەلّمانــەكان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەگوڕتر دەبوو....(٧)

جیۆپۆلـــەتیك ناســـەكان پێشـــنیاری دابەشـــكردنی سیاســـیان كـــرد ، كەبەهۆیــەوە دنیــا بەســەر ســێ ناوچــەی هەرێمیــدا دابــەش دەبێــت بــەم شێوەیە:

١ـ هەرێمی ئەمریكا بۆ ولاّتە یەكگرتووەكان.

٢ـ ئاسیاوئوسترالیاودورگەكانی نێوانیان بۆ ژاپۆن.

٣ـ ئەوروپاو ئەفریقیا بۆ ئەلّمانەكان.

(هاوســـهۆڤەر) جیۆپۆلـــەتیكزانێكی پسپۆروشـــارەزایە، كاریگەرییـــەكی زۆری لەســـەر بیروبـــاوەڕی نازیـــەكان هـــەبوو. لـــەڕێگای گوتارونوســـینە جیۆپۆلەتیكـــەكانی دا ، ئـــەم گوتـــارو نوســـیانەی بـــوون بەبناغەیـــەك بـــۆ ئەنجامــدانی جینۆســاید. هاوســهۆڤەر جوگرافیــای بەســتەوە بــە زانســتە سیاســـــیەكانەوە. وەكـــــردی بەسیســـــتەمێك بۆئـــــەوەی پەیوەندیـــــە نێودەولّەتیــەكانی ئــەنجام بــدرێت. نازیــەكان كردیــان بــەئامرازێك ودایــان بەدەستی سەركردەكانیانەوە.

هــــەردوو كتــێبی ( نەبـــەردی مـــن) و( پرۆگرامـــی حـــزب) ئـــەم مۆركـــەیان بەئاشـــكرا پێوەدیـــارە . هەنـــدێك كـــەس پێیـــان وابـــوو ، لـــەپێش هـــەموو كەســـێكدا هاوســـهۆڤەر لـــەنۆرەمبێرگ دادگـــایی دەكرێـــت، وەدەخرێتـــە قەفـــەزی تاوانباریـــەوە. كەســـێتی ئـــەو، گوتارەكـــانی بـــەڕوداوەكانی ٣٠ ســـاڵ لەوەبەرەوەپابەنـــدبوون لەســـەرخاوەن بڕیـــاری سیاســـی ســـەركردەكان . بەتایبـــەتی لـــەڕێگای رۆدۆڵـــف هـــیس كـــەجێگری هیتلـــەربوو. كاریگـــەرییان هەبوو.

لیســـتێكی دووردرێـــژی تۆمـــەت بـــە وردی دژی هاوســـهۆڤەر ئامـــادە كـــرا. هەرچـــەندە خۆیشـــی لەمەیدانەكـــەدا بـــوو. بـــەڵام دیـــارە نوســـینەكانی لـــە ڕێگـــای جۆرەهـــا دام ودەزگـــاوە ئـــەنجام دەدران. وەك ســـەركردایەتی گشـــتی ســـوپا وهـــەواڵگری سیاســـی وســـوپایی ودەزگاكـــانی پڕوپاگەندەوچـــەند ڕێكخراوێكـــی جـــۆراو جـــۆر لـــەو وڵاتـــە بیانیانـــەی كـــە ئەڵمانیی تێدا نیشتەجێ بوو.

پاشـان لەبـەر ئـەوەی سـاخ كردنـەوەی ئـوز تۆمەتانـە ئـەركێكی گـران بـوو. هـەروەها لەبـەر بەساڵاچـوونی هاوسـهۆڤەر ، وەلەبـەر ئـەوەی نـەوەك بڵـێن بیروبـــاوەڕ دراوەتـــە دادگـــایی كـــردن، هـــەموویان پشـــت گـــوێ خـــران. ڕەنگەشـــێوەی خۆكوژیەكـــەی هاوســـهۆڤەر بۆچـــوونەكانی هەنـــدێك ڕوون بكاتـــەوە. بەشـــێكی زۆری قســـەی نازیـــەكان قســـەكانی خـــودی هاوســـهۆڤەر بـــوون. هـــات وهـــاواری هیتلـــەر بـــۆ بـــەكارهێنانی ڕســـتەی تایبـــەتی وەك(تـــەرخان كردنـــی دەرەتـــانی پێویســـت بـــۆ ژیـــان) بـــەراوردكردنی كتـــێبی نەبـــەردی مـــن ، كـــەهیس جێگـــری هیتلـــەر دەســـتێكی زۆری لەنوســـینیدا هـــەبووە، لەگـــەڵ نوســـینەكانی هاوســـهۆڤەر، لێكچـــوونێكی وادەردەخـــات كـــەنابێت لەخۆیـــەوە هاتبێـــت. هاوســـهۆڤەر بیـــەوێت ونەیـــەوێت ، پیلانێكـــی دایەدەســـت ئـــەڵمانیا یـــۆ داگیركردنـــی جیهـــان وئەنجامـــدانی جینۆســـاید نەخشەیەكی بۆ داڕشت....(٨)

یــەکێك لەبۆچــوونەکانی ئــەوەبوو دەیگــووت: ( لەبــەر ئــەوەی ئــەڵمانیا وەك بــەریتانیا ناتوانێــت ببێتــە دەوڵــەتێکی دەریــایی بــەهێز، کەواتــە دەبێــت لــەناو کیشــوەری ئــەوروپا  ـ کۆڵــۆنی(داگیرکراو) بۆخــۆی بدۆزێتــەوە. بــۆ مسـۆگەر کردنــی ( کایــەی پێویسـت بـۆ ژیــان) ئەنجامـدانی سـێ کوچـکەی ( بـــەربین ، ڕۆمـــا، تۆکیـــۆ) لەســـــەرەداوی ئـــەو هـــــەوڵ وتەقەلایـــــەبوو کەهاوســـهۆڤەر ، هـــەموو ژیـــانی خـــۆی بـــۆ تـــەرخان کـــرد و بەمجۆرەخەونـــە جیۆپۆلەتیکیەکانی خۆی گەیاندە سەر لێواری ئۆقیانوسی پاسڤیك.

هلوســـهۆڤەر بۆخـــۆی ســـەرباز بـــووە وپلـــەی جەنـــەڕاڵی هـــەبووە. لەناخـــدا ســـتراتیژزانێکی ســـەربازی بـــووە. تەنانـــەت پـــێش یەکـــەم جـــەنگی جیهـــانی لـــەتۆکیۆ ، مەشـــقی بەســـوپای ئیمپۆاتۆریـــەتی ژاپـــۆن کردووە.بـــۆ بـــەرگری کـــردن لـــــەخۆی هاوســـــهۆڤەر بەکاربەدەســـــتە ئەمریکیـــــەکانی ڕاگەیانـــــد، کەهیتلـــەر ڕاوبۆچـــوونەکانی ئـــــەوی هەڵگێڕاوەتـــــەوە. لەقســـــەکانی تـــــری هاوســـهۆڤەر .ئەوەیـــە کـــە گووتوویـــەتی گوایـــە( ڕەوا ئـــەو شـــتەیە کەســـود بەگەلی ئەڵمان دەگەیەنێت وناڕەوا ئەوەیە کەزیانی لێدەدەت)

لەشـــەوێکی ساردوســـڕی بارانـــاوی مـــانگی ئـــاداری ١٩٤٦، پرۆفیســـۆر کـــارل هاوســـــهۆڤەر جیۆپۆلـــەتیکزان ، کەئـــەو کاتـــە پیـــاوێکی لاوازی تەمـــەن ٧١ ســـاڵان بـــوو. لەگـــەڵ ژنەکـــەی دا لەهـــەرێمی پاڤاریـــا ، ڕوویـــان لەناوچـــەیەکی گردۆلکـــەیی چـــەپەك کـــردو خۆیـــان کوتایـــە دارســـتانێکەوە. بـــۆ ڕۆژی پاشـــتر لاشـــەکانیان لـــەوێ دۆزرایـــەوە. ژنەکـــە بەلقـــە دارێکـــەوە شـــۆڕ بووبـــووەوە. مێردەکەشـــی بەدەمـــدا کـــەوت بـــوو چـــنگی لـــەو خۆڵـــەی پاڤاریـــا گیرکردبـــوو. کـــــەزۆر بـــــۆی پـــــەرۆش بـــــوو. جگـــــە لەخۆخنکانـــــدن ، هـــــەردووکیان وەك ســـووربوون لەســـــەر مـــــردن ، ژەهریشـــــیان خواردبـــــوو. هاوســـــهۆڤەر توانـــــای بیرکردنەوەی لەوتاوانە نەمابوو. کەلەکاتی شەڕدا ئەنجام درابوون..(٩)

سەرچاوەکانی بەشی سێیەم :

١–کورتەیەکی مێژوویی داهینانی تۆپ هاویژ وپەرەپیدان– فەیزلا برایم خان، ڕێبەری پێشمەرگە ، ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠٠٠ لاپەڕە٢٠.

٢– مێژووی سەرهەڵدانی چەکی کیمیایی–جەماڵ حوسێن –ڕێبەری پێشمەرگە ژمارە(٢) ساڵی ٢٠٠٠ لاپەڕە ٦٣.

٣–کورتە باسێکی چەکی ناوکی، ملازمی یەکەم .کەماڵ شێخ تالیب. ڕێبەری پێشمەرگە ژمارە(١٠ و١١) ساڵی ١٩٩٩ لاپەڕە ٩٣

٤–ڕوسیاو داهاتووی چەکە ئەتۆمیەکانی، کوردستانی نوێ ژمارە (٢٤٥١) ڕۆژی ١٣–٥–٢٠٠٠ لاپەڕە ٦

٥–چەکە کۆکوژەکان وکاریگەری لەسەر ژینگەی عێراق. ئاسۆ عەبدولوەهاب. ڕێبەری پێشمەرگە.ژمارە٤ ساڵی ٢٠٠١ لاپەڕە ٢١

٦–ئایدز نەوەیەکی هەتیودەخولقێنێ. کوردستانی نوێ ژمارە (٣٠٥٦) ڕۆژی ٢٦–١–٢٠٠٠ لاپەڕە ٩

٧–هاوسەهۆڤەرو مەسەلەی جیۆپۆلەتیك. گۆڤاری سیاسەتی دەولی . ژمارە(٣) لاپەڕە ١٠٦

٨–تاوانی جینۆ ساید. ڕ، و، کۆچەر. گۆڤاری سیاسەتی دەولی ژمارە(١٥) لاپەڕە ١٠٠

٩– هەمان سەرچاوەی پێشوو.

لەژمارە ٣٩ ی گۆڤاری ڕێبەری پێشمەرگەی مانگی تەمزی ساڵی ٢٠٠٠ بڵاوکراوەتەوە.

## بەشی چوارەم

## داگیر کردنی کوردستان وجینۆساید کردنی کورد

ئـــاینی پـــیرۆزی ئیســـلام ، ئـــاینێکی ئاسمـــانی نـــەمرە . لەســـەردەمێکی تاریکیـــدا ســـەری هەڵـــدا. پـــەیامێکی پـــیرۆزی برایـــی ویەکســـانی بەنـــدەکانی خـــوای هـــەڵگرت. تـــوانی مـــرۆڤ لـــەتاریکی وبـــت پەرســـتی دەربهێنێـــت و بیخاتـــە ســـــەر ڕێچـــــکەی ڕونـــــاکی وگەشـــــەکردنی کۆمەلأیـــــەتی ، بـــــەرەو تـــــەبایی هـــەنگاویان پـــیێ هـــەڵگرێت. بـــەلأم لـــەپاش مردنـــی پەیامبـــەر (د.خ)ئـــاین لەسەردەســـتی هەنـــدێك خەلیفـــەو ســـوڵتانەکاندا کرایـــە دەمـــامکی ڕەگـــەز پەرســـتانیەکانیان وخواســـتە نەتەوایەتیـــەکان. لەســـنوری کوردســـتاندا ، هەرســـیێ نەتـــەوەی عـــەرەب وتـــورك وفـــارس ، توانیـــان بـــەئاینی ئیســـلام ، خواســـتە نەتەوەییـــە گرنگـــەکانی خۆیـــان بهێننـــە دی ودەســـەلأت بگرنـــە دەســـت. لەســـەردەمی جیاجیـــادا دەوڵـــەتی نەتـــەوەییان پێکـــەونا. لـــەو نێوەنـــدەدا لـــەژێر پـــەردەی ئاینـــدا کەوتنـــە وێـــزەی گـــەلی کـــورد . وەکـــوێرکردنی هەســـتی نەتەوایـــەتی وچەوساندنەوەوســـەرکوت کردنـــی خواستە نەتەوەییەکانی کورد.

هەرلـــە ســـەرەتای گەیشـــتنی ئـــاینی ئیســـلام بەکوردســـتاندا لەســـالأنی١٤– ١٨ی کۆچـــیدا، ڕێـــك لەســـەردەمی خەلافـــەتی عومـــەری کـــوڕی خـــەتاب . لەشـــکری عـــەرەبی موســـڵمان هێرشـــان کـــردە ســـەر ئیمپراتۆریـــەتی ساســـانی. دوو دەوڵـــەتی ئێـــران ودەوڵـــەتی نێـــوان دوو ڕوبـــار( کوردســـتان) . توانیـــان دەســـەلأتی خۆیـــان لەناوچـــەکەدا بســـەپێنن. خۆیـــان ببنـــە حـــوکمڕانی ناوچەکە.

ئــیبن بــەڵخی نوســەری ( فارســنامە) دەنوســێت. کوردەکــان لەشــکری ئازای ساسانیەکان بوون. لەشەڕی ئیسلامدا زۆریان کوژران وئاوارەبون .

سپاهی ز کوردان کوچ بلوچ ـــ سگالیده چنگ مانند قوچ

شــایانی باســە ئــەو ســەردەمە ، کــورد لەســەر ئــاینی زەردەشــتی بــوون. لەگــەڵ فارســەکاندا لەدەولــەتی ساســانیدا پێکــەوە دەژیــان. بــەلاّم هێشــتا ناوچــەکەبەتەواوی کــۆنترۆڵ نەکرابوولەلایــەن لەشــکری عەرەبــەکان، لــە( نێــوان دووڕوبیــار - میزۆپۆتامیا)هێرشــیان بــردە ســەر شــارەزوور وکرماشــان و هــەورامان وناوچــەکانی تــر. شــاروگوندەکانی کوردســتان بــەر پەلاماروشــەڕکەوتن. زۆربــەیان وێــران کــران. شــاخ ودۆڵ ودەشــتی کوردســتانیان بــەخوێنی جــەنگاوەرانی کــورد ســور کــرد. ژنــەکانیان بۆخۆیــان ڕفانــد. چــونکە لــەناو خۆیانــدا ژنــی واجوانیــان نــەبووە. لــەجێگای پەرستگاو ئاورگەکان . مزگەوتیان دروست کرد.

پارچــە شــیعرێکی ئەوکاتــە کەبــەزمانی کــوردی، (زاراوەی هــەورامی )نوسراوە) ، ڕاستی ئەم ڕوداوانە دەردەخات کەدەڵێت.

زۆرکار ئەرەب کرنە خاپوور ـــ کنانی پاڵە تا وەشارەزوور

هورمزگان ڕمان ئاتیران کوژان هویزشان شاردەوە گەورەی گەورەکان

ژن وکەنیکان وەدیل بشینان ـــ مەرد ئازا تلی ژەروی هوینان

ئــاینی زەردەشــت مانــەوە بێکــەس ـــ بــەزەیی کانــا هــورمزد وەهــیچ کەس..(١)

واتــه زۆرداری عــەرەب گونــدەکانی کوردســتانی وێــران و خــاپورکرد. ژن وکچــی کــوردی بــەدیل بــرد وپیــاوە ئازاکــان کــوژران بەدەســتیان. پەرســتگاکانیان وێــران کــرد وئــاگری ئاگردانــەانیان کوژانــدەوە. گــەورە پیــاوان خۆیــان شــاردەوە، ئــاینی زەردەشــتی بەبێکەســی مایــەوەو هــورمزد بەزەیی بەکەسدا نەهاتەوە .

ئــەم پارچــە شــیعرە لەشــارەزوور دۆزرایــەوە. بــاس لەنزیکــەی ســاڵی ٦٤٠ز دەکات ، عەرەبەکان بەناوی ئاینی ئیسلامەوە کوردستانیان داگیرکرد.

ئەگــەر ســەرنج بــدەین لەزۆربــەی ناوچــەکانی کوردســتاندا ، بــۆ وێنــە ( هــەورامانی کــۆن، هــەورامانی تــەخت، قــەڵادزێ، سلێمانی، بانــە، ناوچــەی موکریــان) گــەلێ گۆڕســتانی کــۆن بــەجێ مــاون شــایەدی ئــەو ڕاســتیەن .کەبــە ( دۆڵــی کــافران ، دۆڵــی ئەســحابان، ئەسحابەســپی) ناویــان هێنــراوە . کــوردیش لــەو ســەردەمەدا زۆری بــەرگری لــەبوونی خــۆی کــردووە. زۆریــش ڕقــی لــە عەرەبــەکان بووەتــەوە. تەنانــەت کــار گەیشــتووەتە مردوەکــانیش. چــونکە لەتۆڵــەدا کوردەکــان هەڵدەســتان بەشــکاندنی کێلــی قــەبرەکانیان. لەدەرئەنجامــدا کــورد بۆکڕینــەوەی ســەری خــۆی، ناچاربووەئیســلام قبــوڵ بکــات. دوو هۆکــاری تــریش هــەبوو بۆئەوەی کورد ئیسلام بوونی خۆی ڕابگەیەنێت:

١- عەرەبــەکان پــاش داگیرکردنــی وڵاتێــك لێــی نەدەمانــەوە. چــونکە جزیــەیان دەســەند وبــەجێیان دەهێشــت، بۆیــە کــورد بەچــاوی داگیرکــەر سەیری نەکردوون .

٢- دابــەش کردنــی تــاڵانی شــەڕەکان بەســەر جەنگاوەرەکانــدا، کوردەکــانی هانــدا وتامــەزرۆی کــردن، بۆئــەوەی ئــەوانیش شــەڕ بــۆ ئیســلام

بکــەن. لەوتالأنیانــە بێبــەش نــەبن. بۆیــە دەبوونــە پالپشــتی لەشــکری ئیسلام...(٢)

هەرچـــی فارســـەکانە، کـــەبینیان والەشـــکری ئیســـلام لەســـەر دەســـتی خەلافـــەتی عومـــەری کـــوڕی خـــەتاب وپاشـــتر عوسمـــانی کـــوڕی عـــەفان، دەولـــەتی نەتـــەوەییان ڕوخێنـــرا. ئەمانـــەش ســـەربەخێڵی( بـــەنی ئومەییـــەن ). وەکێشـــــەیان هەیـــە لەگـــەڵ بنەماڵـــەی پەیامبـــەر کەعـــەلی کـــوڕی ئـــەبوتاڵیب ســـەرکردایەتی دەکـــرد. ئـــەمان لەتۆڵـــەدا پشـــتی عـــەلییان گـــرت، بۆتۆڵەســـەندنەوە لەبـــەنی ئومەییـــە. هـــەتا ئێســـتاش لـــەناو فارســـەکاندا کەســـێك نـــابینی نـــاوی منـــداڵی بـــنێ( عومـــەر یـــان عوسمـــان) ئـــەم ڕکـــە نەتەوەییە چووە قاڵبی ئاینیەوەوجێگای خۆی قایم ومکۆم کرد.

بـەو ڕێبـازەی کەلەپشـتیوانی عـەلی بەدەسـت هـات ، توانییـان جـارێکی تـر دەولـــتی نەتـــەوەیی خۆیـــان پێکـــەوەبنێن. لەهـــەمان کاتیشـــدا خۆیـــان لـــەژێرڕکێفی ئیســـلامی عـــەرەبی دەربـــاز بکـــەن ، ئاینەکـــەش وەربگـــرن. شاعەباســـی ســـەفەوی بـــەهۆی ڕەگـــەز پەرســـتی دەســـەلأتەکەیەوە، هـــیچ خۆشـــــییەکی بـــەکورد دا نـــــەهاتووە. کەهـــــەردولاش موســـــڵمان بـــــوون. هەرلەســـەرەتاوە، کەوتـــە ڕاپێچـــکردنی کوردەکـــانی سەرســـنور بـــۆ ناوچـــەی خوراســـــان. ئـــــەو کوردانـــــەی کەدوورخرانـــــەوە بـــــریتی بـــــوون لەخێڵـــــەکانی شاهرلو، زەعفەرانلو، ئامانلو. کەخۆی لە١٥ هەزار بنەماڵە دەدا.

هەرچـــەندە شـــاعەباس دەیویســـت (٥٠) هەزاربنەماڵـــە دووربخاتـــەوە. ئـــەو دوورخراوانـــەی لـــەخراپترین بـــارودۆخی گـــوزەران بەجێهێشـــت. وەکاتێـــك ویســـتی هێـــرش بباتـــە ســـەر ئـــەمارەتی برادۆســـت، داوای لـــە (قوبادخـــان) کـــرد لەگـــەڵ قزڵباشـــەکان بچـــێتە ســـەر ئـــەمارەتی برادۆســـت. قوبادخـــانی

مـوكری لەبــەر ئــەوەی هەســتی بەلێپرســراوێتی دەكــرد بەرامبــەر گەلەكــەی، هەســـتی نەتەوایـــەتی بـــەهێزبوو ، بـــەدەنگی ئـــەو داواكاریـــەوە نەچـــوو. شــاعەباس لــەئاكامی ئەمــەدا ڕقــی هەســتاو لەســالّی (١٠١٩)بەلەشــكری قزلّباشـــەكان لەمەراغـــە دایانكوتـــا. بەدەســـتوری شـــاعەباس كەوتنـــە قەلاّچــۆكردنی دانیشــتوانی بــیٚ ئاگاداروبێتــاوانی مــوكری، هــەموو ڕۆژێــك دەستەدەســـتە وپـــۆل پـــۆل خـــەڵكیان دەهێنـــاو لەســـەریان دەدان. ئەوەنــدەیان كوشــتار لێكــردن ، هێنــدەی نــەمابووئاگری تــیرەی مــوكری بەیــەكجاری بكوژێتــەوە. نێرینــەیان لێــبڕین وژن ومنداڵەكانیشــیان بــەدیل گــرتن. ئــەم كوشــتار وجینۆســایدكردنەی كەشــاعەباس كــردی لــەموكریان، لەمێژوودا بە(موكری قڕان) بەناوبانگە.

لەماوەیــەكی تــرداو لــەدژی خێڵــی بلّبــاس لەشــاری مەراغــە .بـۆ ئــەوەی باپیرئاغــای بــاوكی هــەمزاغای مــەنگوڕ لــەناوببات، ئەحمــەد خــانی حــاكمی مەراغــە پیلانێكــی داڕشــت . لــەو پیلانــەدا هــەزار كەســی بلّبــاس كــوژران. نێرینــــە لەعەشــــیرەتی مــــەنگوڕ بنبڕكــــرا. ئــــەم كارەســــاتەی جینۆســـایدكردنەلەپاش مـــوكری قڕانەكـــە دێـــت شـــاعەباس بەســـەر بلّباسەكاندا جیٚ بەجێی كرد.

لــەم پێنــاوەدا هــەمزاغا بۆتۆڵەســەندنەوەی خــوێنی بــاوكی وخێڵەكــەی هانـای بـۆ شـێخ عـەبولاّی نـەهری بـرد. پشـتیوانی لـیٚ بكـات لـەدژی شـای قاجاری ئێرانی .

ئەوەتا بەیت بێژێك دەڵێت:

بەسی جزمەی قورئانیٚ

لێرەش ليناگەڕێم ـ دەيمالّم تا تارانێ

كۆنە خوێنم بەبيردێ ــ وی سالّی سەربڕانێ

دەبێ بچمە نەهريەــ بەسەنەد شێخی بێنم

لەبۆ عەجەم قڕانێ....(٣)

شێخی نەهرێ بڕيار دەدات كەپشتيوانی لەهەمزاغا بكات. وەتۆڵەی بۆبكاتەوە. لەهاوينی سالّی ١٨٨٠زلەگوندی نەهرێ كۆبونەوەيەكی فراوانی بەست. لەگەلّ ٢٩٩ سەرۆك هۆز ودەرەبەگ وپياوی ئاينی . لەو كۆبونەوەيەدا باس لەدامەزراندنی كوردستانێكی يەكگرتوو دەكات....(٤)

بۆتۆڵە سەندنەوەشێخ عوبەيدولاّ لەسێ قۆڵەوە فەرمانی هێرش دەردەكات.

١- ڕزگاركردنيی ناوچەی موكرييان ـ ئەم قۆڵەی بەهەمزاغاو شێخ عەبولقادری كوڕی سپارد.
٢- پاك كردنەوەی ناوچەی ورمێ ـ شێخ خۆی سەرپەرشتی ئەم قۆڵەی دەكرد.
٣- گرتنی بلّباس و شاری خۆيەی سپارد بە خەليفە محمد سديق .

لەم هێرش و پەلامارانەدا شێخ خەريك بوو شاری ورمێ بگرێت ، بەلاّم لەسەرداوای دوكتۆر كۆچران لەگرتنی شارەكە پەشيمان بووەوە.

شێخ عەبدولقادريش بەلەشكرەكەيەوە، لەتۆڵەی كوژراوانی كورد كەوتنە كوشت وبڕی خەڵكی شاری مياندواو . لەشكری كورد دەستيان لەهيچ نەپاراست . تادەروازەی شاری تەورێز ڕانەوەستان.

بــەلاّم پــاش ئــەوەی پشـێوی کەوتــە نــاو لەشــکری کوردانــەوە، لــەگرتنی شــاری تـــەورێز وازیـــان هێناولێکـــدابڕان. ناچـــار پاشەکشـــەیان کـــرد. لەگەڕانەوەیانــدا گونــدەکانی ســەر ڕێگایــان تــالاّن کــرد. هەســتی تۆڵــە ســـەندنەوە هێنـــدە بەتـــەوژم بـــوو، فـــەرمانیان بـــەتیپی سوپاســـالاردا کەبــەهیچ شـێوەیەك بــەزەیی بەکورددانەیەتــەوە. گونــدەکانیان بســوتێنن وکێڵگـــە کشـــتوکاڵیەکانیان خاپووربکـــەن . ڕزق وڕۆزی لەدانیشـــتوانی مــوکری بــبڕن و ئابلۆقــەیان بــدەن. هــیچ خواردنیــان پــێ نــەگات. ئــەم فەرمانــە هێنــدە بەتونــدی هــات دیــاربوو دەیانویســت نــاوی کــورد لەلاپەڕەکانی مێژودا بسڕنەوەوشوێنەواری نەهێڵن.

ئـــەو ســـوپایەش هەرچـــی گونـــدێکی دەهاتـــە پـــێش ، خـــاپوری دەکردودەیانســـوتاند. هەرچـــی شـــتێك بەکـــەڵکی خـــواردن بهاتایـــە وپێویســتی ژیــان بوایــەتالاّنیان کــرد . تەنانــەت بــەزەییان بــەژن ومنــداڵی وردیشەوە نەهاتەووە. هەرچیەکیان دەست بکەوتایە، دەیانکوشت.

پێکــدادان وشــەڕێکی هێنــدە ســەختی نامرۆڤانــەی ئــاینی - نەتــەوەیی ســەری هەڵــدا، کــەدیاربوو مەبەســت جینۆســاید کــردن وقڕکردنــی کــوردان بوو. کەجارێکی دی لەمێژوودا موکری قڕانێکی تریان جێ بە جێ کرد.

شۆڵجۆفیســکی لــە ١٠ی کــانونی دوهــومی ســاڵی ١٨٨–ز نوســیویەتی: لــەکاتی هێـرش بـۆ سـەر کوردسـتان ، هـەزار مرۆڤـی کـورد کـوژران. وەزیـاتر لــە٢٠٠ گونــدی کــورد ســوتێنران ، پــاش ئەمــە حــاجی ســەدرەدین کــرا بەحاکمی تازەی ئەو شارە، کەهاتە ناو شارەکە گوتی:

منیـــان کــردووه بـــەحاکمی ســـابلاخ ، پـــێم نـــاڵێن کـــام ســـابلاخ ؟ شـــارێکی چـۆڵکراوی دەرودیــوار تێکــدراو. زینــدەوەرێك نــابینی، نــازانی بەســەر کێــدا حوکم بکەی.

لەترســی کوشــتن ئــەو کەســانەی کــەڕزگاریان بووبــوو، هــەڵاتبوون بــۆ شــاخ وکێوەکــان . لەترســـی بڕیارەکـــەی ســـوبحی مـــیرزا فەرمانـــداری میانـــدواو ، کــە ســوێندی خواردبــوو هــەرکوردێکی دەســت بکــەوێت گۆشــاوگۆش ســەری دەبڕێت.

پـــاش ئـــەم کارەســـاتی جینۆســـایدە ، ناســـرەدین شـــا لەفـــەرمانێکی دا لێبــوردنی گشــتی ڕلگەیانــد بــۆ خــوڵکی موکریــان. لەبــەر ئەمــە ١٢٠ تۆپیــان تەقانــد. بــەڵام ئــەم لێبوردنەســاختەیە درۆیــەك بــوو لەگــەڵ خــەڵکی موکریــان کردیـــان. چـــونکە کەوتنـــە ڕوتاندنـــەوی خـــەڵکی هـــەژارو بەســـتەزمانی کورد.بــۆ ڕیســـواکردنی کـــوردی خـــەڵکی موکریـــان، بۆهەرکەســێك ٤٠ هـــەزار تمـــەن ســـزایان بڕیـــەوە. بـــەناوی( ڕووڕەشـــی)، واتـــە پـــارەی ڕووڕەشـــی بدەن.

ناســرەدین شــا بڕیــاری دا کــەباجی قــورس بەســەر تێکــڕای خــەڵکی ناوچــەکە بســـەپێنێ. بـــەم شـــێوەیە ئـــەو دێهاتانـــەی کەدەســـتی لێنـــەدراوە دەبـــێ بـــێ کــەم وکــورتی ماڵیــات بــدەن. وەئــەو دێهاتانــەی کــەکاول کــراوە وســوتاوە, نیوەی ماڵیات بدەن وپاشان بڕیاری تر دەردەچێت.

لەژێرفشـــاری دەوڵـــەتی ئێـــران ، دەوڵـــەتی عوسمـــانیش بەســـەربازێکی زۆرەوە گـــەمارۆی نـــەهرێیان دا ،شـــێخ عوبەیـــدوڵایان بـــۆ ئەســـتەمبوڵ دوور خســـتەوە. هـــەمزاغای مەنگوڕیشـــیان بـــۆ میوانـــداری بـــانگ کردوخـــۆی بەدەســـتەوەدا. بـــەهۆی درۆ وفێڵـــەکانی وەزیـــری ( فەوائیـــدی عامـــە)

دەگیرێت وخۆی وخوشکەزا وبرازاکانی دەکوژرێن. بەفەرمانی وەزیر سەریان بڕین وبەسەرە نێزەوەیان کردن وبەشەقامەکانی شاردا دەیانگێڕان.

ئەمەش دەقی بروسکەکەیە لەسەر کوژرانی هەمزاغا دراوە:

( گەورەم ، هەمزاغای ناپاك جومعەی سێی ڕەمەزان ، سەعاتێکی ڕۆژ ئاوا مابوو، کوژرا) ئەگەر سەرنج بدرێت، دوورلەسۆز وبەزەیی ولەخواترسی ودوورلەپەیڕەوی ئاینی پیرۆزی ئیسلام. هەمزاغای چەوساوە لەڕۆژێکی پیرۆزی مانگی ڕەمەزان. پێش ڕۆژوو شکاندن بەسەعاتێك ، دەیکوژن. کەئەم ڕەفتارە زۆر دوورە لەشەریعەتی ئیسلام. کەچی لەژێر پەردەی ئیسلامدا حوکمڕانی دەکەن.

لەملاشەوە تورکەکان، توانیان بەئاینی ئیسلام زۆربەی ولاّتان وناوچەکە داگیربکەن، بەکوردستانیشەوە.تالەئاکامدا کوردستان بەهۆی ململانێی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی سونە مەزهەب وسەفەوی شیعە مەزهەب. بەپێی پەیماننامەی زەهاو لەساڵی ١٦٣٩ز دوو لەت کرا.

ئەم دوو دەوڵەتە ئیسلامیە هەردوولا بەجیا کەوتنە کوشتن وتالاّن کردنی کورد وخاکی کوردستان. کە کەوتبووە نێوان بەرداشی هەردوولایان. وەهەرکاتێك بۆیان لوابێت هێرشیان بۆ سەر کوردستان دەست پێکردووە. داهاتی خەڵکی کوردیان بەتالاّن بردووە، فتوای جۆراوجۆریان لەسەر کورد داوە.

چونکە بەشی هەرەزۆری کورد سونە مەزهەبە، خەلیفەکانی عوسمانی توانییان کوردەکانی سنوری خۆیان بەکاربهێنن.

لــــەپاش ســــەركەوتنی عوسمانیــــەكان، بەســــەر ســــەفەویەكاندا لەشــــەڕی چــالدێران، چــەندین میرنشــینی كــوردی ڕێگــای پێــدرا، دەســەلاتی نیمچــە سـەربەخۆیی خـۆی پــەیڕەو بكـات. چــەندین میرنشـین دروسـت بـوو. وەك( دیاربــەكر، دینــەوەر، شــارەزور، لوڕوئاردیــالٚ، ئاكریٚ،ئامێــدی، گۆڕكێــل، فنــك، حەســەن كێــف، چەمشــكەزەك، مــەردا ســی، ئاكیــل ، ساســۆن، هیــزان، كلــێس، شــێروان، دەرزێــنی، گردكــان، عیتــاق، تــەرجیل، ســوێدی، بابان، سۆران، تەرگەوەر، روكرنی، داود، پلُنگان ، غەزران، بۆتان)

بــەهۆی هــەولّی شــەرەفخانی بەدلیســـی پــەیمانێك لــەنێوان دەولّــەتی عوسمانی وچل وشەش میری كوردی بەسترا ، كەتێیدا هاتووە.:

بــەڕێوەبردنی هــەموو ناوچــەكانی كوردســتان بەدەســت میرانــەوە دەبێــت، میرایــەتی پشتاوپشــت بــەردەوام دەبێــت. هــەرمیرێك لەناوچــەكەی خۆیــدا بــەپێی یاســا،داب ونــەریتی خـۆی سـەربەخۆ حـوكم دەكـات. سـكەلێدەدات، بــالێۆز بۆیەكــدی دەنێــرن. هــەموو ســالێك بڕێــك پــارە دەدەن بەدەولّــەتی عوسمــانی. هــەركاتێك شــەڕێك قــەوما، بەهێزەكانیانــەوە، یاریــدەی ســوپای عوسمــانی دەدەن. ســوپای عوسمــانی ئــەوان لەدەســتدرێژیەكانی دەرەكــی دەپارێزێــت. ئــەم پەیماننامەیــە لــە(٥)ی تشــرینی دوهــەمی ســالّی ١٥٥٥ ز مۆركراوە.......(٥)

بــەلأم توركــەكان هەولّیانــدا پشــێوی بــۆ ئــەم میرنشــینانە دروســت بكــەن. وردە وردە بـــیٚ هێزیـــان بكـــەن. لـــەم ســـەروبەندەدا، كێشـــەو ململانـــیٚ دروست بوو، یاخی بوونی كوردانیش دەستی پێكرد.

یــاخی بوونەكــەی ( جــەلالی) ، پاشــای ئەســتەمبولّی تووشــی ئەندێشــەو خەفــەت كـرد. بۆیــە دەسـتی كـرد بەكوشـت وبـڕ وقەلاچـۆكردنی خەلّكەكـەی

ئــەو ناوچــەیە. لەبــەر زۆری لاشــەی ئــەو کوردانــە کــە لەدارســتانەکاندا خنکێنــراون و هەنــدێکیان شــیو ودۆڵ وبیرەکانیــان لــێ پڕکرابــوو. ئــەو پاشــایە خــوێن ڕێــژەش ( قۆپۆچــی مــراد پاشــا) یــە کەلەشــەهرەزاد باشــندەی ئەســتەمبوڵ نێــژراوە. نازنــاوی ( بــیر هــەڵکون) یــان لێناوە....(٦)

ســاڵی ١٦١١ز نەســوح پاشــای سەرداروســەر وەزیــر ( ســەدری ئــەعزەم) کــەپێش ئــەم ســاڵە والــی دیاربــەکربوو،(٤٠٠٠)ئــافرەتی کــوردی بەمنداڵەکانیانــەوە، لــەنێو دوکەڵــدا خنکاند.چــونکە لەبــەر خراپــی ئیــدارە یاخی بوون وچووبوونە نێو(قەڵای ئالاشی)یەوە...(٧)

دەوڵــەتی عوسمــانی ، لــەهیچ کاتێکــدا دەرۆســتی گــەلی کــورد نــەهاتووە. هەمیشــە تــالاَن وبــڕۆی خــەڵکی کوردســتانی کــردووە. لەشــەڕو کێشــەی بەردەوامــدا بــووە لەگــەڵ کــورددا. تــاکو دوایــن میرنشــینی کوردیــان هەڵنەوەشاندەوە، وازیان نەهێنا.

لەســاڵی ١٩١٤ بــەدواوە، کاتێــك شــەڕی یەکــەمی جیهــانی هەلســا. کــورد لەبــەر مەســەلەی ئــاینی وپشــتیوانی لەخەلیفــەی موســڵمانان کــرد، کــورد بــووە لایــەنگری دەوڵــەتی عوسمــانی. لــەئاکامی ئــەم شــەڕەدا کوردســتان توشــی قــات وقــڕی وکوشــت وبڕێکــی زۆر هــات. کــەزیاتر لەســەد هــەزار کــورد بوونــە قوربــانی . لــەو شــەڕە مــاڵ وێرانکــەرەدا، زۆربــەی کوژراوەکــان خــەڵکی گــەنج وبەرهــەمهێن بــوون. لەدەســتدانی ئــەم ژمــارە زۆرەی گــەنج ئیشــکەروبەرهەمهێنە، هێزێکــی زۆری کــار لــە ٪٢٥ زەویــە کشــت وکاڵیــەکان نەدەچــێنران. بەشــێکی هــەرەزۆری خــەڵك ڕۆزییــان لەســەر گــژوگیا دەبــوو. چــونکە داهــاتیش بــۆ بــەرەکانی شــەڕ وئازوخــەی شــەڕ

بـەڕێ دەكـران وبـاردەكران. بـەجۆرێك گرانـی سـەری هەڵـدا هۆقـەی گـەنم( دووكیلۆونیـوی ئێستا)لەسـلێمانی بەلیرەیـەك بـوو. خـەڵكێكی زۆر لەبرسـا مردن، ئەوساڵە بەساڵی ( گرانی گەورە) ناسراوە.

لەلایـەكی تریشـەوە، توركـەكان بەمەبەسـتی تواندنـەوەی گـەلی كـورد ، دەسـتیان بەهەڵمـەتێكی گـەورەی ڕاگواسـتنی كـورد كـرد. بـۆ ئەوشـوێنانەی كـەتورك زۆرینـەن. كـورد بگاتـە٪٥ی دانیشـتوانەكەی . بـۆ جـێ بـەجێ كردنـی ئـەم پیلانـە، بڕیانـدا پێـنج ملیـۆن كـورد بنێـرن بـۆ ناوچـەكانی دەوروپشـتی توركیـا. بۆئـەوەی ڕەگـەزی كـورد لەناوبـەرن. لەیەكـەم هـەنگاودا ٧٠ هـەزار كوردیـان گواسـتەوە . كاتێـك مسـتەفا كـەمال ئـەتاتورك، لـەدوای ئـەوەی كۆمـاری توركیایـان دامەزرانـد. لەسـاڵی ١٩٢٤ خێـرا یاسـایەكیان دەركـرد. بـەپێی ئەویاسـایە خوێنـدن بـەزمانی كـوردی قەدەغەكرا.

پاشـتر لـەمادەی(٨٩)ی یاسـای بنچـینەیی توركیـادا، سـەبارەت بـە پـارت وڕێكخـراوە سیاسـیەكان، بـۆی دیـاری كـردوون. ( ئـەو ڕێكخلراوانـە دەبێـت قبـوڵی بكـەن ، لـەوڵاتی توركیـادا هـیچ كەمایەتیـەك نیـە). ئەمـەش واتـە سـڕینەوەی سـیمای گـەلی كـورد وكەمینـەكانی تـریش. كـوردە هۆشیاروشۆڕشـگێڕە نیشـتمان پـەروەرەكان لـە ڕێكخراوێكـی ڕزگاریخوازانـەدا ، یـەكیان گرتـەوە. جڤاتـا خۆوەسـەریاكورد(ئازادی) . كەسـەرهەنگ خالیـد بـەگ جبران،كـە فەرمانـدەی پێشـووی سـەربازگەی ئـەرزەڕۆم دایمەزرانـد بـوو ، بـەنهێنی لەسەرانسـەری كوردسـتان لقـی كردبـوەوە، ئەفسـەرانی نیشـتمان پـەروەری كـورد لـەنێو ئـەم ڕێكخـراوەدا ڕۆڵی هەرەگرنگیان دەگێڕا.

ڕێبـەرانی ئـازادی بـۆ پوچـەڵ کردنـەوەی پیلانـی کۆمـاری تورکیـا ، لەمـەڕ تواندنـــەوەی کـــورد شـــەوی(٣ –٤)ی ئـــەیلولی ســـاڵی ١٩٢٤لـــە(بیت ئەلشەباب)شۆڕشیان هەڵگیرساند بۆ ئەم سێ ئامانجە:

١ـ ڕزگارکردنی کوردستان لەزوڵم وچەوساندنەوەی تورکەکان.

٢ـ دابین کردنی ئازادی بۆ خەڵکی کوردستان وئاوەدان کردنەوەی وڵات.

٣ــ ڕاکێشـــانی پشـــتیوانی بـــەریتانیا ( دەیـــانزانی بەتـــەنیا نـــاتوانن ئـــەم ئامانجـــە بهێننـــەدی)، بـــەڵام چـــونکە پـــەیمانی لـــۆزان مۆرکرابـــوو، ئـــەم پشـتیوانیانە هیچـی نەهاتنـەدی. چـونکە ئـەوەی ڕاسـتی بێـت پـەیمانی لـۆزان کـە جێگـرەوەی پـەیمانی سـیڤەر بـوو. بڕیـاری لـەنێودانی کـورد بـوو. ڕێگـــە خۆشـــکەربوو بـــۆ جینۆســـاید کردنـــی گـــەلی کـــورد، بەدەســـتی تورکـەکان. چـونکە ئەوخاڵانـەی کەباسـی دروسـت کردنـی دەوڵـەتی کـوردی دەکـرد، هیچـی نەهێشـت. تەنانـەت هـیچ مـافێکی کـوردی تێـدا نـەبوو. دەوڵـــەتی تورکیـــا لـــە١٤– ٢–١٩٢٥ز خێـــرا پـــەلاماری دەســـتپێکرد بۆســـەر ڕێکخـراوی (ئـازادی). ئەمـەش بـووە هـۆی بـەرپابوونی شۆڕشـی نەتـەوەیی بەڕێبەرایەتی شێخ سەعیدی پیران.

دەوڵـــەت بـــۆ ســـەرکوت کردنـــی شـــۆڕش وجینۆســـاید کردنـــی کـــورد، ســـوپایەکی (٨٠)هەزارکەســـی ئامـــادەکرد. بـــەهاوکاری فەرەنســـا (٣٠) هەزارســـەربازی لـــەخاکی ســـوریاوە گواســـتەوە بـــۆ ویلایەتـــەکانی باشـــوری کوردســـتان. ئەوســـا هێرشـــێکی دڕندانـــەی یـــەکجار بـــڵاوی کردەســـەر ناوچـــە کوردیـــەکان کەشۆڕشـــگێڕانی تێـــدابوو. لەئەنجامـــدا (٤٣٠)گونـــدیان ســـوتاند. دووهەزارکەســـــیان زیندەبەچـــــاڵ کـــــرد. (٥٠٠)نیشـــــتمان پـــــەروەریان لەسـێدارەدا. نزیکـەی یـەك ملیۆنیشـیان دەربـەدەر و بـێ مـاڵ وحـاڵکرد .

لەئاكامیشــدا شــیخ عەبــدولقادری شــەمزینی و(٨٥)ســەرخێڵی تــرو لــە(٢٧ــ ٥)حــوكمی ســێدارەدران. پاشــتر شــێخ ســەعیدی پــیران و(٥٢) هــاوڕێی لــە(٢٩ــ٦ــ١٩٢٥) لەدیاربــەكر لەســێدارەدران. وەهەركەســێك لایــەنگیری ســـــەربەخۆیی كـــــوردی بكردایـــــە، ئـــــەوا بەكۆمـــــەڵ دەگـــــیران ولەســێدارەدەدران. لەهــەمووی دڕندانــەتر بۆردمــانكردنی كوێرانــەی گونــدو ناوچەكوردنشــینەكان بــوو لەگــەڵ گواســتنەوەی زۆرە ملێــی وتــالاَن كــردن وڕاونــان هەردرێــژەی هــەبوو. ئەوانــەش كــەڕزگاریان دەبــوو لــەو بۆردمــان وپەلاماردانانە، هێزەكانی دەوروپشت دەیانگرتن ودەیانكوشتن.

كــۆچ پێكردنــی زۆرەملــیَ لەمانگــە ســاردو ســڕەكاندا ، پیلانێكــی زۆر دوژمنكارانــە ودڕندانــەبوو. لــەپێناوی ســڕینەوەی گــەلی كــورد ونەهێشــتنی گــەورەو بچــوك وژن ومنــداڵی ناوچــە شــاخاویەكان. بــەبیَ جیــاوازی بــەزۆر ماڵــەكانیان پــیَ بــەجیَ دەهێشــتن ودەهێنرانــەدەریَ. بــەپێی پــەتی وبرســـیەتی بەســـەر بـــەفردا دەبرانـــە ئەوپـــەڕی ئـــەنادۆڵ. لـــەپێناوی لـــەنێوبردنی بەشـــێكی زۆری كـــورد، بـــەم كارانـــە هەڵدەســـتان. ئەگـــەر لەكاروانێكــدا ٥٪ بگەشتایەشــوێنی مەبەســت ئــەوا بۆخەڵكەكەســەركەوتن بوو.

لەلایــەكی تــرەوە ، دووهــەزار ژن ، منــداڵ ، پیروپەككەوتــە، لەبایەزیــددا كۆكرابوونــەوە. بەزینــدوویی لــە چــاڵی گــەورەدا زیندەبەچــاڵ كــران . بــۆ چاوترســاندن (٢٧)پیــاوی بنەماڵــەی گــەورەی كوردیــان لــەباكوری گــۆلی وان، كۆكردەوەوســـەریان بـــڕین وســـەرەكانیان خراونەتـــە ســـەر ئەســـپ ولــەنێو خــەڵكی شــاردا نمــایش كــرا ولاشــەكانیان ســوتێنران وژنەكانیشــیان بۆ ڕابواردن بە سەربازەكان دران .

لەلایــــەکی تریشـــــەوە(٢٨) ئـــافرەتی هـــەرە جـــوانی کوردبەشـــێوەیەکی تایبـــەت لە(چەپاقچــور) کۆکرانـــەوە پێشـــکەش بـــە ئەفســـەرانی هێـــزە ســـەربازیەکە کــران. ئــەوانیش لــەدوای خۆیــان دایــان بەســەربازەکان بــۆ دامرکاندنـــەوەی ئاروزوەکانیـــان. کـــاتێکیش لـــەویێ نـــەمان کچـــەکانیان کوشـــت. ئەوانەیشـــی مانـــەوە خرانـــە نێـــو ئـــاو ومەشـــقی نیشـــانی تفەنگـــەکانیان لەســـەرکردن. (گوڵشـــەن) ناوێـــك یـــەکێك بـــووە لـــەو کچـــانە، ئەفســـەرێك لەکوشـــتن پاراســـتویەتی . لەهـــەموو کچـــەکانی تـــر جوانتربـــووە. خۆی گەیاندوەتە سوریا ورزگاری بووە. ...(٨)

لەســـاڵی ١٩٢٥ڕاپـــێچ کردنـــی خـــەڵك بـــەزۆر، هـــەر بـــەردەوام بـــوو. لەســـاڵی ١٩٢٨(٤٥٠)کـــەس لـــەژن ومنـــداڵ وپـــیری کـــوردی (زازا) لەکۆڵانـــەکانی دیاربـــەکر ســـواڵیان دەکـــرد. بەفـــەرمانی والـــی کۆکرانەوەولـــەدەرەوەی شـــار گولەباران کران.

لـــەپاش ئـــەم کارەســـاتانە بـــۆ مـــاوەی ١٢ســـاڵی ڕەبـــەق ، دەوڵـــەتی تـــورك بـــــەردەوام ڕاوی کـــــوردی کـــــرد. وەهەمیشـــــە پیلانیـــــان دادەڕشـــــت وحکومـــەتێکی ســـەربازییان ڕادەگەیانـــد. بـــەو بیـــانوەی کەچـــەك دامـــاڵن لەناوچـــەکە، ڕێگـــای ســـەربازیان دروســـت دەکـــرد. لەبـــەهاری ١٩٣٧دا هێرشـــێکی ســـەربازییان دەســـت پێکـــرد. خەڵکەکـــە کەوتنـــە ڕاپـــەڕین وبـــەرگری لـــەخۆکردن . ســـەید ڕەزا یـــەکێك بـــوو لەڕێبـــەرانی ڕاپـــەڕینی ناوچـــەب دەرســـیم. لەنامەیەکـــدا کەڕەنگـــە بـــۆ وەزیـــری نـــاوخۆی تورکیـــای ناردبێت . دەڵێت:

ـــ مـــاوەی ســـێ مانگـــە شـــەڕێکی بـــێ ئامـــان و نابەرامبـــەر لـــەو ناوچـــەیەدا دەســـتی پێکـــردووە. کاربەدەســـتانی دەوڵـــتی تـــورك بـــەبۆمبی ناپـــاڵم وگـــازی

ژەهـراوی خـاکی کوردسـتان بۆمبـاران دەکـەن.  بـەلاّم دەوڵـەت هـیچ گـوێی بەنامـــەو داواکاریـــەکان نـــەداوزۆر بـــێ بەزەییانـــە، هێرشـــیان کردەســـەر خـەڵکی دەرسـیم. هـەزاران کـەس کـوژران . لەهەنـدێ جێگـادا کوشـتاری بەکۆمــەڵ لــەکورد کــرا. بــەناوی شارســتانیەتەوە زۆر ناوچــەیان ســوتاند، دەســـتیان لـــەژن ومنـــداڵ وپیریـــش نەپاراســـت. لـــەناو ئەشـــکەوتەکاندا خـەڵکیان کوشـت وسـوتاند. دۆڵ وشـیو ولێرەوارەکـان کەخـەڵکی خۆیـان تێـــدا شـــاردبووەوە، ســـوتاندیان . گـــەلێك ژن وکـــچ لەناچـــاریدا خۆیـــان فرێدایـە چـەمی (مـونزور) خنکـان. شـاری دەرسـیم بەتـەواوی وێـران وکـاول بوو.ئـەوەی شـایانی باسـە، ئێسـتاش دەوڵـەتی تورکیـا دان بەگـەلی کـورددا نانێــت. هـــەمان سیاســـەتی جـــاران پیـــادە دەکـــات. کـــورد وەك نەتـــەوە تەماشـــا ناکـــات. لـــەپێناوی شـــێواندنی مـــۆرکی نەتەوایـــەتی ، بـــەتورکی شاخیان دادەنێت، خوێندن ونوسین وبەکوردی قەدەغەکردووە.

هـــەردوو دەوڵـــەتی ســـەفەوی وعوسمـــانی، بـــەهۆی جیـــاوازی مەزهـــەبی( ســـونە وشـــیعە) ، کوردیـــان بـــەکارهێنا بـــۆ یـــەکلایی کرنـــەوەی کێشـــەکانی سـنور وئـابوری وهـی تـر، . بەوهۆیـەش هـەردوو دەوڵـەتی تـازە پێکهـاتووی ئازەربایجـان وئەرمەنسـتان ، بـۆ یـەکلایی کردنـەوەی کێشـەکانیان ،لەسـەر ناوچـــەی ( ناگورنوقـــەرەباغ) لەنێوانیانـــدا شـــەڕو پێکـــدادان ڕودەدات ، ناوچـــەکە ناوچـــەی کوردســـتانەو هـــەردوو ئـــاینی موســـڵمان وئێـــزدی تێـــدا پـــەیڕەو دەکـــرێ. هەرچـــی کـــوردی ئێـــزدی هەیـــە ئەرمەنـــەکان بـــەکاریان دێـــنن وئازەریـــەکانیش موســـڵمانەکان بـــەکاردێنن. ســـەدان گونـــد وێـــران دەکەن وخەڵکەکەی دەربەدەر دەکەن .هەردولا هەر کورد دەکوژن.

کوردەکـــانی کوردســـتانی ســـوور ، دانیشـــتوانی شـــەش ناوچـــەی شـارپێکدێنن. بـریتین لـە( شوشە،لاچـین ،قوبـادلی، زەنگـیلان، کـەلباجار، جەبرەئیل) ....(٩)

ئێسـتا ژمـارەی ئەوانـەی دەربـەدەرو بـێ مـاڵ وحـاڵ کـراون نزیکـەی( ١٨٠) هـــەزار کـــەس دەبـــن . بەشـــێکی زۆری ئـــەم کوردانـــە لـــەبیابانی (ئاجیەدینسکی)بەســـەخت وناهـــەمواری دەژیـــن . زۆرێـــك لـــەم کوردانـــە لەشـــارەکانی ڕووســـیادا پەڕاگەنـــدە بـــوون. تەنانـــەت نـــاتوانن بچـــنەوە ســـەرماڵ وحـــاڵی خۆیـــان. ئـــەم دوو وڵاتـــە کوردیـــان کردوەتـــە ســـوتەمەنی کێشـــەکانی خۆیـــان ناوچـــەکەش بەشـــێکە لـــە کوردســـتان و وکـــوردی لـــێ دادەماڵن و دەیتوێننەوە.

سەرچاوەکانی بەشی چوارەم

١ـ ئاوێستا، جەلال ئەمین بەگ، چاپی یەکەم . لاپەڕە(١٥٥)

٢ـ کوردو ستراتیژی نێو دەوڵەتان، حوسێنی مەدەنی.ڕپەڕە(٥٤)

٣ـ هەمان یسەرچاوەی پێشوو

٤ـ هەمان یسەرچاوەی پێشوو.

٥ـ کوردستان وستراتیژی نێو دەوڵەتان، لاپەرە (٤٢)

٦ـ کوردستان وڕاپەڕینەکانی کورد ـ عەبولعەزیزی یامولکی

٧ـ کوردستان وڕاپەڕینەکانی کورد.

٨ـ کوردستان وڕاپەڕینەکانی کورد.

٩ــ تراژیدیای کوردەکانی سۆڤیەت وبێدەنگییەکی گشتی ـ کوردستانی نویێ ژمارە(٢٧٧٦) لە٨ـ٦ـ٢٠٠٢

ئەم بابەتە لەگۆڤاری ( ڕێبەری پێشمەرگە) ژمارە٤٠ی ئابی ر٢٠٠٣ بڵاوکراوەتەوە.

## بەشی پێنجەم

## قڕکردنی ئێزدیەکان

هـیچ گومـانێکی تێـدا نیـە ئێزدیـەکان بەشـێکی گرنگـی نەتـەوەی کـوردن، بـەهیچ شـێوەیەك لـەکورد جیاناکرێنـەوە. ئـەوەی خەسـڵەتێکی تایبـەتی بـەمان داوە ، تـەنها لـە دۆزی ئاینیەوەیـە. کەجیایـە لەبەشـە فراوانەکـەی کـورد. ئـەمان جـۆرێکی تـری بیرکردنـەوەدیرۆکی کـۆنی کـوردن. تـاکو ئێسـتاش لـەلایان درێـژەی پێـدەدەن و پـارێزراوە . ئـاینیش جیـاوازی مەزهـەبی ئـاینی ، بنـەمای سـەرەکی نەتەوەنیـە. چـونکە زۆر ئاسـاییە کەلـەناو یـەك نەتـەوەدا چـەندین ئـاینی جیـاواز هـەبێت . کـوردیش موسـڵمان ومەسیحی وجولەکەوئێزدی تێدایە.

ئێزدییـەکان بـەکوردی دەدوێـن. هـەموو سـروتە ئاینیەکانیشـیان بـەکوردی دەگوترێتـەوە. لـەناو سـروتەکانیان دا نـاوی کوردسـتان هـاتووە. بـەم جۆرە:

جوابێ بدەنە کوردستانێ

بلا قایم کەن ئیمانێ

شەرفەدین میرە ل دیوانێ

ئێمـە لێـرەدا بـەجیا باسـیان دەکـەین ، چـونکە جینۆسـاید کردنـی ئێزدیـەکان ، لەسـەر دووبنـەما سەرچـاوە دەگرێـت. جارێـك وەك نەتـەوەی

کــورد وەجارێــك وەك ئــاینێکی جیــاواز لەئیســلام. بۆیــە فشــاری ســەر ئێزدیــەکان زۆر ســـەخت ودژوارە. هـــەموو جـــارێکیش مەســـەلەی ئـــاین، بەدەستی دەسەلاّتدارانی ناوچەکەوە کراوەتە بیانوو.

ئێزدیــەکان پــەیڕەوی ئــاینێکی کــۆنی کــورد دەکــەن، خۆیــان لــەکورد جیاناکەنــەوە. داکــۆکی لــەو مەســەلەش دەکــەن  لــەو پێنــاوەدا قوربــانی زۆریــان داوە. هــەمان خــاك ،مێــژوو، زمــان وکلتــوری کوردیــان هەیــە. لــەناو گــەلی فراوانــی کــورددا یــەك بەرژەوەنــدی هاوبەشــیان هەیــە .بەچارەنوســی گەلی کوردەوە گرێدراوە.

ئێزدیــەکان ســولّتان ئێــزی دەپەرســتن، کەمەبەســت خوایــە ، لەســروتێکدا دەڵێن:

سولّتان ئێزی ب خۆ پادشایە

هەزارو ئێك ناڤ ل خۆ نایە

ناڤێ مەزن هەر( خودایە)

ئــەم ســروتە ئاینیــە خۆیــان پێــی دەڵــێن  ـ قــەول  ـ هــەموو بوختانێــك کــەدوژمنانیان بۆیــان هەڵدەبەســتن ، گوایــە دێــو پەرســتن، یــاخود شــەیتان پەرستن، دەخاتەلاوە.

وشــەی ئێــزدی لــەزمانی کوردیــدا بەتایبــەتی لــەکرمانجی ناوەڕاســت گــۆڕاوە بۆ یەزدان.

ئـــەم تێڕوانینـــەی ئـــەوان بۆمەلـــەك تـــاوس هەیانـــە، یەکێکـــە لەفریشـــتە نزیکـــەکانی خـــوا، لـــەلای ئـــەوان دەبـــێ ڕێـــزی لێبگیرێـــت. وەســـوکایەتی

پێنـەکرێت. هـەروەکو چـۆن لەئیسـلامدا بـەپێی دەقـی قورئـان ،هەرکەسـێك سـوکایەتی بـەجوبرائیل یـان میکائیـل بکـات ئـەوا سـوکایەتی بـەخوا کـردوە. لـەلای ئـاینی ئێـزدی ئـەم ڕێزگرتنـە لـەو جیاوازیەوەسەرچـاوەی گرتـووە. بـەپێی بیروبـاوەڕی ئێـزدی، کاتێـك خـوای گـەورە بەعـەزازیل ( شـەیتان) دەڵێـت: بۆچـی کڕنـۆش بـۆ ئـادەم نابـەیت؟ لەوەڵامـدا دەڵێت:گـەورەو سـەروەرم ، خـۆت فێـرت کـردووم کڕنـۆش بـردن جگـە بۆتـۆ گونـاه وتـاوانێکی گەورەیـە. مـن ئەوتاوانـە ناکـەم ، ئـەوانی تـر کەکڕنۆشـیان برد بەهەڵەداچوون.

لەئـەنجامی ئـەم وەڵامـە دروسـتە خـوای گـەورەش پاداشـتی کـرد. کـردی بەگـەورەی هـەموو فریشـتەکانی تـر. ئیزدیـەکانیش وەك هێمایـەك لەشـێوەی تاوسـێك ، پێـی دەڵـێن مەلـەك تـاوس ، لای موسـڵمانەکان بەشەیتان ناوزەد دەکرێت.

لەپاڕانەوەی ئێوارانی ئێزدیەکان ئەم سروتە هەیە:

ـ هون بدەنە خاترا چەرخ وفەلەکە

هوریان ومەلەکە

سورا تاوسێ مەلەك وچاردە تەبەقە

یاشێشمس تۆ پرسیارەکە خێرێ لمالا خۆ و مەژی بکە

ـ هون بدەنە خاترا عزرائیل ، جبرائیل، میکائیل

شمقائیل، دردائیل، عەزافیل، عەزازیل

هەرهەفت مەلەکێد کبیر د دەستێدا مفتەو کلیل

ئەو ژی وێ لبەر حزرەتا مەلەکێ جەلیل

بۆ هێمای ئەو حەوت فریشتە گەورانە، گیان وپیرۆزی ئەوانیان لەحەوت گەورە پیاوی ئاینی بەرجەستە کردووە، کەلە سروتێکی تردا دەردەکەوێت. لەپاڕانەوەی بەیانیاندا دەگوترێت بەم جۆرە:

ئامین، ئامین

تەبارەکەلدین

ئەلا ئەحسەنەل خالقین

بهیمەتا شەمسەدین

فەخرەدین، سەجادین، ناسلادین

بابادین ، شێشمسە قەوەتا دین

سوڵتان شێخادی تاجل ئەوەلین هەتا ئاخرین.

مەبەست لەشێشمس هێمایە بۆ رۆژ. وەقیبلەی ئێزدیەکانە. دەکەوێتە ڕۆژهەلات. وەشێخادی زیندوکەرەوی ئاینەکەیانە ، بەپیری هەرە گەورەی دادەنێن.

ئەم ئاینە لەناو کوردا لەپێش هاتنی ئاینی ئیسلام بەزۆری پەیڕەو کراوە، لەپاش هاتنی ئیسلام ئیتر ڕووبەڕووی کوشتن وقڕکردن بوونەتەوە. بەکافر لەقەڵەم دراون. توشی گەورەترین ودژوارترین ئازار وئەشکەنجە هاتوون. تەنها لەبەر ئەوەی لەسەر پەیڕەوی ئاینی باب وباپیرانی خۆیان ماونەتەوەو دوژمنانیان بەزۆر شێوە دژایەتییان

کـردوون. لایـەنی کلتوریانیـان شـێواندووە. کـە ئەمـە پێویسـت بـەوە دەکـات لەبابەتی جینۆسایدی کلتوری باسی بکەین.

ئێزدیـەکان لەکوردسـتان لەسـەر خـاکی خۆیـان نیشـتەجێن. لەناوچـەکانی موسـڵ وشەنگاروشـێخان وحەڵـەب ووان وئـەرزەڕۆم وبەشـێکی زۆریشـیان لەئەرمەنسـانی ئێسـتادا دەژیـن. لەهـەرێمی باشـوری کوردسـتانی پەرستگای سەرەکیان لەلالشە.

لـەپاش هـاتن و بڵاوبوونـەوەی ئـاینی ئیسـلام ، ڕۆژی ڕەشـی ئێزدیـەکان لـەناو کوردسـتاندا دەسـتی پـێ کـرد. چـونکە کـەمجار ڕێـك کـەوتووە دەسـەڵاتدارێکی ئیسـلام هـەر لەئومەویەکانـەوە تـاکو عوسمـانی وسـەفەوی وحکومەتەیـەك لـەدوای یەکـەکانی ناوچـەکە ، دەسـەڵات لەکوشـتنی ئێزدیـەکان درێغـی نـەکردووە. دەسـتیان لێیـان نەپاراسـتووە. لەبـەر ئـەوەی لەسـەر مەسـەلەی شـەیتان جیاوازیـەکی گـەورە لـەنێوانی ئیسـلام وئێـزدی دا هەیـە ، لای ئیسـلام شـەیتان نـەفرەت لێکـراوەو پێشـەوای کـوفرە، لای ئێزدیـەکان پـیرۆزە. ئـەم جیاوازیـەش بنچـینەییە، بـەزۆر شـێوە بووەتـە بـەهۆی بیـانووی جینۆسـاید کردنیـان ، نمونـەکانیان ئەمانەن:

لەسـەردەمی سـەلجوقیەکاندا بەسـەرکردایەتی ( تـەیزول بـەگ)هێرش وپـەلامارەکانیان گەیشتەناوچـەکانی موسـڵ. هـیچ جـۆرە بەزەییـەکیان بەئێزدیـەکان نەهاتـەوە، زۆر دڕندانـە کەوتنـە کوشـت وبڕیـان ، لەماوەیـەکی کەمـدا لـەناو شـاری موسـڵ (٤٠٠٠) کەسـیان کوشـت. زۆربـەی زۆریـان ئیبێـزدی بـوون. گونـدەکانیان تـالان کـرا . خەڵکـە بـێ دەسەڵاتەکەیشـی بـەزۆر ڕاگـوێزران ومـاڵ ومولکیـان زەوت کـرا. ئـەم

کوشت وبڕه بووه سەرچاوەیەك، پاشتر لەپێناوی نەهێشتنیان عوسمانیەکان درێژەیان پێداو فتوای زۆریان بۆ جینۆسایدکردنی ئێزدیەکان دەرکرد.

لەساڵی ١٧٥٢ز حکومەتی عوسمانی بەسەرپەرشتی وەزیر سلێمان پاشا هێرشێکی گەورەی بەربلاوی کردە سەر ئێزدیەکان ، لەناوچەی شەنگاردا کوشتارێکی ئێجگار زۆری کرد ، ژمارەیەکی زۆری لەژن ومنداڵ وپیروپەکەوتەی لێگرتن . لەهەمان کاتیشدا ماڵوسامانیان بەتالان برا، کەوتنە سوتاندنی بەروبومە کشت وکاڵیەکانیان.

ئەوانەش کەر لەو کوشتارە ڕزگاریان بوو، لەشوێنە جیاجیاکاندا بەدیل گیران، لەملی زۆربەیان درا. بەتایبەتی پیاوەکانیان ، کەنزیکەی سێ سەدکەس کەلەسەریان وەك دیاری بۆ بابی عالی (خەلیفە) ڕەوانە کرا.

ناردنی ئەم ژمارە کەلەسەرە زۆرە بۆ چاوترساندنی ئێزدیەکان وتێکڕای میلەت بوو. بۆ ئەوەی متمانەی زیاتر بە وەزیروپاشاکانی ناوچەکان بێنن....(١)

بەپلەی یەکەم عوسمانیەکان زۆر دوژمنایەتی ئێزدیەکانیان دەکرد. بۆیە هەرکاتێك جەنگە گەورەو دەرەکیەکانی سەریان، هەندێك کەم وسووك بووبێت، ئەوا بێ سڵەمینەوەئاوڕیان لەئێزدیەکان داوەتەوەو هەڵیان کوتاوەتە سەریان.

لەساڵی ١٢٥٤ز ( بەدرەدین لولو) حاکمی موسڵ بوو، بەناوی یارمەتیەوە، باجێکی زۆری خستبوەسەر ئێزدیەکان. پارەوپولی لێداوا

دەکـردن. ئێزدیـەکانیش جگـە لـەوەی گوێیـان بەقسـەکانی نـەدەدا دانیـان بەحکومەتەکەیشـی نـەدەنا. ئـەویش بـۆ تۆڵەکردنـەوەلێیان لەشـکرێکی کـردە سـەریان و سـەرەڕای کـاول کردنـی مـاڵ ومولکیـان و سـوتاندنی دەغـڵ ودانیشـیان . ژمارەیـەکی زۆری ڕەش بگـیر کـرد وبـەدیلی گـرتن. لەوانـەی گرتبـوونی سـەد کەسـی لەسێدارەداوسـەدی تریشـی سـەربڕی و دەسـت وقاچـی میرەکـانی بڕیـەوە.بۆ ترسـاندنی کوردەکـانی ناوچـەکە، بەسـەر دەروازەی شـاری موسـڵدا هەڵیواسـی. بەمـەش نەوەسـتا گۆڕەکـەی شـێخادی هەڵدایـەوەو بەبەرچـاوی دەروێـش وموریـدەکانی ئـاگری تـێ بەردا....(٢)

جـارێکی تـریش لەسـاڵی ١٧١٥ز خەلیفـەی عوسمـانی بـەناوی غـەزاوە لەشـکرێکی زۆری کـردە سـەر ئێزدیـەکان . بەگەیشـتنی سـوپاکە دانیشـتوانی هـەردەم ئامـادەی شـاری شـەنگال بـەرەنگارییان بوونـەوە. پـاش شـەڕێکی توندوگەیانـدنی زیـانێکی زۆر بەلەشـکری عوسمـانی شـەڕەکەیان گواسـتەوە بـۆ چـیاکان. چـیتر لەشـکری عوسمـانی نـەیتوانی بـەردەوامی شـەڕەکە بکـات ودوایـان بکـەوێت. ترسـنۆکانە بایاندایـەوە وکەوتنـە گیـانی ژن ومنـداڵی بـەجێماو ،کوشـت وبڕێکـی بـێ ویژدانانـەیان کـردن. کەسـێکی وەك ( شـێخ عەبـدولڕەحمان سـوێدی) لەکتێبەکـەی بـەناوی ( حدیقـە الـزوراء)ە، شـانازیان پێـوە دەکـات ودەڵێـت( یەزیدیـەکان ئیسـلامیان بەکۆمـەڵ پـێ دوژمنـە، بـەگوێی هـیچ حاکمێـك ناکـەن) . وەپاشـتر دەڵێـت( حزبـی خـوا سـەرکەوت ودوژمنانیشـی ڕایـان کـرد ومـاڵ وپارەو خانوبەرە و هەرچی هەیانە ونیانە بەجێیان هێشت)

ئـــەم وتانـــەش ئـــەوو دەردەخـــات ، ئـــەوان تـــەنها ئیســـلامێك بـــە مـــرۆڤ دەزانــن ، کەلــەژێر ڕکێفــی خۆیانــدا بێــت ، غــەیرە موســڵمانیش پێویســتە جینۆســاید بکــرێن، یــان دەبێــت بکــوژرێن یــان لــەناو بۆتــەی ئەوانــدا بتوێتــەوە. بــەڵام ئــەوەی گرنگــە قســەی لەســەر بکــەین ، ئەوەیــە ئــەوان زۆر دوژمــنی کوردبــوون. خۆکــورد ئیســلامی ســونەش بــوون. کەچــی ئــەوان هەوڵی لەناوبردنیان دەدا. چ جای کوردی ئێزدی.

جگــە لــەهێرش وپــەلامارەکانی دوژمنــانی کــورد بــۆ ســەر ئێزدیــەکان ، کــارێکی دژوارو ســەخت دەرکــەوت ، ئــەوەیش دوو بەرەکییــە کەهەمیشــە کورد پێوەی دەناڵێنێت ، .

دوژمنــانی کــورد ، توانییــان ئــاین بــەکاربهێنن وســود لــەم کەناڵــە وەربگــرن. بــەو هۆیەشــەوە فتــوای کوشــتنی ســەرجەم ئێزدیــەکانیان دا. لەســەردەمی دەســـەڵاتی مـــیر محەمـــەدی ڕەوانـــدز، لەســـەردەمی ئـــەم پیـــاوە ناوداروســەرکردە مەزنــەدا، ئــاین لــەناخی کــورددا دەســەڵاتێکی گــەورەی پەیــدا کردبــوو. ئامــادەبوون لــەپێناوی ئایـنــدا بــراو کەســی نزیکــی خۆیــان بکــوژن. ئەوکاتــە مــەلاکان ڕۆڵــی پێشــڕەوییان دەبــینی. لەنمونــەی مــەلای خــەتیّ ، هــەردوو مــەلای کۆنــە پەرســت وبێویــژدان، ( مەلایــەحیای مــزوری وشــێخی ڕەبــەتکیّ) فتــوای کوشــتنی ئێزدیــەکانیان دا. ڕێگایــان بــۆ مــیر محممــەد خــۆش کــرد، بکەوێتــە وێــزەی کــوردە ئێزدیــەکان . ئەمــەش بەتەواوی لەقازانجی دوژمنانی کورد شکایەوە.

لەســاڵی ١٨٣٢ز مــیر محەمەمــەد هێرشــی بــۆ ســەر ئێزدیــەکان دەســت پێکــرد. شــەڕلەماوەیەکی کەمــدا گەیشــتە شــاخی شــەنگال وجــودی ودەوروپشــتی شــاری موســڵ ، لەســاڵی ١٨٣٣ بۆمــاوەی ســێ مــانگ

بـــەهێزێکی زۆرەوە، ناوچـــەکەکانی گـــەمارۆدا. پـــاش کوشـــتارێکی زۆر کـــەخۆی دەدا لـــە(١٠٠٠٠)کـــەس . بـــەو فتوایـــە کـــوژران وجینۆســـاید کـــران. لـــــەپاش ئـــــەوەی هێـــــزە زۆرەکـــــەی مـــــیر محمەمـــــەد کـــــەبریتی بوولـــە(٦٠٠٠٠)هەزارکـــەس . بۆئـــەوەی لەبرســـاناو بێخـــۆراکی لەناوچـــن. . ئازوقـــەی ناوچـــەکەیان نەهێشـــت . ئەمـــەش هەڵەیـــەکی گەورەیـــە لەمێـــژووی ئـــەم پیـــاوە ســـەرکردەیە. پاشـــتر ئـــەم مەلایانـــە بەفتواکوێرانـــەکانیان شکســـتیان بـــە دەســـەڵاتەکەی هێنـــاو جـــارێکی تـــر توشـــی جینۆســـاید بوونەوە.

لـەپاش ئـەم هێـرش وپـەلامارەی مـیر محەمـەدی ڕەوانـدز، لـەدوای یـازدە سـاڵ هەڵمـەتی محمەمـەد شـەریف پاشـا دەسـتی پێکـرد. هەرلەهـەمان سـاڵدا حـافز پاشـا هەڵمـەتێکی تـری کوشـت وبڕوجینۆسـایدی دەسـت پێکرد.کەلـەم دوو هێرشـەدا زیـانێکی یـەکجار زۆر بـەر ئێزدیـەکان کـەوت ، شـەڕی سـەخت ڕوویـدا. ئێزدیـەکان ناچـاربوون لـەپێناوی مانـەوە وبـەرگری کـردن لـەخۆیان، دەسـت بدەنەچـەك. ( مسـتەر لامـارد) کەگـەڕۆکێکی ناسراوی ئەو سەردەمە بوو. دەڵێت:

ســـێ چـــارەکی دانیشـــتوانی چـــیای شـــەنگال بەگولەوتەقەمـــەنی کـــوژران. هەرکەســـێکیش پـــەنای بـــۆ ئەشـــکەوتەکانیش بردبێـــت، ســـەربازەکان دەوریـــان ئـــەدا ولـــەناو ئەشـــکەوتەکە دەیانســـوتاند. وەنەیاندەهێشـــت ژن ومنـــــداڵیش دەربـــاز بێـــت. بەمـــــەش هێشـــــتا کفـــت وکـــۆی دڵیـــــان دانەدەکەوتـــەوە، وازیـــان نـــەدەهێنا، بۆئـــەوەی مـــۆرکی ئێزدایـــەتیان نـــــەهێڵن و بەموســــڵمانی گـــــەورەیان بکـــــەن .هەســـــتاون بەڕفانـــــدنی

منداڵــەکانیان و گواســتنەوەیان بــۆ شــارە دوورەکــان. وەفرۆشــتویانن. بەشێکی زۆری ئەومنداڵانە لەگوندەکان دزراون.

هـیچ گومـانی تێـدا نیـە ئـەم کارانـە دەوڵـەتی عوسمـانی لـەدژی ئێزدیـەکان پێــی هەڵدەســتا، جینۆســایدبووە ، بــۆ ســڕینەوەی ئــەم ئاینەدێرینــەی کوردبــووە. چــونکە دەوڵــەتی عوسمــانی ڕەگــەزی زەردەشــتی وئێــزدی ، تەنانــەت موســڵمانی شیعەیشــی لاپەســەند نــەبووە. هەمیشــی هــەوڵی لــەناوبردنیانی داوە ، جگــە لەکوشــت وبــڕ، بــاج وخــەراجی هێنــدە خســتیووە ســەریان کەکاریگــەری ڕاســتەوخۆی لەســەریان هــەبووە، هەوڵــدانێك بــووە بــۆ برســی کــردن ولەناوچــونیان. یــاخود بــۆ ئــەوەی ناچـاربن لـەناو ئیسـلامدا بتوێنـەوەو ببنـە ئەڵقـە لـەگوێیان. لەبـەر ئـەوەی ئێزدیــەکان بــۆ لەشــکری ئیســلام ســەربازییان نــەدەکرد هــەروەکو جولەکــەو نەســرانی پارەیــان دەدا. بــەلاَم دەوڵــەتی عوسمــانی هەمیشــە هەوڵی دەدا موسڵمانیان بکات.

لەســەردەمی خەلیفــە ( ســولّتان عەبدولحەمید)کــەزۆر دڕنــدەبوو، دڵڕەقانـە کـەوتبووە وێزەیـان. بۆئـەوەی ئەرمەنیـەکان وئێزدیـەکان بکـات بەموســڵمان، یاســای ســەربازی بەســەریاندا ســەپاند. لەســاڵی ١٨٩٠ سەرلەشـکر ( عومـەر وەهـبی) بـۆ سـەر ئێزدیـەکان تـەرخان کـرا. ئـەویش لەشـکری ئامـادەکرد. بـەلاَم بـۆی دەرکـەوت بەشـەڕ هیچـی پـێ ناکرێـت، بۆیە کەوتە فێل کردن وداونانەوە.

لەســاڵی ١٨٩٢ پــیرە ئێزدیــەکانی ( پیــاوە ئاینیەکان)ناوچــەی شــێخانی بــەناوی بانگهێشــتەوە بــۆ موســڵ بــانگ کــرد. هــەتاوەکو دەرەوەی شــار بــەرەو پیرییــان چــوون وبەئاهەنگــەوە پێشــوازییان لــێ کــرا. پــاش

گەیشــتنیان، لەلایــەن ســەرباز ومــەلاکانی ناوچــەکە تــاکو بارەگــای بــابی عــالی بــەڕێخران ، لــەوێ لەگــەڵ میرەکــەیان( میرزابــەگ) بەســێ ڕیــز ڕایــان گــرتن. والــی وفــەریقیش لــەجێگای خۆیــان دانیشــت بــوون. فــەریق فــەرمانی پێـدان کـەتێکڕا شـەیتان بـە نـەفرەت بکـەن. وەموسـڵمان بـن. ئـەوانیش ئـەم فرمانــەیان ڕەتکــردەوە، لــەئاینی خۆیــان لایــان نــەدا. ئەمــەش بــووە هــۆی کوشــت وبــڕی ئــەو خەڵکــەی کــەبۆ بانگهێشــتنەکە هــاتبوون. لەملایشــەوە، فــەریق وەهــبی بەســەرکردایەتی کوڕەکــەی ، لەشــکرەکەی هێرشــی کــردە ســەر دانیشــتوانی شــێخان. لەســەر نەخشــەو پیلانــی بــاوکی ، کەوتــە کوشــت وبــڕی خەڵکەکەوڕوخانــدنی قوبــەی گــۆڕی شــێخەکەیان وپەیکــەری تــاوس مەلـــەکی دزی . خەڵکەکـــە بەپەلـــەپڕوزێ توانیـــان ژن ومنداڵـــەکانیان ، دەربــاز بکــەن. لــەپاش تــاڵانی ومــاڵ بڕینێکــی زۆر ، هــەربۆ دژایــەتی کردنــی ئاینەکــەیان، پەرستگاکەیشــیان کــرد بەقوتابخانەیــەکی ئیســلامی.ئەمەش دادی نەدان وخەلکەکە بەنەفەسیکی زۆرەوەبەرامبەریان وەستانەوە .

ناچــار ســوڵتان وازی لێهێنــان. لــەڕۆژی ٢١ــ ٢ــ ١٨٩٥(ســلێمان نــەزیف پاشــا)کەکورد بــووەودایکی ئێــزدی بــووە، ئــەو پەیکــەرەی گەڕانــدەوە ناوچەی شێخان.

لەســەردەمی دەوڵــەتی عێراقیــدا لەســاڵی ١٩٣٤ یاســایەك دەرچــوو، بــۆ ناونوســکردنی بــەزۆر بــۆ ســەربازی کردنیــان. ئێزدیــەکانیش هــەروەك ڕابوردوویـــان، دژی ئـــەم بڕیـــارە ڕاپـــەڕین ودەســـتیان دایەچـــەك. لـە١ــ١٠ــ١٩٣٥دەوڵـەت بەژمارەیـەکی زۆری پـۆلیس وسـەرباز بەپشـتیوانی تانـك وتـۆپ وفڕۆکـەی جـەنگی هێرشـێکی کـت وپڕیـان کـردە سـەر ناوچـەی شـــەنگال. (٧٠٠) شۆڕشگێڕلەچـــاوەڕوانیاندا بـــوون. لـــەناویان(داودێ داود

و ڕەشــە قولــو) دوان لــە ســەرکردەکانیان بــوون. لــەپاش ١٧ ڕۆژ شــەڕ لەچــیای شــەنگال، بــەلاّم دوژمــن هەمیشــە کەدەشــکیٚ، پــەلاماری ژن ومندالٚ دەدەن. چەندین کەسیشیان گولەباران کرد.

دەولّــەتی عێــراق ، بەتایبــەتی لــەپاش دەســەلاّت گرتنــە دەســتی بەعســیەکان، بەشــێوەی جیاجیاهــەولّی جینۆســایدکردنی ئــەم گروپــە ئاینیــەی کوردیــان داوە. بەهــەولّی هەنــدیٚ مێژوونوســی عــەرەبی ڕەگەزپەرســت، ئێزدیــەکان دەبەنەوەســەر یەزیــدی کــوڕی مەعاویــە. وەلەهــەموو ســەرژمێریەکاندا لەســالّی ١٩٧٧ بــەدواوە، ئێزدیــەکان بەعــەرەب نوســراون. بــەلاّم دەپرســین ئەگــەر ئێزدیــەکان عــەرەبن، چ پێویست دەکات تەعریب بکرێن بەم جۆرە:

گونــدە ئێزدیــەکانی ناوچــەی زاخــۆ کەســەر بــە عەشــیرەتی( هــەوێری وماســەکی وڕەشــکانی)ن لەســالّی ١٩٧٩ بــۆ ڕاگــوێزران بــۆ هــەردوو ئوردوگــای ( شــاریا) و( خــانکیٚ) وەدەســت بەســەر زەوی وزارەکانیانــدا گیرا وعەرەبیان لەشوێنیان نیشتەجیٚ کرد؟

لەقــەزای ســومێلیش ، ناوچــەی ئێزدیــەکان بەناوچــەی ( دنــان) ناســراوە، ئەکەوێتــە باشــوری ســومێل تادەگاتــە بەنــداوی موســلٚ لەســالّی ١٩٣٨ ئێزدیەکان ڕاگوێزران ، لەگوندی خانکیٚ نیشتەجیٚ کران.

گونــدەکانی ناوچــەی فایــدە کەئەکەوێتــە باشــوری دهــۆك ، لەبــەر ئــەوەی گونــدەکانیان بەتەنیشــت شــاخەوەن، لەشۆڕشــی ١٩٦١ ســوتێنراون. جــارێکی تــریش لەســالّی ١٩٧٤ دووبــارە ســوتێنرانەوە. بەدرێــژایی ســالاّنی هەشــتاکان، بەناوچــەی( موحەڕەمــە) دانرابــوو. لەســالّی ١٩٧٨بەفــەرمانی بەغــدا بڕیــاری ڕاگواســتنیان درا. بەشــۆفلٚ خانوەکانیــان ڕوخێنــرا،

مەزارەئاینیــەکانیان بــەtnt    تەقێنرانــەوە. خەڵکەکەیشــی لــەنزیك فایــدە خڕکرانــەوە. لــەئوردوگای زۆرە ملێی(ئــەبی فراســی حەمــدانی) نیشــتەجێ کــران. هــەروەها لەهــەمان ســاڵدا ڕژێــم گونــدەکانی ڕۆژهــەلاتی فایدەیشــی گواســــتەوە بــۆ نزیــك بەنــداوی موســـلً. لـــە ئوردوگایـــەك کۆکرانـــەوە بەناوی(ئەلریسالە).

شـــەنگال لەســـاڵی ١٩٧٥دا بەرشـــالاەێکی بـــەربلاوی تـــەعریب کـــەوت. نزیکــەی ٢٠٠ گونــدی ئێــزدی گوازراوەتــەوە گونــدەکانی دەوروبــەری قــەزای قوش تەپە لەئوردوگای ( شێخکا) نیشتەجێ بوون.

وەلەقـــەزای شـــێخانیش ڕاگواســـتن لـــە چلەکانەوەدەســـتی پێکـــردووە. لەســاڵی ١٩٧٥ زیــاتر پــەیڕەو کــرا. حــەوت گونــدیان ڕاگواســت. دەســت بەســەر هــەموو ماڵەکانیانــدا گــیرا. خانوەکانیــان خــاپورکران. دانیشــتوانی ئـــەم گوندانـــە١٥٠ تـــا٢٠٠ خێـــزان دەبـــوون. لەدەشـــتێکدا فڕێیانـــدان. ناچــاربوون لەناوخێوەتــدا بــژین. پاشــتر پــەنجا خێزانــی ســەر بەعەشــیرەتی ( مــامۆس) وچــەند بنەماڵەیــەکی تــر ڕاگــوێزران بــۆ ئوردوگــای( مەهــەق) . پــاش داگیرکردنــی مــاڵ وســامانیان، بەپشــتیوانی حکومــەتی بەغــدا ، زەوی وزارەکانیـــان درا بـــە عـــەرەب وئـــەمانیش ناچـــار لەعەرەبـــەکان بـــەکرێ گرتیــان وکاریــان تێــدا دەکــرد. وەهــیچ بایــەخێك بەخزمــەت کردنیــان نــەدرا، تێکـــڕای خێزانـــەکان ١٥٠٠ خێـــزان بـــوون. ژیـــانێکی مـــەمرەو مـــەژی وکولەمەرگی ژیان.

وەفشــاری بەعســیەکان هــەناکو ئێســتاش بەردەوامــە. ئــەوەی شــایانی بــاس کــردن بێــت ، ڕێــزو ستایشــە هــەردەم ئامــادەی کــۆڕی خــەبات بــوون وســەدان قوربانیــان لــەپێناوی گــەلی کــوردا داوە. بەشــدارییان لەشۆڕشــی

نوێــــدا کـــردووه. یەکـــەمین مـــەفرەزەی ســـەرەتایی شۆڕشـــی نوێمـــان بەفەرمانـدەیی شـەهیدی نـەمر ئیـبراهیم عـەزۆ بـووە. وەیەکـەمین ڕێبـەری سیاســـی لەشۆڕشـــی نوێمانـــدا شـــەهید بـــووە، شـــەهید عـــەبولڕەحمان شـەنگالی کەلـە ٢٠ ـ ٣ ـ ١٩٧٧ لەموسـڵ لەسـێدارە درا. کـەدوو شـەهیدی کـوردی ئێـزدین. لەگـەڵ چـەندین هـەڤاڵی تـردا شـەهید کـران. وەبەنـەمانی مـــەفرەزە ســـەرەتاییەکانی بادینـــان، کـــەلێنێکی گـــەورە دروســـت بـــوو لەجەستەی شۆڕشی نوێماندا.

## سەرچاوەکانی بەشی پێنجەم


١- پاکتـــاوکردنی کـــورد وتـــەعریب کردنـــی کوردســـتان لەمێـــژووی کـــوردا. جـــەلال جەوهەرـــ کوردســـتانی نـــوێ ژمـــارە (٢٤٨٥) لە٢١ـ٦ـ٢٠٠١

٢- یەزیدیەکان لەمێژووی نەتەوەکەیاندا. نوسینی لاوك

٣- کوردستانی نوێ ژمارە(٢١٤٠) لە٨ـ٥ـ٢٠٠٠



ئـــەم بابەتەلـــەگۆڤاری ڕێبـــەری پێشـــمەرگە ژمـــارە٤٢ی تشـــرینی یەکـــەمی ٢٠٠٢ بلاوکراوەتەوە

## بەشی شەشەم
## بەعس وکورد قڕان

لـــەپاش شۆڕشـــی ١٤ی تـــەموزی ســـاڵی ١٩٥٨ی خـــەڵکی غێـــراق ، وەڕوخـــانی ڕژێمـــی پاشـــایەتی . تاڕادەیـــەك دیموكراســـی بـــۆ خـــەڵك دەســـتەبەر كـرا. پـارت وڕێكخـراوە سیاسـیەكان چـالاكییان ئاشـكرا كـرد. بـەلاَم لـە٧ــ١٠ــ١٩٥٩ بەعسـیەكان هەوڵیانـدا كودەتـا بۆڕوخـانی ڕژێمـی كۆمـاری عەبدولكـەریم قاسـم سـازبدەن. لەكاتێكـدا زۆربـەی خـەڵكی عێـراق دڵیـــان بـــەو دیموكراســـی یـــە خـــۆش بـــوو. ئەمـــە یەكـــەم هـــەنگاوی دژە دیموكراسی حزبی بەعس بوو، بەلاَم سەرنەكەوتن.

بۆجـــاری دوهـــەم لەوكێشـــەو ململانێیـــەی نێـــوان عەبدولكـــەریم قـــاسمی ســـەرۆك كۆمـــار و عەبدولســـەلام عـــارف جێگـــری ، توانیـــان هـــەل بقۆزنـــەوەو بەپشـــتیوانی عەبدولســـەلام عـــارف كودەتـــا ڕێكخـــرا. لەكاتـــژمێری ٩ی بـــەیانی ڕۆژی ٨ی شـــوباتی ســـاڵی ١٩٦٣بەیاننامـــەی كودەتاچـــییەكان بەخـــەڵكی ڕاگەیەنـــدرا. لـــەناو ســـتۆدیۆی ئیزگـــە عەبدولكـــەریم قاســـم بەدەستی بەعسیەكان كوژراو پیشانی خەڵك درا.

هەرلـــەپاش چـــوارمانگ، كودەتاچـــیەكان هێشـــتا دام ودەزگـــای خۆیـــان بەتـــەواوی قـــایم نـــەكردبوو، بەگشـــت لایەكـــدا كەوتنـــە گیـــانی خـــەڵكی عێـــراق بەگشـــتی وگـــەلی كوردســـتان بەتایبـــەتی. بەراســـت وچـــەپدا كوردیـــان دەكوشـــت. بـــۆ ئـــەم مەرامـــە گلاوەیـــان، هێزێكـــی گـــەورەی عەشـــایەریان لەخـــەڵكی عـــەرەبی لادێ نشـــین و نەخوێنـــدەوار ونـــەفام ودژبەگـــەل دروســـت كـــرد. ســـەرۆك عەشـــیرەتەكانیان دەكـــردە بەرپرســـیان. ناویـــان لـــێ نـــابوون

( حــەرەس قــەومی) لــەناو خەڵكــدا بەشــێوەی جاشــی خــۆفرۆش كاریــان دەكـرد. ڕژێمـی ئەوسـای بـەعس ناویـان لێنـابوون( فرسـان الولیـد وفرسـان الصـلاح الـدین). بـەرەلاّی گیـانی خـەڵكی شـارولادێ نشـینیان كـردن. ئـەم ماوەیە لەمێژووی عێراقدا بەماوەیەكی ڕەش وتاریك دەژمێردرێت .

ئــەو عەشــیراتانەی كەئــەم هێزانــەیان لــێ پێكهێنرابــوو، عەشــیرەتەكانی( أل عبیــد) بەشــی هــەرە زۆریــان بــوون. ( عــواد ملــهوش) ســەرۆكیان بــوو. لەســـەر بڕیـــارو فـــەرمانی بەعســـیەكان حـــەرەس قەومیـــەكان پـــەلامارێكی دڕندانـــــەی كوردیانـــــــدا. لەشـــــارودێهاتەكان ، كەیەكـــــەم هـــــەوڵی جینۆســـایدكردنی كـــوردە لەمێـــژووی بەعســـیەكاندا. شـــارەكانی كـــەركوك ، ســلێمانی، كۆیــە، ڕانیــە، هــەولێر، قــەلاّدزێ وچــەندین شــوێنی تــر، كەوتنــە بـــەر پـــەلاماری ئـــەم هێزانـــە. ڕێـــك لـــە ڕێكـــەوتی ڕۆژی ٩ی حـــوزەیرانی ئەوســــاڵە، لەشــــاری كــــەركوك پــــەلاماری گەڕەكــــە كوردنشــــینەكانی شــوّریجەوئیمام قاســم وڕەحــیم ئاوایــان دا. گــەڕەكی كۆمــاری كەنزیكــەی (٥٠٠) خــانوو مــاڵ زیــاتر دەبــوو ڕوخێنــران وخەڵەكــەی دەركــران وئــاوارەی هەمولایــەك كــران. دەســتیان لــەژن ومنــداڵ وپــیر نەدەپاراســت. ئــەم هوتافانەیان دەگووتەوە:

- احنا العرب اهل الغیرة ــ مانخلي اكراد بهالدیرة
- احنا البدو ــ وین العدو

هــەر لەهــەمان كاتــدا پۆلێــك لاوی تێكۆشــەریان لەســێدارەدا. تەرمــەكانیان بەداروســــتونەكانی نزیــــك دادگــــای كــــەركوك بۆچاوترســــاندنی خــــەڵكی هەڵواسی. لەوانە:

١–شێخ مارف بەرزنجی

٢–جەبار پیرۆز خان

٣–حسین عبدالکریم

٤–احسان حسین ساڵیی

٥–نوری عبدالله

٦–فەتاح زەنگەنە

کەلەگەڵ ٢٣کەسی تردا لەقەنارەدران. هانی تورکمانەکانیان دەدا کە تف وتۆکڵە شوتی بگرنە تەرمەکانیان.

جگە لەناوشار، پەلاماری هەموو گوندەکانی ناوچەی کەرکوکیاندا. لەخوت وخۆڕایی خەڵکێکی زۆریان کوشت . گرنگ نەبوو بەلایانەوە کەسەکە شوانە، جوتیارە، هەرچییەکە. گرنگ ئەوەبوو کوردبێت وبیکوژن. لەهەمان ڕۆژدا لەشاری سلێمانی ، لەسەربڕیاری زەعیم سدیق بڕیاری قەدەغەکردنی هاتوچۆدرا. بۆئەوەی بەئاسانی بتوانن ماڵەکان بگەڕێن. خەڵکی بەرەو زیندانەکان ڕاپێچ بکەن. خەڵکێکی زۆری دەوروبەری سلێمانی کەبە بانگەوازەیان نەزانی بوو، بۆکاروکاسبی ومیوانی وکاری پێویست هات بوون. بێئاگایانە گیران وبێ سەروشوێن کران. لەو ڕەش بگیری یەدا نزیکەی دووهەزاروپێنج سەد کەس گیران. لەگەلەخانەکانی حامیەدا زیندانی کران. ئازارو ئەشکەنجەوسوکایەتی یان پێکرا. کۆمەڵێك کەسایەتی ومامۆستا لەپاش گرتنیان بەشێوەیەکی ناشارستانی دادگایی کران. لەدادگای( شیوی مەرگ ) گولەباران کران وخرانە ژێر گڵەوە. هەندێکیان زیندە بەچاڵ کران. کەپاشتر لەساڵی ١٩٦٤ لەکاتی گفتەگۆی شۆڕش ومیری ،

گۆڕەکـان دۆزرانـەوەودەرهێنران. سەدکەسـی لـەو کوژراوانـە ناوەکانیـان تۆمارکراون.

ئەنـدامانی دادگـای شـیوی مـەرگ ، کـەڕژێم بـۆ ئـەو کۆمـەڵ کوژییـە سـازی کردبوو ئەمانەبوون:

١–زەعـیم سـدیق مسـتەفا، فەرمانـدەی لیـوای(٢٠) ی سـلێمانی، سـەرۆکی دادگا.

٢– حاجی عبدالرزاق محمود، موتەسەڕیفی سلێمانی، ئەندام

٣–عقید جاسم ، خەڵکی بەعقوبە، ئەندام.

٤–مقدم فەیسەڵ، خەڵکی بەعقوبە، ئەندام.

٥–پزیشك، محمد علی حسین،ئەندام.

هـەروەها لەشـاری کۆیـەدا ، عەقیـد تـەها جـەواد شەکرچـی کەوتـە گیـانی خـەڵکی کۆیـە. ژمارەیـەکی زۆری خـەڵکی گـرت . هەنـدێك خـەڵکی ناسراوی ناوچەکەی بەستونی کارەباوە هەڵواسی، لەوانە:

١– کەماڵ ڕەشید حەوێزی، مامۆستای ناوەندی کۆیە.
٢– ئیسحاق یۆحەنا، مەسیحی
٣– شەفیق هۆمەر
٤– سلێمان حەمەقاوەچی
٥– محەمەد وەهاب ئاغا .
٦– حەمەئەمین ئەحمەد ئاغا.

ئـــەم ڕەشـــە کـــوژی وتـــاڵان وڕاونانـــە ناوچـــەکانی قـــەڵادزێ وبیارەوزۆربـــەی شاروناوچـەکانی تـری کوردسـتانی گرتـەوە. بـەبێ هـیچ هۆیـەك وتـەنها وەك ڕق وقینێــك کەلــەکورد هــەیان بــوو ، بۆخۆســەپاندن ولــەناوبردنی کــورد بـــوو. بـــەڵام ئـــەم دوژمنکارییـــە زۆری نەخایانـــد . تـــاهیر یـــەحیا ، کەســەرۆکی ئــەرکانی ســوپا بــوو . لەگــەڵ عەبدولســەلام عــارف توانیــان ڕێـك بکـەون لـە١٨=١١-١٩٦٣ پێکـەوە بەعسـیەکانیان لەسـەر حـوکم لادا. وەحکومـــەتێکی خۆییـــان دروســـت کـــرد. هـــەتاکو ڕۆژی ١٧ی تـــەموزی ١٩٦٨ درێـــژەی کێشـــا. لـــەوڕۆژەدا بەعســـیەکان بـــەهاوکاری بـــەریتانیا ، جـارێکی تـر بـۆ سـەرحوکم هاتنـەوە. بەوپێیـەی حزبـی بـەعس زۆر ڕقـی لـــەکوردەو نایـــەوێت بـــەئارامی بـــژێت. بـــۆ لـــەناوبردنی کـــورد، هـــەموو ســتراتیژی خــۆی دادەڕشــت ،کــە نەتــەوەی کــوردی لەبۆتــەی نەتــەوەی عەرەبـدا بتوێنێتـەوە. ئـــەم ئاواتـــەیان وەکـــو خـــەونێك وابـــوو. بـــەناوی بـــــەهێزکردنی ناسیونالیســـــتی عەرەبیەوەهـــــەوڵی بـــــەدیهێنانیان دەدا. کەخۆیان بەپێشڕەوی گەلی عەرەب دەزانی.

پـاش هاتنـەوەیان ، جـارێکی تـر کەوتنـەوە گیـانی کـورد. پـەلامارەکانیان دەســت پێکــردەوە. شــەڕیان دژی کــورد بــەرپا کــرد. کەلەیــەکێك لــەو پەلاماردانانـــە، لـــەڕۆژی ١٨-ئـــابی١٩٦٩. کاتێـــك پـــەلاماری ناوچـــەی ســلێمانیان دا، لەگونــدەکانی دوکــان ودەەروپشــتی ٦٢تــا٦٧ژن ومنــداڵ لەبـــەر ترســـی کوشـــتن خۆیـــان لەئەشـــکەوتێکدا شـــاردبووەوە. پـــاش دۆزینـــەوەیان ئاگریـــان لەئەشـــکەوتەکە بـــەرداو هـــەر هـــەموو ئـــەوبێ تاوانانــەیان کــردە قەقنــەس وتــاوانێکی تریــان لــەدژی کــورد ئــەنجام دا. لەبـەر ئـەو هێـرش وپـەلامارە دڕندانـەیان شۆڕشـی کـورد کڵپـەی سـەند . لەولایشـــەوە نـــەیارەکانی تریـــان زۆریـــان بـــۆ هێنـــان ولەترســـی شکســـت

هێنـانی خۆیـان، پـەنایان بـردە بـەر فـرت وفێڵـو کـات بەسـەربردن. کـەمێك نـەرمتر هاتنـە مەیـدان و گفـت وگۆیـان لەگـەڵ کـورد دا دەسـت پێکـرد. بـەیانی (١١) ی ئـاداری ١٩٧٠ خوێندرایـەوە. کـورد ئومێـدی بـوو ئۆتۆنـۆمی بـۆ بەرقـەرار بکـرێ. وتـو وێـژ لـە١٩٧٠ تـاکو ١٩٧٤ درێـژەی کێشـا . هـیچ مـافێکی کوردیـان نەسـەلماند. هەرکـە خۆیـان بـەهێزکردەوە، جـارێکی تـر شـەڕیان لـەدژی کـورد دەسـت پێکـردەوە. پـەلاماری کوردسـتانیان دایـەوە. کوردیـــان لەشـــارەگەورەکانی کـــەرکوك وموســـڵ وخانـــەقین ومەنـــدەلی دەرکـــرد. بەمەبەســـتی قـــەلا چـــۆکردن . کەوتنـــە ســـوتاندنی گونـــد وبەروبومی جوتیاران ولەسێدارەدان وزیندانی کردنی لاوانی کورد.

حزبـی بـەعس لـەپێناوی فـەلا چـۆکردنی کـورد ، پـەنای بـۆ برسـی کردنـی بـرد. بـەجۆرێك ئابلۆقـەی خسـتە سـەر ناوچـەکانی کوردسـتان، بـۆ ئـەوەی ژیـانێکی سـەختی مەرگەسـات بـژین،ڕێگایان نـەدەدا، ئـارد، شـەکر، چـا ، ڕۆن ، سـوتەمەنی بگاتـە گونـدەکان. جگـە لـەوەش ڕێگـای نـەدەدا بـەهیچ دەرمـان وپزیشـکێك بچـێتە نـاو گوندەکانـەوە. چارەسـەری نەخۆشـیش ڕێگـای پـێ نـەدەدرا. وەلەشـارەکانیش کـەوتبووەگرتن وکوشـتنی خـەڵکی نیشـتمان پـەروەر. لـە٪٩٠ گونـدەکان برسـی کـران. بـەلام بـەهۆی بـەپیتی خاکی کوردستان، ئەو سیاسەتی برسی کردنە زۆر کاریگەری نەبوو.

بەعســـیەکان بەمەشەوەنەوەســـتان، ڕۆژانـــە بەفرۆکـــە بۆمبـــارانی گونـدەکانی کوردسـتانیان دەکـرد، دەسـتی لـەهیچ کـەس نەدەپاراسـت، گـــرنگ ئـــەوەبوو بەلایانـــەوە کـــەزۆرترین کـــورد بکـــوژن. لـــەو بۆردومانکردنانەیانـدا زۆربـەی جارەکـان بۆمبـای قەدەغـەکراوی ناپاڵمیـان بـــەکاردەهێنا. ئـــەم بۆردومانکردنانـــە شارەکانیشـــی گرتـــەوە. لـــەڕۆژی

٢٤ــ٤ــ١٩٧٤ لەکاتــژمێری ٩,٢٠ ســەر لەبــەیانی چــەند فڕۆکەیــەکی بــەعس ، بــەیۆمبی ناپــاڵم کەوتنــە بۆردومــان کردنــی شــاری قــەڵادزێ. چــونکە ئــەو شــاره لــەو ڕۆژگــارەدا ببــوه لانکــەی شــۆڕش وکوردایــەتی. بــەهۆی هەڵوێســتی شۆڕشــگێرانەی مامۆســتاو خوێنــدکارەکان وبــەردەوام بــوونی خوێنــدن ، زانکــۆی ســلێمانی گواســترایەوه بــۆ ئــەو شــاره. لەئــەنجامی ئــەو بۆردوومان کردنە کوێرانەیەدا ٣٠٠مرۆڤی بێ تاوان شەهید کران.

هــەر لــەپاش دووڕۆژ لــەم کارەســاتە ، لــەڕۆژی٢٦-٤لەکاتــژمێری ٤ی ئێــوارەی یەکشــەمە شــەش فڕۆکــەی ڕژێــم لــەجۆری مێــك ، پــەلاماری شــاری هەڵەبجەیانــدا. گــەڕەکی پــیر محەمەمــەدیان بــە بۆمبــای ناپــاڵم بۆردومــان کــرد. حــەوت بۆمبیــان بەســەر ئەوشــارەدا بــاران. بــووه هــۆی کوشــتنی (١٠٠) کــەس ولــەنێوان برینــدارەکانیش ٣٣ کەســیان گیــانی لەدەســت دا. گــەلێك ژن ومنــداڵی ســاوای تێــدابوو. ئەمــەش بۆمــاوەی ســێ ڕۆژ بــووه هۆی چۆڵ کردنی شارەکە.

جگــە لــە کوشــتنی بەئەنقەســتی خــەڵکی مــەدەنی ، وەك پلانێکــی جینۆســاید، ئــەم هێرشــە ســەربازیانە بەفڕۆکــەی بۆمــب هاوێــژ لــەناو بــەرەکانی جــەنگی ســەربازیدا نــەبووه. ئەمــەش زۆر لەســەرخۆو بــەخوێن ساردیەوه، بــەپێی نەخشــەوپلان بــەڕێوه چــووه. دەســتیان لــەژن ومنــداڵ وخوێندکارومامۆستاوپزیشــك وکاســبکار نەدەپاراســت. مەگــەر خۆیــان بــەو دیمــەنی کوشــتن وبرینــە خەنــدەو پێکــەنینیان بێــت. وەبەشــان وبــاهۆی خۆیانــدا هــەڵ بــدەن. چــەنکە ئــەو شــوێنانەی بۆردومــان کــران، بارەگــای پێشــمەرگە نــەبوون. کــوردیش بــۆ پەرچــدانەوەی توانــەوەو

جینۆســـایدکردن، پـــەرەی بەیزتنـــەوەی ڕزگـــاری خـــوازی خـــۆی دەدا. خەباتی چەکدارانەی  نزیکی سەرکەوتن بوو.

لـــەنێوانی ســـالآنی ١٩٧٤ – ١٩٧٥ کوردســـتان خـــوێنی لـــێ دەچـــۆڕا. گـــرتن وکوشـــتن پـــەرەی ســـەندبوو. کوردســـتان خرابـــووە چوارچـــێوەی ئابلۆقەیـــەکی تونـــدی ئابوریـــەوە. شۆڕشـــی کـــورد بـــەو کارانـــە بـــەهێزتر دەبـــوو. خۆپەرســـتی بەعســـیەکانیش هێنـــدە مایـــەپوچ بـــوو، کێشـــەی کوردیـــان بەکێشـــەیەکی تـــر چارەســـەر کـــرد. لـــەجیاتی دان نـــان بـــەمافی کـــورد ودروســـت کردنـــی ئاشـــتی ، لەبەرامبـــەر تواندنـــەوەی شـــۆرش وپشـــتگیری نەکردن لەکورد.  سەریان بۆڕژێمی شاهانەی ئێران دانواند.

 عێـــراق وئێـــران  لەلایـــەن هـــەردوولاوە لەجـــەزائیر ڕێکەوتننامەیـــەکیان ســـاڵی ١٩٧٥  بـــەهاوکاری ئـــەمریکا ئیمزاکـــرد. کەبەشـــێك لەشـــەتی عـــەرەب درا بەئێران. ئێرانیش سنوری لەشۆڕش گێرانی کورد داخست.

بەهـــەرحاڵ هەرەســـیان بـــە شـــۆڕش هێنـــا.  لـــەمانگی ئـــاداری ســـاڵی ١٩٧٥ بـــەدواوە، کوردســـتان توشـــی گـــەورەترین نەهامـــەتی هـــات. کـــورد ڕوبـــەڕوی چارەنوســـێکی خـــراپ بـــووەوە. بەئاشـــکرا بەرامبـــەر کـــورد پـــەیڕەوی جینۆســـایدکرا. لەیەکـــەم هـــەنگاودا (٤٠٠٠) گونـــد  وهەنـــدێ قـــەزاو ناحیـــە لەســـنورەکانی ئێـــران وتورکیـــا بەتـــەواوی کـــاول کـــران. لەخەڵکەکـــەی چـــۆڵ کـــرا. کـــانی وکـــارێز وبیرەکـــان پرکرانـــەوە وچـــەم ودارســـتەکانیش ســـوتێران وکیمیـــایی کرابەســـەر باخەکانـــدا تـــاکو نەڕوێنـــەوە. کـــەتێکڕای خەڵکـــە ڕاگوێزراوەکـــانی گونـــدەکان، خـــۆی لـــە(٢٥٠) هـــەزار کـــەس  زیـــاتردەدا  . بەســـەدان ئوردوگـــای زۆرە ملـــێ دروســـت کـــران. خـــەڵکی ئـــەو گوندانـــە ڕاپێچـــی ئـــەو ئوردوگایانـــە کـــران. بەشـــێوەی ســـەربازگە دروســـت کرابـــوون.

لــــەژێر دەســــەڵاتی ڕژێمـــدا بـــوون ودوور لــــە هەمووخزمــــەت گوزاریــــەك . بێئــەوەی کــارو بــژێوی ژیانیــان بــۆ دابــین بکرێــت . گــوزەرانێکی ســەختیان بۆخــەڵکی کــورد هەڵبــژارد. ئەمــەش بــاری هــەژاری وگــوزەرانی خــەڵکی زۆر ســەخت کــرد. لــە پێنــاوی لــەناوبردن وقەلاًچــۆکردن ، کۆمــەڵی کــوردەواری لەکۆمەڵگەیــــەکی جوتیــــاری بەرهــــەم هێنــــەوەکردە کۆمەڵگەیــــەکی مشەخۆری بێ بەرهەم.

ڕژێمــی حــوکمڕانی بــەعس لــەپێناوی دابــڕینی کــورد لــەخاکی خــۆی ، هــەموو ڕێگایــــەکی گرتەبــــەر. بەهــــەزاران ڕەبیــــەی لەسەرشــــاخ وتەپۆڵکــــەو بەرزاییــەکانی کوردســـتان دروســـت کـــرد. بـــەملیۆنان مـــینی چـــاند، تـــاکو ئێستاش هەندێ ناوچە لەبەر ئەوەی مین ڕێژکراوە چۆڵکراوە.

بەتــــەواوی بەشــــێکی زۆری کوردســــتانی کــــاول کــــرد، کــــاتێ پــــرد وڕێگاوبانەکانی تەقاندەوە، شوێنەواری ژیانی تێدا سڕیەوە.

لەلایــــەکی تریشــــەوە، بەشــــێکی زۆری مامۆســــتا وپزیشــــك وپــــارێزەرو کەســــایەتی کــــوردی بــــەرەو شــــارەکانی باشــــور دوورخســــتەوە . بــــەو ئامانجــەی لــەناو عەرەبــدا بتوێنــەوە، ڕێگــای پێنــەدان لــەهیچ شــارێکی کوردســـتان بـــژین. لـــەجێگای ئـــەوانیش ڕێژەیـــەکی یـــەکجار زۆری عـــەرەبی هـــاوردە کـــردە شـــارەکانی کـــەرکوك ، بەعقوبـــە ، خانـــەقین ،مەنـــدەلی ، مـــەخمور، موســـلً وشـــەنگال. زۆر دڕندانـــە کەوەتـــە گیـــانی خـــەڵکی کـــورد . لەمێــژووی کــوردا بــە ڕۆژانــی ڕەش وتاریــك ولێــلێ بــاس دەکرێــت. کــورد بەتەواوی بەرەو قەلاًچۆکردن دەبرا.

گــەورەترین وزەقتریــن پرۆســەی دەرکردنــی کــورد، تەســفیرکردنی کــوردە فەیلیەکانــە بــۆدەرەوەی عێــراق. کــوردە فەیلیــەکان لەســەرەتای دروســت

بـوونی دەوڵـەتی عێـرا قـدا ڕەگەزنامـەی عێراقیـان دەرکـرد. ئـەویش بـەپێی یاسـای ژمـارە(٤٢) ی سـاڵی ١٩٢٦. پاشـتریش بـەپێی یاسـای ژمـارە ٤٣ کـە لەسـاڵی ١٩٦٣ دەرچـووە، یاسـایەکی دروسـت بـوو، بـەلاّم لەگـەڵ هـاتنی بەعسـیەکان بـە کودەتـا بۆسـەر حـوکم ، ئـیتر لەبـەر مەرامـە گلاّوەکانیـان یاسـای زۆر ڕەگـەز پەرسـتانەیان دەرکـرد لەسـاڵی ١٩٦٩ تـا١٩٧٠ دوازدە هـەزار کـوردی فـەیلییان بـەرەو ئێـران دەرکـرد. لەسـاڵی ١٩٧٠ دوازدە هـەزاری دیکـە و، لەسـاڵی ١٩٧٠– ١٩٧٢ حەفتاهـەزاری تـر. هـەتاکو ١–٤–١٩٨٠ کەبـەهۆی ڕوداوی تەقینـەوە لـەزانکۆی موستەنسـەریە، کەهـەوڵی کوشـتنی تـاریق یۆحـەنا عـەزیز درا. حکومـەتی بـەعس سێسـەد هـەزار کـوردی فـەیلی بەتۆمـەتی ئێرانـی بـوون ، لـەعێراق دەرکـرد. ڕایگواسـتن بـۆ سـنورەکانی ئێـران و بـەرەو ناوچـەی سـۆمار بەڕێی کردن.

لـەپێش دەسـتپێکردنی جـەنگی هەشـت سـاڵەی نێـوان عێـراق وئێـران، لەڕێکـەوتی ٧ نیسـانی ١٩٨٠گـەورە بازرگانـە عێراقیـەکان کـە٣\٤ یـان کـوردی فـەیلی بـوون، بـەبیانووی پێـدانی مۆڵـەتی هێنـانی کـالآی بازرگـانی، بـانگکران بـۆ بەغـدا. لەوێـدا تـەها یاسـین جـەزراوی فەرمانیـدا بازرگانـە فەیلیـەکان دەسـتگیر بکـەن .دوای وەرگرتنـەوەی ڕەگەزنامـەکانیان و زەوت کردنـی مـاڵ ومولّکیـان ، خۆیـان وخێزانەکانیان بەرەو ئێران بگوێزنەوە.

ئەمـەش بـەپێی بڕیـاری ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش ژمـارە ٦٦٦ لە٧–٥–١٩٨٠ کەبەم شێوەیەیە:

١–ڕەگەزنامـــەی عێراقـــی لـــەو کەســـانە وەردەگیرێتـــەوە، کەبەبنـــەڕەت بیـــانین. ئەگـــەر وادەرکـــەوت وەفادارنـــابن بـــۆ وڵات وگـــەل وئامانجـــە نەتەوەییەکان وکۆمەلآیەتیەکانی بەرزی شۆڕش.

٢– بـــەپێی بەنـــدی (١) پێویســـتە وەزارەتـــی نـــاوخۆ ئەوکەســـانە دوور بخاتـــەوە کەڕەگەزنامـــەی عێراقییـــان لـــیٚ وەرگیراوەتـــەوە، ئـــەم بڕیـــارە جگـــە لـــەو کەســـانەی کەمانـــەوەیان پێویســـتە لەبـــەر هـــۆی یاســـایی ، یـــان ڕەچاوکردنی مافی خەڵکانی دیکە.

٣–لەسەر وەزیری ناوخۆ پێویستە ئەم بڕیارە جیچ بەجیٚ بکات.

دوابـــەدوای ئـــەم بڕیـــارەی بـــەناو ئەنجومـــەنی ســـەرکردایەتی شـــۆڕش ، دام ودەزگاکـــانی ڕژێـــم بەدڕندانـــەترین شـــێوە کەوتنـــە نـــاو هاوولآتیـــەکوردە فەیلیـــەکان. بـــەبیانووی ئـــەوەی ســـەر بـــەئێرانن. وەفایـــان نیـــە بـــۆ عێـــراق. هـــەزارەها ژن ومنـــداڵیان بـــەجلی ماڵەوەونوســـتن، خســـتە نـــاو لۆریـــەوە بـــەرەو ناوچـــەی (ســـۆمار) ی ئێرانـــی دەریـــان کـــردن. جگـــە لەمـــەش چـــەندین گـــەنجی تەمـــەن١٥–٢٠ ســـاڵەیان دەســـت بەســـەر کـــرد، بـــەرەو بەندیخانەیان برد. کەئێستاش (٧٠٠٠) کەسیان بیٚ سەروشوێنن.

کـــەریم کـــەکوردێکی بەغدایـــە، لەســـاڵی ١٩٨٣ لـــەعێراق هـــەڵاتووە، ئێســـتا هاوولآتیـــەکی ئـــەمریکی یـــە. دوای ئـــەوەی ڕەگەزنامـــەی ئـــەمریکی وەرگرتووە. دەڵێت:

(جـــەماڵ) ی بـــرام تەمـــەنی ٢٥ ســـاڵ بـــوو خـــۆی شـــاردەوە. بـــەڵام لەدواییـــدا دەســـتگیر کـــرا. پاشـــان برایـــەکی تریشـــم نـــاوی جـــەمیل بـــوو لەتەمـــەنی ٢٥ ســـاڵی دەســـتگیر کـــرا، هـــیچ هـــەواڵێکیان نـــازانین. دەڵـــیٚ ئێمـــە حەزدەکـــەین

بەوپـــەڕی تواناکانـــەوە هـــەوڵ دەدەیـــن تـــابزانین چـــیان بەســـەر هـــاتووە. نەهـــەواڵ ونـــەزانیاریمان لەبارەیانـــەوە پـــێ نەگەیشـــتووە. لەنـــەبوونی وەڵامەکانـــدا مەترســـی لەســـەر چارەنوســـیان هەیـــە. ئـــەم مەترســـیەش لـــەزیاد بووندایـــە، چـــونکە بـــاس وخواســـێکی تۆقێنـــەر هەیـــە . کەمەحاڵـــە ڕاســـتی یەکـــەی بزانرێـــت. دەڵـــێن هەشـــت ســـەد لاوی فـــەیلی وەك ( بـــەرازەکانی کینیـــا) ســـوودیان لـــێ وەرگـــیراوە بـــۆ تاقیکردنـــەوەی جـــەنگی کیمیایی وبایۆلۆجی.

ئەمـــەش لەناوچـــەی ( موســـەیەب) ی باشـــوری عێـــراق ڕوویـــدا. لەســـاڵی ١٩٨٨ کەتاقیگەیـــەکی نهـــێنی تێدایـــە . لاوەکانیـــان بـــۆ ئـــەوێ گواســـتەوە. هەریەکـــەیان دەرزیـــەکیان لێـــدان وپاشـــان گەڕاندویانەتـــەوە بـــۆ زینـــدان. هـــەموویان لـــەماوەی دوو هەفتـــە یـــان ســـێ هەفتـــە گیانیـــان لەدەســـت دا. ئابـــەم شـــێوەیە ئـــەم ژمـــارە زۆرەی کـــوردو لەســـەر خـــاك وئـــاو ومـــاڵی خۆیـــان دەرکـــراون.....١ بـــە تۆمـــەت وتاوانێـــك کەپەیوەنـــدیان پێـــوە نیـــە، هـــیچ ئاگایـــان لـــەپلانی دژی عێـــراق نـــەبووە. بەوشـــێوە دڕندانـــە ناشارســـتانیە، لـــەوڵات وزێـــدی خۆیـــان وبـــاب وباپیرانیـــان دەرکـــران. کـــە لـــە زۆر وڵاتـــدا هەرکەســـێك ســـێ ســـاڵ نیشـــتەجێ بێـــت تیایـــدا، دەتوانێـــت ڕەگەزنامـــەی ئـــەوێ وەربگرێـــت. کەئەمانـــە ســـەدان ســـاڵە لـــەم وڵاتـــەدا دەژیـــن. چـــونکە ئـــــەم کوردانـــــە لەدەرئـــــەنجامی شـــــەڕی چـــــاڵدێرانی نێـــــوان ســـــەفەوی وعوسمانیەکانـــــدا لـــــەم ناوچـــــانە ماونەتـــــەوە، تـــــەنها لـــــەڕووی ئاینیەوەمەزهـــەبی جیاوازیـــان هەیـــە، لـــەپاش هەڵگیرســـانی جـــەنگی - ئێـــران لـــە٢٣-٩-١٩٨٠ لـــەوە بـــەدواوە ڕژێـــم چـــەندین ناوچـــەی کـــورد نشـــینی وەکـــو پێنجـــوێن، تـەوێڵـــە، بیـــارە، حـــاجی ئۆمـــەران، ودەیـــان قـــەزاو ناحیـــەی تـــر،

کەبـــەهۆی شـــەڕەوە چـــۆڵکران و بەناوچـــەی موحەڕەمـــە دانـــران. وخەڵکەکەی ئاوارەو دەربەدەر کران و توشی ژیانێکی سەخت بوون.

بـەهۆی بـەرەکانی شـەڕەوە، شۆڕشـی کـورد تەشـەنەی کـرد ودەوڵـەتی ئێـرانیش بـەهۆی شۆڕشـی ئیسـلامی و هاتنەسـەر حـوکمی ئایـەتولا خومـەینی ولایـەنگرانی، کـورد دەروازەیـەکی پشـتیوانی لـیَ کرایـەوە. کـەڕۆڵی هەبوولـە بـەهێزبوونی شۆڕشـی کـورددا. ڕژێمـی بـەعس هەسـتی بـەوەکردبوو شۆڕشـی کـورد هـەنگاوی بـاش دەنێـت. وەسـەرکەوتن لـەدوای سـەرکەوتن تۆمـار دەکـات. بۆیـە کەوتـە دانـانی پلانـی جینۆسـاید لـەدژی کـورد. لەیەکـەم هەوڵیـدا لـەئوردوگای قوشـتەپەوە دەسـتی پێکـرد. ئـەم ئوردوگایـە لەسـاڵی ١٩٧٦ دروسـت کرابـوو. گوندنشـینەکانی ناوچـەی عەشـیرەتی بـەرزانی تێـدا کۆکردبـووەوە. وەك تۆڵەسـەندنەوەیەك لەبنەماڵـەی بـارزانی وترسـاندنی عەشـیرەتەکانی دیکـەی کـورد، بەتەلـەزی چـواردەوری ئوردوگاکـە تـەنرابوو، لەشـێوەی زینـدانێکی گـەورە بەسـەربازی زۆر پاسـەوانی دەکـرا. خەڵکەکـەی لەمەرگەسـات ولـەبارێکی پڕ لەترس ودڵە ڕاوکیَ دەژیان.

ڕژێمـی بـەعس کاتێـك نەیـدەتوانی بـەرەنگاری شۆڕشـی کـورد بێتـەوە، ئـەوا دەکەوتـە گیـانی خـەڵکی مـەدەنی . بۆیـە لەتۆڵـەی پـەلامارەکان بۆسەرناوچـەی حـاجی ئۆمـەران. لـەڕۆژی ٣٠تـەمزی ١٩٨٣هێزەکـانی هـەوالگری عێـراق وسـوپا زۆر دڕندانـە چـوونە نـاو ئـەم ئوردوگایـە زۆرە ملێیـە. هەشـت هـەزار نێرینـەیان لـەم عەشـیرەتە هەڵبـژارد، کەتەمـەنیان لـەنێوان ٨–٨٠ساڵە ئەوانـەی توانـای کـارکردن وزاوزێیـان هەیـە. ڕفانـدیانن وبـیَ سـەرو شـوێنیان کـردن. هـەتاکو ئێسـتاش دەنـگ وباسـیان نازانرێـت.

لــەناوبردنی ئــەم ژمــارە زۆرەی نێرینــەی عەشــیرەتێکی کــورد بەشــێکە لــەپلانێکی گــەورەی جینۆســاید. چــونکە جۆرێــك لەکوشــتنی ڕاســتەوخۆ، ڕێگــری کردنــە لــەزاوزێ و وەچەخســتنەوە. لەلایــەکی تریشەوەکەســی بەرهــەمهێن وبەخێوکــەر خێزانــەکان لــەناو دەبــات. کــەپاشماوەی ئــەو خێزانانــە ، تــەنها ئــافرەت ومنــداڵن ، کــەناتوانن بــژێوی خۆیــان پەیــدا بکــەن. ئــەوانیش وردە وردە لــەنێو دەچــن. لەگــەڵ ئەمانەشــدا ڕژێمــی بــەعس نەیدەهێشــت خــەڵکی بەهانایانــەوەبێن وهاوکــاری ویارمــەتیان پێشکەش بکەن.

ســەدام حوســێن لــەڕۆژی ١٢-١-١٩٨٣وەڵامــی ئــەو پرســیارە دەداتــەوە ، سەبارەت بەو هەشت هەزار بەرزانیەلەوتارێکی دا گوتی:

ئێمــە ســزای ئــەو کەســە دەدەیــن کــەهاوکاری کوڕەکــانی بــەرزانی دەکــەن . ئەوانە بەتوندی سزای خۆیان وەرگرت وفڕێدرانە دۆزەخەوە.....(٢)

لەناوســاڵی ١٩٨٥ حکومــەتی بــەعس هــەزارو پێــنج ســەد منــداڵی کــوردی تەمــەن ٨-١٤ســاڵانی وەك بارمتەیــەك لەخوێنــدنگاکان ڕفانــد، بــەبیانووی ئــەوەی کــەس وکاریــان لــەناو هێــزی پێشــمەرگەی کوردســتاندان. ئــەم کــارەش بــووە هــۆی وروژانــدنی لەپەرلــەمانی ئــەورووپادا، ئــەو پەرلەمانــە لەبــەرواری ٩-٤-١٩٨٧دا زۆر بەتونــدی ئیدانــەی عێراقــی کــرد. داوای ئــازاد کردنــی منداڵــەکانی کــرد. بــەڵام تــاکو ئێســتا تــەنها تــەرمی ٧٢ منــداڵ بەدەستی کەس وکاریان گەیشتووە.

لەســاڵی ١٩٨٧ قۆنــاغێکی توندوتیــژی لەلایــەن ڕژێمــەوە هاتەکایــەوە. بــۆ گیانی خەڵکی کورد.

لــە١٣-٥-١٩٨٧ خــەڵكی هەڵەبجــە دژی كــارە دوژمنكاریــەكانی حزبــی بــەعس ڕاپــەڕین ، ڕژێــم پــاش ڕۆژێــك لــە١٤-٥ جــارێكی تــر پــەلاماری گــەڕەكی كـانی عاشـقانی داوبـە تـی ئـێن تـی خانوەكـانی تەقانـدەوە. لـەو كــارەدا ٥٠ كەســی كوشــت. تەنانــەت خــەڵكی لــەژێر داروپــەردووی خانوەكــان دەرهێنــران. هێشــتا زینــدووبوون وبرینــدارەكانیش لەنەخۆشخانە بەدیل گیران ولەگۆڕێكی بەكۆمەڵدا زیندە بەچاڵ كران.

ئەمانەكـەباس كـران، زنجیرەیـەك كـاری جینۆسـاید بـوون كـەڕژێمی بـەعس لـەدژی گـەلی كـورد پیـادەی كـرد . بەشـێوەی جیاجیـا لـەماوی جیاجیـادا. لێرەو لەویَ چۆنی بۆ هەڵكەوتایە دەستی نەدەپاراست.

بــەڵام كاتێــك كــەبواری زیــاتری بــۆ ڕەخســا . بەشــێوەیەكی چــڕ وزۆر دڕندانــەتر ، نەخشــەو پیلانــی گــەورەترین هێرشــی جینۆســاید كردنــی كــردە ســەر گــەلی كــورد. لەماوەیـەكی كورتدابـەهۆی بـەكارهێنانی چـەكی كۆكـوژ، كارەسـاتی ئـەنفالی بەسـەر گـەلی كـورددا هێنـا، تیایـدا ١٨٢ هـەزار مرۆڤـی كــوردی بــیَ تــاوانی دوور لەبــەرەكانی جــەنگ ، كەتــەنها خــەڵكی مــەدەنی بــوون ، بــەژن منداڵــەوە لەبیابانــەكانی خــواروو بــیَ ســەرو شــوێن كــرد. لــەپاڵ ئەمانەشــدا بــەهۆی چــەكی كیمیاییــەوە لــە ڕۆژی ١٦-٣-١٩٨٨ لەشــاری هەڵەبجــە (٥٠٠٠) مرۆڤــی كــوردی لــەناوبرد. پرۆســەی ئــەنفال وكیمیابـاران كردنــی هەڵەبجـە، دوو دیـوی یـەك پرۆسـەی جینۆسـایدكردنی گەلی كورد بوو.


**سەرچاوەکانی بەشی شەشەم**

١-کوردستانی نویٚ- ژمارە ٢١١٧له١١-٤-٢٠٠٠

٢-جینــۆ ســایدی کــورد، مەســەلەیەکی ناوخۆییــە- د. جاســم تۆفیــق- گۆڤاری سیاسەتی دەولی ژمارە٣و٥

ئــەم بابەتــە لــە گۆڤــاری ڕێبــەری پێشــمەرگەژمارە٤٣ تشــرینی دوهــومی ساڵی ٢٠٠٢ بلاوکراوەتەوە.

\




زۆر جار تەواوی دانیشتوانی شارێک
سەر بڕاون و سوتێنراون لەو جەنگانەدا
هەوڵی یەکجارەکی لە ڕیشە دەرهێنانی
گەلانی جەنگاوەر دراوە کار بۆ ئەوە کراوە
ناوی ئەو گەلە هەر نەهێڵن جگە لە داگیرکردنی
ناوچەکەیان و کوشتنی نێرینە و بەدیل گرتنی
ئەوانی تر لە ژن و منداڵ بە جۆرێک پەرتەوازە کراون
وەک ئاردی ناو دڕکیان لێ کردوون فەرهەنگ و
شارستانیەتیان لە نێو براوە لە ناو چەند کۆمەڵێکدا
بزریان کردوون هەر بابەت و کەرستەیەک بوونیان
بسەلمێنێت نەیان هێشتوون تا بە پێیی ڕۆژگار
لە بیر نەماون و لە بیرچوونەوە کە گەلێک
لەو شوێنە ژیاوە

ڕەشید کەرکوکی